# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٠٨ | شەممە، ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٤ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢٥


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا



ڕەنگە سەرەکیترین هۆکاری مانەوەی دەسەڵاتی ئاخوندی بەو چەندایەتی و چۆنایەتییەوە کە هەیە، نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز و جێی متمانە و قەبووڵی خەڵک بێت. فرەڕەنگیی فەرهەنگی و ئێتنیکی بەپێچەوانەی دونیای ئازاد کە دەرفەت و سامانە، لە جیهان سێهەم و دواکەوتوودا فرە قەیرانی بەرهەم دەهێنێت. نایەکگرتوویی کۆمەڵگەی ئێرانی دەرفەتی مانەوە و تەنانەت سەرلەنوێ پێگرتنەوەی دیکتاتۆرییەت ئەرەخسێنێت.

ل ٥



پەسەندکرانی گۆڕینی یاسای مارەیی و لابردنی سزای بەندکران بۆ پیاوان لە کاتێکدایە کە هیچ گۆڕانێک لە یاساکانی بنەماڵە و گەڵاڵەی ئەمنییەتی ژناندا پێک نەهاتووە و ژنان ئەمەیان بە نیشانەی هەڵاواردنی ئاشکرا دژی خۆیان ناو بردووە. هەندێک لە چالاکانی بواری ژنانیش پێیان وایە کە مارەیی لە کاتی ئێستادا تەنیا کەرەستەی بەرگریی ژنان لە بەرانبەر جۆرەکانی توندوتیژیی سیستماتیکە کە بەتایبەت لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەسەریاندا سەپاوە.

ل ٩

# کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی هەموو قەیران و نەهامەتییەکان

## سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەکان بۆ مافەکانیان تەنیا بە ڕووخانی نیزامی ناوەندگەرا بەدی دێ

## مستەفا هیجری: ئامادەیی تەواومان بۆ درێژەدانی خەبات هەیە، بە خەباتی چەکدارییشەوە



**چەند سەرەباسێک لە وتووێژی ماڵپەڕی ئینگلیزیزمانی ”زی ئامارگی“ لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

– چەندی هێژمونیی کۆماری ئیسلامی کەمتر و لاوازتر بێ، هیوا بۆ سەقامگیری زیاتری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەهێزتر دەبێ و سێبەری شەڕ لەسەر ئەم ناوچەیە کەمتر دەبێتەوە و ئەمە بە قازانجی دانیشتوانی ئەو ناوچە و هەموو جیهانە.

– کورد دەبێ سیاسەتەکانی لە ڕاستای ئەو ئاڵوگۆڕانە دابڕێژێتەوە، دووهەم لە نێوخۆیدا لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانی هاودەنگ بن و یەک بگرن، هاودەنگی کورد لە هەر بەشێکدا مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەهرە وەرگرێ بە قازانجی گەل و نیشتمانەکەی.

– ئێمە دەمانەوێ شان بە شانی باقی دانیشتووانی ئێران خەباتی خۆمان جا هەر شێوە خەباتێک دژی ڕێژیم بێ- درێژە بدەین، نەک هەموو باری قورسی تێچووی گیانی بۆ گۆڕینی حکوومەت بخەینە سەرشانی گەلی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئامادەیی تەواومان بۆ درێژەدانی خەبات هەیە، بە خەباتی چەکدارییشەوە.

– لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا سیستمێکی دێموکراتیک بۆ کاری پێکەوەیی لە ئێراندا نەبووە کە خەڵک فێری دیالۆگی بەرهەمدار و بەفەرمی ناسینی لایەنی بەرانبەر بکا، بۆیە هەرکام لەو لایەنانە سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی دێموکراسی و دێموکراتبوون دەکەن، بەڵام لە دەروونی خۆیاندا هەرکامیان دیکتاتۆرێکن کە تەنیا خۆیان و بۆچوونەکەیان لا پەسندە.

– ڕەزا پەهلەوی لەنێو خەڵکی خۆیدا نییە، خاوەن هیچ حیزبێکی سیاسی نییە، هیچ ئەزموونێکشی لە بەڕێوەبەریدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کوڕی حەمەڕەزاشایە کە خەڵکی ئێران ٤٧ ساڵ لەوەپێش ئەو حکوومەتەیان ڕووخاند.

(هەموو وتووێژەکە لە لاپەڕە ٢دا بخوێنەوە)




## ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزب لەسەر

## ناساندنی سپای پاسداران بە ماکەی تێرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن ئۆسترالیاوە

ڕۆژی ٢٧ی نۆڤامبری ٢٠٢٥ی زایینی لە بەیاننامەیەکی هاوبەشی وەزیری نێوخۆ و داواکاری گشتیی وڵاتی ئوستڕالیادا سوپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانی بە فەرمی بە پشتیوان و سپۆنسەری تێرۆریزمی دەوڵەتی ناسێندرا.

ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی ئوستڕالیا پاش ئەوە هات کە لە ساڵی ٢٠٢٤دا هێرش کرایە سەر چەند ناوەند و دامەزراوەیەک لەو وڵاتەدا و دواتر بەڵگەکان دەرخەری ئەوە بوون کە بە پاڵپشتیی سوپای پاسداران کراون. لە ڕاستیدا سوپای پاسداران نەک هەر سپۆنسەر بەڵکوو خوی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە هەتا ئەمرۆ چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دونیای دەرەوەدا سەدان کردەوەی تێرۆریستیی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆی بەڕێوە بردوە و دەکرێ بە گەورەترین ڕێکخراوی تێرۆریستیی جیهان دابندرێ.

ئێمە ئەم هەڵوێستەی دەوڵەت و دەزگای دادی ئوستڕالیا بەرز دەنرخێنین و بە هەڵوێستێکی واقعبینانەی دەبینین. لە هەمان کاتدا هیواداریین دەوڵەتانی دێموکراتیکی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی یەکیەتیی ئورووپا درێژە بەم ڕێچکەیە بدەن کە تا ئێستا چەندین دەوڵەتی دیکەی وەک ئامریکا، کانادا، بێلژیک و هتد گرتوویانەتە بەر. بەم هەنگاوە دەکرێ سنوورێک بو تێرۆریزمی دەوڵەتیی سوپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە ڕاستەوخۆ بە بڕیاری عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم دەجووڵێتەوە دابنرێت و ئاسایش و تەناهیی نێونەتەوەیی زیاتر پارێزراو بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەستەی کارگێڕی
٢٠٢٥/١١/٢٨


٢٦ی سەرماوەز، هەڵهاتنی خۆری ڕزگاریی کوردستان — ئەسکەندەر جەعفەری — ٣

هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید عەلی دۆستی) — برایم چووکەڵی — ٨

لە سۆسیالیزمەوە بۆ ”ڕێگای سێیەم“ — شاڕوخ حەسەنزادە — ٩

چەمکی «دوژمنسازی» لە سیاسەتی ئێراندا: — شەهاب کاکەخزری — ١٠

پرسی ژنی کورد لەنێوان ڕاستی و ئایدیالەکاندا — خالید حەسەنپوور — ١١

## مستەفا هیجری بۆ Theamargi:

# ئامادەیی تەواومان بۆ درێژەدانی خەبات هەیە، بە خەباتی چەکدارییشەوە



**ئاماژە: ماڵپەڕی ئینگلیزیزمانی " زی ئامارگی" وتوویژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە. لەو وتوویژەدا کۆمەڵێک باس و پرسیار لەسەر ڕۆژەڤی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کاک مستەفا هیجری هاتوونە بەر باس. "کوردستان" دەقی کوردیی ئەم وتوویژە بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە:**

**دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێی ناوەتە قۆناغێکی مێژویی نوێ کە چاوەڕێ دەکرێ هاوپەیمانێتییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێ، و باڵادەستیی هێزی ئیقلیمیی نوێ جێبگرن، بەتایبەت سعوودیە و ئیسرائیل. بەڕێزتان تێگەیشتنتان چۆنە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ و پێگەی کورد لەو گۆڕانکارییانەدا؟**

هەر چۆن بۆ خۆتان ئاماژەتان کرد هاوپەیمانییەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زووبەزوو ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، بۆیە جارێ دۆخی سیاسیی ئەو ناوچەیە ناجێگیرە، لەبەر ئەوەش ئێمە بەوردی نازانین گۆڕانەکان بەرەو کوێ دەچن، بەڵام دوورەدیمەنی ناوچەکە بەو ئاڵوگۆڕانەی لە ٧ی ئوکتوبری ٢٠٢٣ەوە تا ئێستا دەیبینین بەرەو گۆڕانێکی قوولی ئەو ناوچەیە، چەقی ئەو گۆڕانە من لە ئاڵوگۆڕ لە دۆخی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەبینم.

ئەم ڕێژیمە کە لە سەرەتای هاتنەسەر کورسی دەسەڵات لە ژێر سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بە تێچوویەکی دارایی و مرۆیی بە هۆی هێزە نیابەتییەکانی وەک حەماس، حیزبوڵڵا، حووسیەکان لە یەمەن، حکومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە ئیسرائیلی بە بازنەیەکی ئاگرین گەمارۆ دا، دەستی بە پیتاندنی وزەی ئەتۆمی کرد، هێزە مووشەکی و درۆنییەکانی ڕۆژبەرۆژ پەرەی پێدا بە دوو مەبەست، یەکەم وێرانکردن و تێکدانی ئیسرائیل و دووهەم، ئەو هێزە نیابەتییانە وەک بەرگریکار بەکار بێنی کاتێک ئێران لە لایەن لایەنێکی دەرەکیەوە بکەوێتە ژێرهەڕەشەوە.

تا ڕوداوی ٧ی ئوکتۆبر ڕێژیمی ئێران ڕۆژبەرۆژ زیاتر پەرەی بە هێز و هێژمونی خۆی دەدا و ببوو بە هەڕەشەیەکی گەورە بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. ئەمریکا و ئۆرووپا لەو ماوەیەدا زۆریان هەوڵ لەگەڵ دا کە سیاسەت و ڕەفتاری ئەو ڕێژیمە بگۆڕن، بەڵام ئەم ڕووداوانە ڕۆژئاوای هێنایەسەر ئەو باوەڕە کە ناکرێ سیاسەتی ڕێژیم بگۆڕن، بۆیە هەنگاوی بەکردەییان هەڵگرت بۆ بچووککردنەوەی تواناکانی ڕێژیم لە هەموو بوارێکەوە. ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران بە پێچەوانەی پێش ٧ی ئوکتۆبر بە تایبەت دوای هێرشی دوازدە ڕۆژەی ئەمساڵی ئیسرائیل و ئەمریکا بووەتە وڵاتێکی تێکشکاو و لاواز، هێزە نیابەتییەکان زەربەی قورسیان وێ کەوتووە، حکوومەتی سووریە کە دەستەمۆی ئێران بوو گۆڕاوە بە حکوومەتێکی دژی کۆماری ئیسلامی کە لە ئێستادا لەگەڵ ئیسرائیل وتوویژ دەکا بۆ ئەوەی بچێتە نێو ڕێککەوتننامەی ئیبراهیمەوە، لوبنان کە لە دەست حیزبوڵڵادا بوو ئێستا بووەتە هاودەنگ لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ چەکداماڵینی، درێژەی ئەم ڕەوتە (لاوازبوونی ئێران) بە کزبوونی هێژمونی ئێران دەزانم و ئەوندەی کە ئەم هێژمونە کەمتر و لاوازتر بێ، هیوا بۆ سەقامگیری زیاتری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەهێزتر دەبێ و سێبەری شەڕیان لەسەر کەمتر دەبێتەوە کە بە قازانجی دانیشتوانی ئەو ناوچە و هەموو جیهانە. کوردستانیش کە لەو ناوچەیە هەڵکەوتووە بێگومان بەهرەمەند دەبێ لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە مەرجێک یەکەم سیاسەتەکانی لە ڕاستای ئەو ئاڵوگۆڕانە دابڕێژێتەوە، دووهەم لە نێوخۆیدا لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانی هاودەنگ بن و یەک بگرن، هاودەنگی کورد لە هەر بەشێکدا مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەهرە وەرگرێ بە قازانجی گەل و نیشتمانەکەی.

**ئێران تا شەڕی ١٢ ڕۆژە، وەک هێزێکی کاریگەریی هەرێمیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مامەڵەی دەکرد، بەڵام ئێستا ئێران هەم شکستی هێنا لە پێشخستنی توانا ئەتۆمییەکانی، هەم هێز و میلیشیا نادەوڵەتییەکانی لاواز و بێ کاریگەری خران، هەمیش توانا موشەکییەکانی سنوردار کران، بەڕێزتان پێتان وایە ئێران جارێکی دیکە بتوانێت ئەو پێگەیە بەدەست بێنێتەوە کە پێشی ٧ی ئۆکتۆبەر هەیبوو؟**

وەک لە بەشێک لە وڵامی پرسیاری یەکمدا باسم کرد، من وای دەبینم ئێستا دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ تاقیکردنەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی چی دیکە ڕێگە نادەن ئەو ڕێژیمە بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی پێش ٧ی ئوکتۆبر. بەتایبەت کە گەندەڵی سیستماتیک، کەمبوونی وزەی کارەبا، کەمئاویی و باقی خزمەتگوزارییەکان لە لایەک و دابەزینی بایی دراوی ئێران، قەیرانی بێکاری و هەڵاوسان هاوشان لەگەڵ سەرکوتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری ئازادییەکان، تووڕەیی و بێزارییەکی بێوێنەی لە نێو خەڵکی ئێراندا بەتایبەت نەتەوەکانی نافارس پێک هێناوە کە باوەڕیان بە ڕێژیم نەماوە، لە لووتکەی دەسەڵاتیش ئێستا ئەم دۆخە بووەتە هۆی پێکهێنانی دووبەرەکی کە بە ئاشکرا دژی یەکتر قسە دەکەن.

**ئێوە لە ٢٠١٥دا "ڕاسان"تان ڕاگەیاند و چەند چالاکییەکی سەربازییتان ئەنجام دا لە کاتێکدا ئێران لە لوتکەی بەهێزیدا بوو، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردودا، چ لە کاتی شۆڕشی ژینا و چ لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا، ئێوە تا ڕادەیەک خۆتان دورگرت لە چالاکیی سەربازیی. ئەو خۆدورگرتنە بڕیارێکی سیاسیی ستراتیژیی یەکلاکەرەوەیە کە ناتانەوێ شەڕی چەکداری دەست پێ بکەنەوە یا نادڵنیا بون لەوەی دەتوانن سەرکەوتوو بن بە هۆی ئەوەی بەتەواوی ئامادە نەبوون؟**

ئێمەی کورد یان هەرکام لە نەتەوە بندەستەکان بە تایبەت نەتەوەی کورد لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا زۆرترین قوربانیمان لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیم داوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هیچکام لەو نەتەوانە بەتەنیا ناتوانن ڕێژیم بگۆڕن، بەتایبەت کە سەبارەت بە کوردەکان زۆر قین لەدڵە، هەمیشە ئامادەیە بە هەر بیانوویەک قینی دڵی خۆی بەسەر کورددا بڕێژێ، بۆیە لە بزووتنەوەی چەکداریی ئێمەدا خەڵکەکەمان تێچووی گیانیی زۆر دەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ شان بە شانی باقی دانیشتووانی ئێران خەباتی خۆمان - جا هەر شێوە خەباتێک دژی ڕێژیم بێ - درێژە بدەین، نەک هەموو باری قورسی تێچووی گیانی بۆ گۆڕینی حکوومەت بخەینە سەرشانی گەلی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئامادەیی تەواومان بۆ درێژەدانی خەبات هەیە، بە خەباتی چەکدارییشەوە و بەردەوامین لە بردنە سەری ئەو توانایە. ڕاستییەکی دیکەش لەو پێوەندییەدا ئەوەیە لەم سەردەمەدا خەباتی مەدەنی و ڕێکخراوەیی لەگەڵ ئەوەی تێچووی گیانی کەمترە، بەڵام شوێندانەری زیاترە لە کۆمەڵگەی جیهانیشدا پەسندترە، بۆیە ئێمە لە ئێستادا زۆرتر لەسەر ئەم شێوە خەباتە کار دەکەین و پەرەی پێ دەدەین.

**لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئێران و عێراق بە بەشداریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەندین ڕێککەوتنی ئەمنییان بۆ سنووردارکردنی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واژۆ کردووە. لە دوای جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانە، چالاکیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات سنووردارتر کراوە، ئایا مەترسیی ئەوەتان لەسەر نییە ئەو ڕێککەوتنانە وا بکەن بە تەواوی سنوردارتان بکەن؟**

ئەوەی لەو ڕێککەوتننامانەدا تا ئێستا چالاکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی سنووردار کردوە چالاکی چەکدارییە، شێوەکانی دیکەی خەبات لە لایەن هەرکام لەو لایەنانە بە گوێرەی توانا و بەرنامەی کارییان بەڕێوە دەچێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەر بەوندەوە نەوەستاوە و گوشار بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا دێنێ لەو وڵاتە جێگەمان نەمێنێ، بەڵام ئێمە خۆڕاگریمان کردووە، بە دووری دەبینم لەوە بەدواش کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ناوچەکە بە ئێراقیشەوە لاواز بووە لەو پێوەندییەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

**بە سەرنجدان بە قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، پێدەچێت ئەم وڵاتە لەبەردەم قەیران و ڕووداوی قووڵتردا بێت، بۆ نمونە قەیرانی ئاو. ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پلانێکی تۆکمەی ئامادە کردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەو قەیرانانە و لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی سیاسی لە داهاتوودا، پلانی حیزب بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی کۆمەڵایەتی-سیاسی ئێران چییە؟**

بەڵێ، ئێمە لە کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتییماندا ئەگەرەکانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ئێرانمان باس کردووە و بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک بەرنامەی گونجاومان دیاری کردووە و کاریان لەسەر دەکەین.

**لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ڕەخنە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕێکخستن و تیشک خستنە سەر داواکارییە مێژووییەکانی کورد، بەڵام دوای ڕاپەڕینی ئەم دواییە، ئەم ناوەندە بە کردەوە هەڵوەشایەوە. گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی چین؟**

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵ بەردەوام بوو، هەنگاوی باشی لە بەرەوپێشبردنی خەباتی بەکۆمەڵی حیزبەکانی ئەندام هەڵگرت، بەڵام دوای ئەوە بە هۆی هێندێک گرفتی نێوخۆیی پەکی کەوت. بەڵام لە مانگەکانی سەرەتای ئەمساڵدا حیزبی دێموکرات دەستپێشخەریەکی دیکەی کرد بۆ کۆکردنەوەی حیزبەکانی خۆرهەڵات بۆ جارێکی دیکە لە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەش. بەخۆشییەوە ئەم هەنگاوە لەگەڵ پێشوازیی لایەنەکانی دیکە بەرەوڕوو بۆوە و تا ئێستا چەندین کۆبوونەوەی لەسەر پێکهاتووە و بۆچوونەکان بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ کاری پێکەوەیی زۆر لێکنزیک بوونەتەوە، پێموایە لە داهاتوویەکی نێزیکدا بە ئاکامی کۆتایی دەگەین و ئەم هاوکارییە دەست پێ دەکەینەوە.

**لە دوای شۆڕشی ژیناوە، هەوڵێکی زۆر درا تا ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بتوانێت پێکەوە هەنگاوی هاوبەش بنێن و ئەلتەرناتیڤێکی سیاسیی پێش بخەن، بەڵام نەتوانرا لەسەر ئەلتەرناتیڤێک بۆ داهاتوی ئێران ڕێک بکەون. ئایا کێشە سەرەکییەکان چین کە تا ئێستاش نەتوانتوانیوە پارادایمێکی نوێ دابمەزرێنن لەنێوان خۆتاندا؟**

ڕاستییەکەی نەبوونی کۆدەنگی لە نێوان هێزەکانی ئێرانی یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەڵاتە، نەبوونی ئەو کۆدەنگیەش لە لایەکەوە خەڵکی ئێرانی نیگەران کردووە لە داهاتووی ئێران لە دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی، لە لایەکی دیکەوە ئەو لایەنە نێودەوڵەتییانەی کە خوازیاری یارمەتیدانن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم نازانن دەبێ لەگەڵ کام لایەن گفتوگۆ بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە و بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە حیزبی دێموکرات چەند ساڵێکە لەگەڵ حیزبەکانی بڵێم فارسی لە وتوویژدایە، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتنمان بەدەست نەهێناوە. هۆکەیشی لەوەدا دەبینم لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا سیستمێکی دێموکراتیک بۆ کاری پێکەوەیی لە ئێراندا نەبووە کە خەڵک فێری دیالۆگی بەرهەمدار و بەفەرمی ناسینی لایەنی بەرانبەر بکا، بۆیە هەرکام لەو لایەنانە سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی دێموکراسی و دێموکراتبوون دەکەن، بەڵام لە دەروونی خۆیاندا هەرکامیان دیکتاتۆرێکن کە تەنیا خۆیان و بۆچوونەکەیان لا پەسندە. مەبەستم ئەوەیە ئەو خەڵکە فێری کاری هاوبەش نەبوون و حیزبایەتی لەو سەدەیەدا ئازاد نەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات سەرکەوتوو بووە لە پێکهێنانی یەکگرتوویی لە نێوان حیزبەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەک کوردەکان، عەرەب، بەلوچ و تورکمەن. چەند ساڵێکە یەکگرتنێکمان پێکهێناوە بە ناوی (کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ) کە لە کۆی حیزبەکانی ئەم نەتەوانە پێکهاتووە. هەروەها پلاتفۆرمێکی دیکە بە ناوی (هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێراندا) کە بەرنامەی هاوبەشمان هەیە بۆ خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**هەڵوێستی حیزبی دێموکرات چییە سەبارەت بە هەوڵەکانی هەندێک وڵات وەک ئیسرائیل بۆ بەرزکردنەوەی هەندێک کەسایەتیی ئۆپۆزسیۆن لەوانە ڕەزا پەهلەوی وەک سەرۆکی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن؟ ئایا ئەم دەستێوەردانانە بووەتە هۆی بەهێزبوونی هاوکاری نێوان ئۆپۆزسیۆن یان ناکۆکیەکانیان زیاتر کردووە؟**

ئێمە لەو باوەڕەداین کە کەسایەتیی کاریزما بە کار و تێکۆشانی بەردەوام، ئەزموون و بەڕێوەبەری لە نێو خەڵکدا سەرهەڵ دەدا، نەک بە بانگەشەی ڕاگەیاندن یان ژێربالگرتنی دەوڵەتێک و لایەنێک. ڕەزا پەهلەوی لەنێو خەڵکی خۆیدا نییە، خاوەن هیچ حیزبێکی سیاسی نییە، هیچ ئەزموونێکشی لە بەڕێوەبەریدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کوڕی حەمەڕەزاشایە کە خەڵکی ئێران ٤٧ ساڵ لەوەپێش ئەو حکوومەتەیان ڕووخاند. ئێستاش کە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لەو ماوەیەدا بە دەیان هەزار قوربانییان داوە بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە ڕێژیمێکی پاشایەتی دانامەزرێننەوە. بەم هۆیانەشەوە بوونی ئەو بەرێزە نەک هەر یارمەتیدەری یەکریزی نێوان ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون و خەڵک نەبووە، بەڵکوو یەکێک لە هۆیەکانی زیاتربوونی ناکۆکییەکان لە نێوان ئەواندا بووە.

**لە کاتێکدا ئەمریکا توانا ئەتۆمییەکانی ئێرانی لەکارخست، داوای ڕێککەوتنیش لە ئێران دەکات و سەرۆک ترامپ لە دیدارەکەی لەگەڵ محەمەد بن سەلمان ئەوەی دوپاتەکردوە. ئایا ئەمریکا و وڵاتە ئەوروپییەکان هیچ دانیشتنێکیان لەگەڵ ئێوەدا هەبوە بۆ ئەوەی لێکتێگەییشتنێک هەبێ لەبارەی داهاتوی ئێران؟ ئەوان چۆن دەتوانن ببنە هۆی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێران لە دەرەوەی پرسی سەربازی؟**

یەکێک لە نیگەرانیەکانی ئەمریکا و ئوروپا نەبوونی یەکریزی لەنێو ئۆپۆزیسیونی ئێران و لە ئاکامدا نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی جێگای پەسند لە لایەن ئەو وڵاتانە و خەڵکی ئێراندایە. وڵاتانی ڕۆژئاوایی نازانن دوای ڕووخانی ڕێژیم، دۆخی ئێران بە چ بارێکدا دەکەوێ، بەتایبەت کە ئەوان ئەزموونی ناسەرکەوتووی یارمەتیدان بۆ ڕووخاندنی هێندێک لە حکومەتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچە وەک ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران، بەعس لە ئێراق و تەنانەت ئەفغانستانیان هەیە، بۆیە لەو باوەڕەدام کە تا ئێستا ڕۆژئاواییەکان لێ نەبڕاون کە بەرنامەیەک بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دابنێن، بەڵکوو جارێ کار و تێکۆشانی خۆیان چڕ کردووەتەوە سەر وتوویژ لەگەڵ ئێران و سەپاندنی ویست و داخوازەکانیان بەسەریدا بۆ ئەوەی مەترسییەکانی بۆ سەر ناوچە و بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچە و لەو وڵاتانەدا کەم بکەنەوە. ڕەنگە هەر بەم هۆیەش بێ کە تا ئێستا هەوڵێکی جیدییان نەخستووەتەگەڕ بۆ دانیشتن و چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێران و یەک لەوان حیزبی دێموکرات بە مەبەستی دانانی بەرنامە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئێران.

**لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا، باس لە کۆمەڵێک گفتوگۆی ڕەسمی و نارەسمی کراوە لەنێوان ئێوە وکۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەتایبەت گفتوگۆکانی ئۆسلۆ زیاتر بونە جێی سەرنج. ئایا لە ئێستادا هیچ گفتوگۆیەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی لە ئارادایە بۆ ڕێککەوتن؟**

ڕاستە ئێمە ئەوکات وەک ناوەندی هاوکاری بە ناوەندیگیریی لایەنێکی نورویژی ئامادە بووین بە مەبەستی دیتنەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد بکەوینە وتوویژ، بەڵام لە ڕەوتی کارەکەدا بۆمان دەرکەوت کە ڕێژیم تەنیا مەبەستی کات کوشتنە و هیچی پێ نییە، لە ئاکامدا کارەکە کۆتایی هات و ئێستاش هیچ وتوویژێک لە نێوانماندا نییە.

**ئەگەر گفتوگۆ هەبن داواکارییە سەرەکییەکانی ئێوە لە کۆماری ئیسلامیی چین تا بتوانن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ڕێک بکەون؟ ئایا ئامادەییتان تێدایە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گفتوگۆی ئاشتی دەستپێبکەن وەک چۆن گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان کورد و دەوڵەتی سووریە و کورد و دەوڵەتی تورکیا لە ئارا دان؟**

داواکاری ئێمە لە حکوومەتی تاران (جا هەر حکوومەتێک بێ) ئەوەیە کە وەکوو ئێستا هەموو دەسەڵاتی ئێران لە تاران دەستی بەسەردا نەگیرێ، بەڵکوو ئەو دەسەڵاتە دابەش بکرێ، کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران بە شێوەیەکی یاسایی لە بەڕێوەبردنی حکوومەتی ئێران بەشدار بن و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی حکوومەتە خۆجییەکان بەدەست نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە بێ. زمانی ئەو نەتەوانە لە ناوچەی خۆیان فەرمی بێ، چالاکی حیزبەکان بەفەرمی بناسرێ بەگشتی پێمان وایە ئەو داخوازییانە لە ئێرانێکی دێموکراتی، فیدراڵی و سیکۆلاردا وەدی دێ. ئەو کاتەیە کە هەموو ئەو نەتەوانە، ئێران بە مولکی خۆیان دەزانن و هەموویان بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشبردنی تێدەکۆشن و شتێک بە ناوی ناوەند و پەراوێز نامێنێ.

***

# ژنان نەک پاشکۆ، بەڵکوو پێشەنگ و بزوێنەری شۆڕش و گۆڕانکارین

## پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کونگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ئامادەبووانی هێژا!**
**بەڕێزان ئەندامانی بەڕێوەبەری!**

نوێنەرانی بەڕێزی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بە ناوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتانەوە، ئاراستەی ئێوە ئەندامانی کۆنگرە و لە ڕێگەی ئێوەشەوە هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ژنان دەکەین و هیوا دەخوازین کۆنگرەکەتان لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێت.

بێگومان پەرەسەندنی ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە ڕەوتی فرەڕەهەندی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە مێژووی هاوچەرخ، یەکێک لەو گۆڕانکارییە جەوهەرییانە بوو کە ڕەورەوەی ژیانی مرۆڤی لە تاریکایی سەدەکانی نێوەڕاستەوە بەرەو پێشکەوتن و ڕۆشنگەری و شارستانیەتی مۆدێرن پاڵ پێوە نا و خوێندنەوەی مێژووی خەباتی ژنان بۆ دابینکردنی یەکسانی و ئازادی و کەرامەتی مرۆیی لە وڵاتانی جیهاندا، یارمەتیدەری سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە.

لە کوردستاندا، ژنی کورد لەمێژە وەک کۆڵەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی لە بەرهەمهێنان و کار و خەباتدا گێڕاوە و نموونە درەوشاوەکانی ژنانی هەڵکەوتوو و بلیمەتی کورد وەک خانزادی سۆران، عادلە خانم، حەپسەخانی نەقیب، مەستوورەی ئەردەڵان، جەهانارا خانمی پاوەیی، قەدەمخێر خانم و فاتەڕەش و دەیان ژنی بژاردەی دیکە لە مێژووی شۆڕش و تێکۆشانی سیاسی و کولتووریی گەلەکەماندا، دەسەلمێنن کە خەباتی ژنی کورد بە درێژایی مێژوو جیا لە خەباتی نەتەوەکەمان بۆ پاراستنی شوناس و دابینکردنی سەروەری نەبووە.

بوونی وەها ژنانێک نیشاندەری ئەو ڕاستییە بووە کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا سەرەڕای بوونی هێندێک دابونەریتی خێڵەکی و نۆرمی پیاوسالارانەی سەردەمی پێش مۆدێرنیتە، خەبات و بەرخۆدانی ژنانیش بەشی حاشاهەڵنەگری ڕاستییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بووە.

هەر بۆیە لە بەرەبەیانی لەدایکبوونی یەکەم کۆماری مۆدێرنی کورددا لە مەهاباد، ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دێموکراتیش، بە تێگەیشتنی ئەمرۆییانە لەو پۆتانسیلەی کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ هێنانەپێشی ژنان لە ڕەوتی ژیانی سیاسیدا هەنگاو هەڵدەگرن و دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە تێکۆشەرەی ئێوە، لە سەردەمێکدا کە لە ناوچەکانی دیکەی دراوسێی کوردستاندا ژن هێشتا وەکوو کۆیلە و ڕەگەزی ژێردەست هەژمار دەکرا، دەبێ وەکوو بەشێکی زۆر گرینگ لە شانازییەکانی کۆماری کوردستان وحیزبی دێموکرات لە بەرچاو بگرین.

لە ماوەی ئەم هەشتا ساڵەی دوای کۆماریشدا ژنان توانیویانە سەرەڕای هەموو سەرکوت و کۆت و بەندەکان، لە خەبات بۆ وەدیهێنانی دادپەروەری و ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەییدا ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن و جێگە و پێگەیان لە هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەشداریی چالاکانەیان لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا بۆتە نموونەیەکی هەرەدیاری ئازایەتی و تێگەیشتوویی و وریایی ژنان لە ئاستی جیهانیشدا.

دیارترین نموونە لەم پێوەندییەدا بزووتنەوەی ژینا بوو کە هەر لە یەکەم چرکەساتەوە بە خوێنی پاکی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد و لە درێژەدا کچان و ژنانی کورد شانبەشانی پیاوان لە ماوەیەکی کورتدا بە دروشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی" و دروشمە هێماییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان توانیان وڵاتەکەمان بکەنە گۆڕەپانی حەماسەیەکی مەزن و ببنە پێشەنگی ڕاپەڕینی سەرانسەریی هەموو گەلانی ئێران دژ بە کۆنەپەرەستی و فاشیزمی کۆماری ئیسلامی. ڕاپەڕینێک کە کۆماری ئیسلامیی تا لێواری ڕووخان برد و ژنان لەو بزووتنەوەیەدا کە ڕێز و سەرنجی هەموو جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، سەلماندیان کە لە ڕەوتی خەبات بۆ گەیشتن بە مرۆڤسالاریدا نەک پاشکۆ و بەشێکی لاوەکی، بەڵکوو پێشەنگ و بزوێنەری شۆڕش و گۆڕانکارین و جیهان دەبێ تێ بگات کە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باو لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، ژنی کورد بە چاوکراوەیی، ئازایەتی و ئیرادەی سیاسیی پۆڵایینی خۆی دەتوانێ ڕۆڵی پێشەنگ و ڕێنیشاندەر لە خەباتی نەتەوەکەیدا بگێڕێت و قورسایی و ئیعتیبارێکی چەندقات بە ڕیزەکانی بەرەی دژە کۆنەپەرەستی و بناژۆخوازی لە وڵاتەکەمان کوردستان و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدات.

لە وەها هەلومەرجێکدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ڕێکخراوێکی خاوەن پێگە و ڕابردووی سیاسیی دەوڵەمەند، کە لە ژنانی ئازادیخواز و دێموکراتی نەتەوەکەمان پێک هاتووە، دەتوانێ و دەبێ بە خوێندنەوەی دروست و واقیع بینانە بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمان و هەڵسەنگاندنی مەیدانیی هەمەلایەنە، ئەرکی قورسی بە ڕێکخراوەییکردنی هەرچی زیاتری هەوڵەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دابینکردنی مافە تایبەتەکانی خۆیان وەکوو ژن و گەیشتن بە لووتکەی مافخوازیی نەتەوەیی و کەڵک وەرگرتن لە لێهاتوویی و تواناکانی ژنان لەو پێناوەدا وە ئەستۆ بگرێت.

بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرینگە کە کۆنگرەکەتان بکەنە سەکۆیەکی سەرکەوتن و بناغەیەکی پتەو بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی تۆکمە و هەڵبژاردنی کەسانی کارامە و لێهاتوو لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە قورسەدا. لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک پرەنسیپ و باوەڕی قووڵی هەمیشەیی خۆی، یارمەتیدەر و پاڵپشتی ئێوە و هەوڵەکانتان دەبێت و سەرکەوتنی ئێوە بە هەوێن و نیشانەی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان و دوارۆژی ڕوون بۆ کۆمەڵگاکەمان دەزانێت.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی دەستپێکردنی کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوەکەتانەوە، هیواخوازین کۆنگرەکەتان لە کەشێکی هاوڕێیانە و دێموکراتیکدا بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت و ببێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ خەباتی پڕشانازیی ژنانی وڵاتەکەمان و بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەرز و پیرۆز بێت کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی ژنانی کوردستان دژ بە چەوسانەوە و کۆنەپەرەستی

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی**



شایانی باسە ڕۆژی هەینی، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٤، پێنجهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "کۆنگرەی ژنانی پێشەنگ" و بە دروشمی "پەیامەکانی بزووتنەوەی ژینا دەکەینە هەوێنی خەبات و تێکۆشانمان"، بەڕێوە چوو.

ڕەوتی کارەکانی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە دانی دەنگی ڕەوایی بە کۆنگرە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، دەستی پێ کرد و دوای چەندین کاتژمێر کاری چڕوپڕی پڕ لە باس و لێکدانەوە و ڕەخنە و پێشنیار لەسەر بەڵگەنامەکانی کۆنگرە و ڕاسپاردەکان، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەریی نوێ بۆ ڕێکخراوەکە، سەرکەوتووانە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

دوای هەڵسەنگاندن و باسکردن لەسەر پێشنیار، ڕەخنە و تێبینی و ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان کە لە کەشوهەوایەکی تەواو دێموکراتیکدا هاتنە بەر باس، ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بۆ کۆنگرە، بەڵگەنامەکانی کۆنگرە؛ بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی یەکیەتیی ژنان و ڕاسپاردەکان، پەسەند کران.

لە برگەی کۆتایی کاری کۆنگرەدا و لە ڕەوتی هەڵبژاردنێکی ئازاد، نهێنی و دێموکراتیکدا، بە سەرپەرەستی و چاودێریی ناوەندی هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەسڵی و جێگرەکان لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵبژێردران و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی تازە هەڵبژێردراو، لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکرای دەنگ، خاتوو شنە درووگەری وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژارد.

شایانی باسە پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو شوێنی جیاواز، بەڵام هاوکات و بە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر، بە بەشداریی ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنگرە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەڕێوە چوو.

***

# ٢٦ی سەرماوەز، هەڵهاتنی خۆری ڕزگاریی کوردستان



ئەسکەندەر جەعفەری

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بۆ نەتەوەی کورد تەنیا ڕۆژێکی ئاسایی نیە، بەڵکوو ڕۆژێکە لە یادەوەریی بەکۆمەڵی ئەم نەتەوەیەدا وەک سیمبۆلەکانی ئازایەتی، ناسنامەپارێزی و باوەڕبەخۆبوون و تێکۆشانی بەکردەوە بۆ ئازادی هەرمان ماوەتەوە. لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەم جار لە شاری مەهاباد ئاڵای کوردستان لە لایەن هێزەکانی نیشتمانپارێزی کوردستانەوە هەڵ کرا.

ئەو ساتەوەختە تەنیا سەرەتای ئەزموونێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو لەدایکبوونەوەی دووبارەی خەونێک بوو کە چەندین سەدە لە شاخ و دۆڵ و گوندەکانی زاگرۆسدا شاردرابۆوە. ئەو خەونەی کە کورد بتوانێت بە زمانی خۆی بدوێ، شانازی بە کولتوورەکەی بکات و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد تەنیا بزووتنەوەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو هاوارێک لە دڵی کۆمەڵگەیەکەوە بوو کە چەندین سەدە گیرۆدەی هەڵاواردنی چینایەتی و قڕکردنی کولتووری و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بوو کە داگیرکەر بەسەری هێنابوو. لەو ڕۆژانەی هێشتا ئێران لە قەیرانەکانی سەردەمی دوای شەڕی جیهانیی دووهەمدا بوو، کورد بۆ یەکەم جار دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی دەست کەوت و ئەو دەسەڵاتەی لەسەر بنەمای دادپەروەری، پەروەردە و یەکسانی دامەزراند. لە ڕۆژگارێکدا کە جوولەکە لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە کۆمەڵکوژ دەکران و قوربانیی هۆلۆکۆست بوون، کۆماری کوردستان هەموو مافێکی ئایینی و نەتەوەیی بۆ کەمینەی جوولەکەی کوردستان چەسپاندبوو.

ئەم کۆمارە هەرچەندە تەمەنی کورت بوو، بەڵام بوو بە وەرچەرخانێکی مێژوویی کە نەک هەر ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی کوردی لەخۆ دەگرت، بەڵکوو وەک مۆدێلێک بۆ یەکەمین دەسەڵاتی مۆدێرن لەنێو نەتەوە بێدەوڵەتەکانی ناوچەکەدا بوو. ئاڵای کوردستان لە لایەن پێشمەرگەوە هەڵ کرا، بەڵام پێشمەرگە لە ڕاستیدا تەنیا هێزێکی سەربازی نەبوو. ئەوان کوڕی خەڵکی چەوساوە، کرێکار، مامۆستا، ڕۆشنبیران و هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بوون کە وەڵامی بانگەوازیی قازی محەممەدیان دایەوە. وشەی "پێشمەرگە" لە زمانی کوردیدا بە واتای ئەو کەسە دێت کە لە بەردەم مەرگدا وەستاوە و ئەم دەربڕینە گوزارشت لە ڕۆحی ڕاستەقینەی کوردایەتی لەو سەردەمەدا دەکات. ئەوان چەکیان هەڵگرت نەک بۆ پارە و دەسەڵات، بەڵکوو بۆ پاراستنی شەرەف و ناسنامە و خاکەکەیان. هەر کام لە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان واتایەکی قووڵی هەیە: سەوز بۆ ژیان و دەشتە بێکۆتاکانی کوردستان، سپی بۆ هیوای ئاشتی و ئازادی، سوور بۆ خوێنی شەهیدان، خۆری زێڕین لە ناوەڕاستیدا بۆ ڕووناکی و هیوا. ئەم خۆرە یادگاریی هەزاران ساڵەی ڕەگ و ڕیشەی شارستانییەت و کولتووری خەڵک لەم خاکەیە. ئەم ئاڵایە لای نەتەوەی کورد بەڵگەنامەی حاشاهەڵنەگری نەتەوەیەکە کە بە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی ئینکار و ئاسیمیلەکردنی کولتووری، خۆی بە زیندوویی هێشتوویەتییەوە.

کۆماری کوردستان توانیی هاوسەنگی لە نێوان ئاغا و دەرەبەگەکان پێک بێنێت و پەروەردە بە زمانی دایکی، چاپکردنی ڕۆژنامە و کتێبی کوردی، دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری، بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشێکی دیکە لە دەستکەوتەکانی ئەو سەردەمە بوون. هەروەها بۆ یەکەمین جار ژنانی کورد لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشدارییان کرد و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکاندا هەبوو. ئەم کردەوانە تەنیا نیشانەگەلی ئایدیالیزم و هیوا نەبوون، بەڵکوو بەڵگەی هەوڵدان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و زیندوو بوون. بەڵام ئەم ئەزموونە ئازادیخوازییە بە هێرشی ئەرتەشی پەهلەوی بۆ سەر شاری مەهاباد کۆتایی پێ هات. قازی محەممەد سەرۆککۆماری کوردستان دەستبەسەر کرا و دواتر لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد لە سێدارە درا. بەڵام شەهیدبوونی قازی محەممەد و ڕووخانی کۆماری کوردستان کۆتاییی خەونی نەتەوەی کورد نەبوو. بەپێچەوانەوە، بوو بە ئەفسانەیەک کە نەوەکانی دواتری کورد وانەی کوردایەتییان لێ وەردەگرت. دەیان ساڵ دواتر و ئێستاش ئاڵای کوردستان لە شاخ و شارەکانی ئەم خاکەدا دەشەکێتەوە. لە هەموو خۆپیشاندانێکدا کە دژ بە داگیرکەرانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەم ئاڵایە بەرز دەکرێتەوە و ئەو ڕۆژە مێژووییە زیندوو دەبێتەوە.

ئەمڕۆ لە ساڵی ١٤٠٤دا جیهان و ناوچەکە گۆڕانکاری بە خۆیانەوە دەبینن، بەڵام زۆربەی ئەو هەلومەرجانەی کە بوونە هۆکار تا نەتەوەی کورد دەست بە خەبات بکات، هێشتا بەردەوامن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵاواردن، هەژاری، بێکاری و چەوساندنەوەی کولتووری و سیاسی تا ئێستاش واقیعی ژیانە. لەم نێوەشدا ٢٦ی سەرماوەز هێشتا وەک مەشخەڵێک دەدرەوشێتەوە. لە شۆڕشی ژینادا دیتمان کە "ژن، ژیان، ئازادی" جارێکی دیکە هەمان ئەو هیوا و ئاواتانەی بیر خستەوە کە کۆماری کوردستان لەسەر ئەو بناغەیە دامەزرابوو. ئەم دروشمە لە نێوەڕۆکی خۆیدا هاواری دادپەروەریی چینایەتی و مافی چارەی خۆنووسین دەکات. بۆ زۆرێک لە چاودێران، بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، تەنیا بزووتنەوەیەکی سیاسی نەبووە، بەڵکوو بەشێک لە خەباتێکی فراوانتر لە دژی ستەمکاری و کۆلۆنیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. سەرکردەکانی وەک دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە هەوڵی هاوسەنگکردنی شوناسی نەتەوەیی لەگەڵ ئاواتە سۆسیالیستییەکانیان دەدا، لە هیوابەخشین بۆ نەوەی نوێ بەردەوامن. ئەم نەوەیە پێی وایە هیچ شتێک ناتوانێت جێگەی مافی چارەی خۆنووسینیان بگرێتەوە. ئەمڕۆ ئاڵای کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا، لە باکوورەوە تا باشوور، وەک یەکێک لە پایە و ڕەمزەکانی خەباتی کورد لە دژی داگیرکەران بەرز دەکرێتەوە. لە گوند و شارەکاندا و لە زانکۆ گەورەکاندا، لە یادی شەهیدان و لە خۆپیشاندانی سەر شەقامەکاندا، ئاڵای کوردستان یەک پەیامی هەیە. ئەویش ئەمەیە کە ئەم ئاڵایە لە لایەن پێشمەرگەوە هەڵ کرا و کەس ناتوانێت ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان لە دڵی نەتەوەی کورددا بسڕێتەوە. هەر جارێک کە ئەم ئاڵایە دەشەکێتەوە، وەک ئەوە وایە دەنگدانەوەی دەنگی ئەو پێشمەرگانە بێت کە لە چیای زاگرۆس گیانی خۆیان بەخشی بۆ ئەوەی دوارۆژێکی ئازادتر بۆ منداڵەکانیان دروست بکەن. ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، بیرهێنەری ئەو ڕاستییەیە کە مێژوو لە لایەن زلهێزەکانەوە نانووسرێت، بەڵکوو لە لایەن ئەو خەڵکەوە دەنووسرێتەوە کە لە خەباتی خۆیدا بەردەوامە. ئەم ڕۆژە بانگهێشتێکە تا گەنجەکان بزانن ئازادی و ناسنامە لە ڕێگەی بەرخۆدان و وشیارییەوە بەدەست دێت نەک لە بێهەڵوێستییەوە.

ئەو ئاڵایەی لە زستانی ساردی ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد هەڵ کرا، تا ئێستاش دەدرەوشێتەوە، چونکە خۆرەکەی لە دڵی میلیۆنان کەسدا گەشاوەیە. لەم ڕۆژەدا هەر کوردێک چ لە شار و گوندەکان بێت، چ لە چیای زاگرۆس یان لە ژیانی دووروەڵاتیدا، دڵی بە ئاراستەیەکدا دەڕوات. بۆ مەهاباد، بۆ ئەو ساتەی کە ئاڵای کوردستان لە لایەن پێشمەرگەوە هەڵ کرا و بۆ ئەو دەنگەی کە تا ئێستاش دەڵێت: "کوردستان لەسەر دەستی پێشمەرگە ئازاد دەکرێت".

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی

## "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

✍️ ڕەحیم نزهەتزادە

کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بـواری پـەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" نوێترین بەرهەمی زانستیی هێژا دوکتور قادر وریایە، کە لە ساڵی ٢٠٢٥لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان (تیشک) لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوکـراوەتـەوە. ئەم کتێبە بە یەکێک لە گشتگیرترین لێکۆڵینەوەکان دادەنرێت، کە لەسەر سیاسەتی زمان لە ئێران و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دراوە. زۆر هێژا دوکتور قادر وریا، بە ڕوانگەیەکی زانستی و ڕەخنەگرانە، هەوڵی داوە لە ژێر ڕۆشنایی تیئۆرییە نوێیەکانی سیاسەتی زماندا، پەروەردەی زمانی دایکی وەک مافێکی بنەڕەتی ئینسانی و پەروەردەیی بپشکنێت.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیشان دەدات، کە چۆن پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدئۆلۆژی لە ئێراندا، کە بە هۆی فۆکوسی زمانەوانی، چۆن پـەروەردەی گۆڕیوە بۆ ئامرازێکی هێژموونی کولتووری. بە کەلکوەرگرتن لە تیئۆریی "هێژموونیی زمانەوانی" (فیلیپسۆن، ١٩٩٢) و دیدگاکانی "دادپەروەری زمانەوانی" (سکوتناب-کانگاس، ٢٠٠٠) ڕوونی دەکاتەوە، کە قۆرخکاریی زمانی فارسی لە سیستەمی پەروەردەیی ئێراندا، تەنیا پرسێکی پەروەردەیی نیە، بەڵکوو دیاردەیەکی سیاسی و ئایدئۆلۆژیشە، کە بە میکانیزمی سازوکارەکانی دەستەڵات بەستراوتەوە. لە ڕوانگەی نووسەرەوە، سیاسەتی تاک زمانی، نەک هەر بووەتە هۆی نایەکسانی پـەروەردەیـی، بەڵکوو وردە وردە ناسنامەی کولتووری نەتەوە غەیرە فارسەکانیشی لاواز کردوە (وریا، ٢٠٢٥: ٥-٧).

پێکهاتەی کتێبەکە لە شەش بەشدا ڕێک خراوە. بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ بناغە تیئۆرییەکان، کە لە چەمکەکانی وەک زمان، شوناس، دەسـەڵات و ئایدئۆلۆژیا لە پێوەندی لەگەڵ پـەروەردەدا دەکۆڵێتەوە. نووسەر لە بەشی دووەمـدا شیکاری بۆ زمـان، دەوڵـەت و نەتەوە دەکـات، و لە ڕوانگـەی مێژوویشەوە، بـەدوواداچـوون بۆ پرۆسەی پێکهاتنی سیاسەتی زمانەوانی، لە سەردەمی قاجارەوە تا ئێستای ئێران دەکات. لە بەشی سێهەمدا ڕەخنە لە سیاسەتە فەرمییەکان و گوتارە کولتوورییەکانی حکوومەتی ناوەندی سەبارەت بە زمانی فارسی، میحوەری سەرەکی باسەکەیە؛ نووسەر بە شیکاری بۆ بەرهەمەکانی توێژەرانی ئێرانی نیشان دەدات، کە زمانی فارسی چۆن لە گوتاری فەرمیدا وەک زمانێکی نەتەوەیی و ئایینی، پێگەیەکی باڵای بەدەست هێناوە، و زمانەکانی دیکەش پەراوێز خراون.

لە بەشی چـوارەم و پێنجەمدا هێژا دوکتور قـادر وریـا ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکەی، لە نێوان مامۆستایان، زمانزانان و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخاتە ڕوو. داتاکانی کۆکراوە لە دەیان کەس لە وڵامدەرەوەکان (لە شارە جیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باکووری ڕۆژهەڵات تا ئەوپەڕی باشووری ڕۆژهەڵات) ئەوە نیشان دەدەن کە زۆرینەی بەشداربووان، پەروەردەی زمانی دایکی بە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئەکادیمی و پاراستنی شوناسی کولتووری دەبینن. بە گوتەی نووسەر، ئەم ئاماژانە، بەڵگەن لەسەر بەئاگاهاتنەوەی زمانەوانیی کۆمەڵگەی کورد لە ئێران، و داواکاری گشتی بۆ چاکسازی لە پێکهاتەی پەروەردەیی وڵات.

لـە بەشی کۆتاییدا نـووسـەر، کۆمەڵێک پێشنیاری پراکتیکی بۆ پلاندانانی زمان لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا دەخاتە ڕوو. لەوانە: پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پەروەردەی زمانی دایک، ڕاهێنانی مامۆستایانی دوو زمان، بەرهەمهێنانی سەرچاوەی پەروەردەیی کوردی، هەروەها هێنانە ناوەوەی پرەنسیپی هەمەجۆریی زمانەوانی لە سیاسەتی پـەروەردەی نیشتمانیدا. ئەم پێشنیارانە لەسەر بنەمای مۆدێلەکانی یۆنیسکۆ (یۆنیسکۆ، ٢٠١٩) سەبارەت بە پەروەردەی فرە زمانی و مافە زمانییەکانی کەمینەکان دامەزراوە، کە لە ڕووی زانستییەوە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت و دەتوانرێت بپێورێت.

لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای ڕێبازێکی چۆنایەتی و شیکاریی بابەتی داڕێـژراوە. نووسەر بە وردبینییەکی بێهاوتای گێڕانەوە لە ئەزموونی زمانەوانیی، چالاکانی پەروەردەیی لە کوردستاندا تاوتوێ کردوە، هاوکات لە ڕێگەی شیکاریی وتووێژەوە، وێنەیەکی زیندوو لە پەیوەندی زمـان و دەسـەڵات لـە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا بەرجەستە کردوە. ئەم پێکەوەگرتنی داتای مەیدانی و چوارچێوەی تیئۆری، لایەنێکی زانستی و لە هەمان کاتدا مرۆیی بە کتێبەکە بەخشیوە؛ ڕێکارێک کە ئەو لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی تەنیا تیئۆریک جیای دەکاتەوە. لە ڕوانگەی مرۆیی و کولتوورییەوە، کـار و تـوێـژینـەوەی زۆر بـەڕێز دوکـتـور قـادر وریـا، لـە سـەروی توێژینەوە ئەکادیمییەکانە؛ بەڵگەنامەی بەرخۆدانی زمـانـەوانـی و کولتووری نەتەوەیەکە، کە دەیان ساڵە ڕووبەڕووی سیاسەتی ئینکاری و ئاسمیلەکردن بووەتەوە. بە زمانێکی زانستی بەڵام زیندوو، باس لە مافی سروشتی هەر منداڵێک دەکات بۆ فێربوون بە زمانی دایک، و نیشان دەدات، کە پـەروەردەی زمانی دایک هەڕەشە نیە بۆ سەر یەکیەتیی نیشتیمانی، بەڵکوو بناغەیە بۆ دادپـەروەری پەروەردەیی و گەشەسەندنی بەردەوام. بە وتەی نووسەر، "قبووڵکردنی فرەچەشنی زمانەوانی، هەنگاوی یەکەمە بەرەو ئاشتەوایی نیشتیمانی و پێکەوەژیانی کولتووری لە ئێراندا" (هەمان سەرچاوە: ٣٨٤).

بەگشتی "سیاسەتی زمان و پلاندانان بۆ پـەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، دەکرێت بە یەکێک لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوە، لە سیاسەتی زمان لە ئێراندا هەژمار بکرێت. ئەم توژێنەوەیە وێڕای ئاشکراکردنی کەموکۆڕییەکانی پێکهاتەی پەروەردەیی ئێستا، تێڕوانینێک لەسەر بنەمای دادپەروەری زمانەوانی، هەروەها ڕێزگرتن لە فرەچەشنی کولتووری پێشکەش دەکات. خوێندنەوەی ئەو بۆ توێژەرانی زمانناسی کۆمەڵایەتی، پسپۆڕانی پەروەردە، و هەموو ئەوانەی ئارەزووی کولتوور و زمانی کوردی دەکەن، جەوهەرییە.

لە کۆتاییدا هەست بە ئـەرک دەکـەم، کە سپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش بە هەوڵە ماندوو نەناسەکانی زۆر هێژا دوکتور قادر وریا، بیرمەندێک کە توانیویەتی پەیوەندییەکی قـووڵ لە نێوان زانست و پابەندبوونی کۆمەڵایەتیدا دابمەزرێنێت بکەم. ئەم کارە تەنیا لە خزمەتی مەعریفەدا نیە، بەڵکوو لە خزمەتی کەرامەتی مرۆڤایەتی و پاراستنی میراتی زمانەوانی گەلاندایە. هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە ئیلهامبەخشی وتووێژی نوێ لە نێوان ئەکادیمیستەکان و داڕێـژەرانـی سیاسەت، سەبارەت بە داهاتووی پەروەردەی فرە زمانی لە ئێراندا.

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

## لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٠ (بەشی یەکەم)

- کوێستان نستانی
- د. هۆشمەند عەلی

لـە پێشـووتـردا ئـەگـەر دەرکـەوتـنـی ژنـان و بەشداریکردنیان لـە ڕەوتـی خـەبـات لـە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە بووبێت، لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی ژنـان لـە دوای قـۆنـاغـی بـووژانـەوە و دواتـر دەستـپێـکردنـەوەی خـەباتـی ئـاشـکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان-ئێران، ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان لـەپێـنـاو گـەشـەدان بـە شـونـاس و ناسنامەی خۆیان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان بوو کە بۆ دوو ئەرک (نەتەوەیی و هەڵاواردنی ڕەگەزی) هەوڵیان داوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان، ڕاستەوخۆ هـاتـوونـەتـە نێو شـۆڕش و خـەبـاتـی خـۆیـان لە بـوارەکـانـی سـیـاسـی، چـەکـداری، تـەشـکیلاتی، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردندا گەشە پێ داوە. بێگومان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩دا دیسان ئەرکی بەڕێوەبردنی کەوتووەتە سەرشان، هەرچەندە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و کولتووری لە ئابڵۆقەدا بووە و بەمەش بۆشایی لە حوکمڕانی و ئیدارەدانی وڵاتدا هاتبووە ئاراوە و، هەربۆیە شانی داوەتە بەر هەردوو بەرپرسیارەتیی ئەرکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی وڵات. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە بە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی، دامەزراندنەوەی خوێندنگە و نەخۆشخانە و چارەسەری پرسەکان لە ڕێگەی بەقانوونیکردنی کۆمەڵگە جێبەجێ بکات.

دەفتـەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٨٠دا، گەڵاڵەیەکی بە ناوی "گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی و قانوونی سزادانی گشتی" پەسەند کردووە و هەر لەو قانوونەشدا لە بەندی (٦٧-٧٢) تایبەت بە مافی حقووقی و ئینسانیی ژنان باسی لە مارەیی زۆر و هێنانی ژنی دووهەم، ژن بە ژنە و پێشکەوتن و بەشداریی ژنان لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و چەکداری و پەروەردەیی و چەندان بڕگە و بابەتی دیکە کردووە. بڕیارەکانی حیزبی دێـمـوکـرات ئـەگـەرچـی کـەم و کورتیی زۆری تێدا بوو، بەڵام تا ڕادەیـەک ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا هەبووە، هەروەک دەبینرێت لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە بەشداریی (٣١٠) نوێنەر لە سینەما ئومێد لە شاری مەهاباد لە (٢٤ی شوباتی ١٩٨٠) بەستراوە، لەو کۆنگرەیەدا لە کۆی (٢٥) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە هەڵبژێردران، تەنیا ژنێک -فەوزیە قـازی-، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

دەکرێت بگوترێت ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی چۆنایەتیی گـەورە و گرنگ بـووە لـەو قۆناغەی خەباتی سیاسیی کـورد و ژیـانـی پارتایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە ژنێک بگاتە پلەی ئەندامی سەرکردایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. دوای تـەواوبـوونـی کۆنگرەی چـوارەمـی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە (٢٤ی شوباتی ١٩٨٠)، عەبدولڕەحمان قاسملوو بە مەبەستی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ئێران و ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرایەتیی خومەینی و گیروگرفتەکانی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتی داوای کرد حکوومەتی ئێران لیژنەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێـموکرات قبووڵ بکات. دوای هاتنەوەی وەڵامی ئەبولحەسەن بەنیسەدر کە ٢٥ی شوباتی ١٩٨٠ی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی دیاری کردبوو، حیزبی دێموکرات هەیئەتێکی پێنج کەسیی ناردوە کە یەکێک لە ئەندامەکانی "فەوزیە قازی" بووە و ئەندامەکانی دیکەش بریتی بوون لە: غەنی بلووریان سەرۆکی لیژنە، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نەوید موعینی و ئەحمەد قازی کە بە مەبەستی وتووێژ چوونەتە تاران.

سـەرەڕای سـەرەڕۆیـی و باڵادەستیی چەمکە سوننەتییە زاڵـەکان بەسەر کۆمەڵگەی کـورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک هۆکار و لەمپەر، کە دەستیان وەدەستی یەکدی دابـوو لـەبـەردەم پرۆسەی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژنـان تا ڕادەیـەک هاتوونەتە نێو چوارچێوەیەکی سیاسی لەنێو حیزبی دێموکراتدا و بەشدارییان لە کاری سیاسیدا کردوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا گرنگە ئاماژە بۆ ئـەوە بکرێت، دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران (١٩٧٩)، ژنانی ئێران بەگشتی مافەکانیان پێشێل کرا بەتایبەت لە پرسی حیجاب و... هتد. لـەم ڕووەوەش هاوشانی ژنانی ئێران، ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەنێو هێزە سیاسییەکان وەک (حدکا) ڕۆڵی گرنگ و کارایان بینیوە لە بەڕێوەبردن و خۆپیشاندانەکان و داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان لە ئازادیی جلوبەرگ و نەپۆشینی سەرپۆشدا کردووە و لە دروشمەکانیاندا دژ بەو سیاسەتە لە خۆپیشاندانەکاندا گوتوویانە "نە ڕووسـەری، نە تووسەری، مـەرگ بـەر جومهوریی ئیسلامی". بەم هۆیەشەوە ژنانی کورد ڕووبەڕووی کۆمـەڵـکوژی و زیندانیکردن و لـەسـێـدارەدان و دەستدرێژی بوونەتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون. نموونەی ئەو ژنانەش "شەهلا و نەسرین کەعبی" دوو ژنی خەڵکی شـاری سەقز بـوون کە لە ١٩٨٠/٨/٢٨ لەسێدارە دراون. هـەروەهـا "زەریـفـە بـاجـەڵانـی" کە ژنێکی ناسراوی شاری کامیاران بووە و دوای ئەشکەنجەدان و ئازارێکی زۆر لە ١٩٨٠/١٠/٦ لەسێدارە دراوە (مەحموود، ٢٠١٢، ١٣٦، ١٤٠).




لـەگـەڵ ئـەو بـارودۆخـەشـدا پێویستە ئـامـاژە بۆ ئەوەش بکرێت، لەنێو هێزە سیاسییەکاندا و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردسـتـانـدا، کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە وتەکانیاندا سەبارەت بە بارودۆخی ژنانی کورد بەگشتی و ژنـان لەنێو حیزبی دێموکراتدا زۆر بابەتیان هێناوەتە بەرباس. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە دەیەکانی حەفتا و هەشتاکانی زایینیدا بەردەوام گوتوویەتی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا دەبێت جێگەی تایبەت بە ژنان بدرێت کە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان پێک دەهێنن، حیزبی دێموکرات مافی بەرابەری لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێت، بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە نێوان‌دایە، دەبێت ئەو مەودایە وردە وردە لەناو بچێت و بە بڕوای حیزبی دێموکرات تا ژنان لە کاری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بـەشـدار بـن، کۆمـەڵ پێشکەوتووە و هەرچی ژنان لە بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییەکاندا تێکۆشەر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە (فتووحی، ٢٠١٣، ١٤). هەر لەو چوارچێوەیەدا وەک دەردەکەوێت، بەشداریی ژنان لە بواری سیاسی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لـە میانەی گفتوگۆکاندا، بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیا جیـاوازەکان هاوتەریبن، لێرەدا هەوڵ دەدرێـت چەند ڕوانگـەیـەک بخرێتە ڕوو، کە لەو باوەڕدان ڕاستە لە بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتدا باس لە بەشداریی ژنان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کراوە، بەڵام وەک پێویست نەبووە. عیسمەت نستانی دەڵێت: "هێزە سیاسییەکان کەناڵێکی زۆر گرنگ بوون بۆ بەشداریی ژنان لە بواری سیاسیدا، ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەشداریی ژنـان قۆناغێکی مێژوویی هـەبـووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات و کۆنگرەکانی دواتر، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش (پێشەوا قازی محەممەد و عەبدولڕەحمان قاسملوو) هەمیشە لە وتەکانیاندا دووپاتیان کردوەتەوە پێویستە ژنان جێگەی تایبەتیان هەبێت و حیزبی دێموکرات مافی بەرابـەریی تـەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنانیش دادەنێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە کۆنگرەکانی (٤ و ١١)ی حیزبی دێموکراتدا، تەنیا دوو ژن وەک ڕێبەری لەنێو مێژووی ڕێبەریی حیزبدا بوونیان هەبووە، کە (فەوزیە قازی و خەدیجەی مەعزووری) بوون. لەگەڵ ئەوەی ژنان کۆڵەکەی خەبات بوون و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی قۆناغەکان یارمەتیی پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتیان داوە، چ لە بواری تەشکیلاتی بووبێت یان لە بواری پێڕاگەیشتن لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەیەک وەک جلوبەرگ و خۆراک بووبێت. بێجگە لەوەش ژنان بۆخۆشیان هەوڵیان داوە و لە بواری نیزامی و چەکداری دەور و نەخشی خۆیان هەبێت و شان بەشانی پیاوان لە خەباتدا بوون، بەڵام لە بواری سیاسیدا حیزبی دێموکرات کەمتر گرنگیی بە پرسی ژنان داوە و لەگەڵ ئەوەی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کەم نەبوون ئەو ژنانەی ڕاستەوخۆ هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و بەشداریی چالاکیی خەباتی چەکداری و سیاسی بوون و وەک پیاوان ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندووە. بۆیە ڕێژەی بەشداریی ژنان لەنێو ڕێبەری و بەشداری لە بڕیاری سیاسیدا کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕێگە نـەدراوە، ژنان بێنە ئاستی دەفتەری سیاسی و لە شوێنی بڕیاردان بن. بەکورتی، پیاوسالاری لەم ڕووەوە لەنێو حیزبی دێموکراتدا بـەڕوونـی دیـار بـووە و هـەیە. بۆیە ژنان تەنیا لە بـواری ڕێکخراوەیی و تەندروستی و پـەروەردەیی و بـواری چەکداری و ڕاگەیاندن کاریان کردوە و زیاتر چالاک بوون و ئەو ڕەخنەیە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واردە، چۆن تا کۆنگرەی چواردەیەم گرنگیی ئەوتۆ بەو پرسە نـەدراوە و، لەو کۆنگرەیەدا (تبعیض مثبت) واتـە ڕێـژەی دیاریکراو بۆ ژنـان دیـاری کـردوە، بۆ ئـەوەی مافیان هەبێت و بەشدار لە کۆنگرەدا وەک ڕێبەری بێنە نێو خەباتی سیاسی کە پێم وایە ئەوە ماف نیە." ئەو کەمتەرخەمییە ئەگەر یەکەم جار بگەڕێتەوە بۆ حیزبی دێموکرات و دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین تەنانەت خودی ژنان لەگەڵ ئەوەی لەنێو هێزە سیاسییەکاندا پەراوێزخراو بوون، لە هەمان کاتدا بۆخۆشیان کەمتەرخەمیی سەرەکی بوون، نەیانتوانیوە تاوەکوو ئێستاش زۆر کولتوور و داب و نەریت تێکبشکێنن بەوەی کە دەگوترێت ژنـان لە بـواری سیاسی لاوازن. هـەروەهـا گوڵی ئیبراهیمی دەڵێت: "وەک گرنگیدان حیزبی دێموکرات لە زۆر لایەنەوە کەمتەرخەم بـووە، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە قـەت ڕێگە بە ژنـان نەدراوە بێنە ئاستی سەرووتر یان هان نەدراون، بەڵام ڕێزی زۆریان لێ دەگرتین، کاتێک دەورەی نیزامیم تەواو کردوە لە هێزی قەندیل سازماندهی کرام، زۆرجار عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە دەهاتە بنکەی هێز بۆ سـەردان، هەمیشە دەیگوت ئاوات و ئـارەزووی من ئەوەیە لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕێژەی ژنان ئەوەندە زۆر بێت، سەرپەل و فەرماندەی هێزیش لە خۆیان بێت. بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دراوە گرنگیی بە ژنان بدرێت، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە بواری سیاسیدا بەکردار جێبەجێ نـەکـراوە." هـەر لـەو بـارەیـەوە ماپەرە قەرەگۆڵی(٣) دەڵێت: "حیزبی دێموکرات هەمیشە ڕێگەی بۆ هاتنەمەیدانی ژنان خۆش کـردوە، لە بەرنامە و پرۆگرامی حیزبیشدا، ئەو پرسە ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە کەسانی یەکەمی حیزبی وەک عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٧٠-١٩٨٩) و سەعید شەرەفکەندی (١٩٨٩-١٩٩٢) لایەنگر و پشتیوانی هاتنەمەیدان و بەشدارپێکردنی ژنان بوون، بەڵام ڕێژەی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردان و بەشداریی لە ئاستی ڕێبەری لە کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسیی حیزبدا کەم بووە و ڕێگە نـەدراوە و هەمیشە زۆرینە هەر پیاوەکان بوون. ژنـان زیـاتـر لـە سـەنگـەرەکـانـدا و لـە بـوارەکـانـی پەروەردە و تەندروستیدا چالاک بوون."

کوردستان
ژمارە: ٩٠٨
١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٤ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢٥

# ئێرانی دوای خامنەیی باوەش بۆ کێ دەکاتەوە؟

## (بەشی دووهەم و کۆتایی، ڕیفۆڕمخوازەکان، کۆماریخوازەکان و نەتەوەکان)



دڵشاد هەورامی

### ڕیفۆرمخوازەکان و کۆنە ڕەقیبانی خامنەیی (کۆماری ئیسلامی بێ خامنەیی)

کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا بەرهەمی یەکگرتن و ڕێککەوتنی چەندین ڕەوت و ڕوانگەی جیاواز بوو. خومەینی توانی بە کەلکوەرگرتن لە پێگەی خۆی، موجاهدین و میللی مەزهەبییەکان و بەگشتی ئەوانە کە باوەڕیان بە حکوومەتی ئاخوند (ولایت مطلقە فقیە) نەبوو لا بدات. لادانی ڕەکەبەر و چەپەکان (توودە و چریکەکان) وەک چاوەڕوان دەکرا نەبووە هۆی یەکدەستبوونی حاکمییەت. کاریزمای خومەینی وەک وێستگەی ڕاگرتنی هاوسەنگی، لە پاڵ شەڕی ئێران و عێراقدا ناکۆکی و چەند دەستەیی تا ڕادەیەک پەردە پۆش کردبوو. دوای شەڕ و خومەینی وردە وردە شەڕی باڵەکان ئاشکراتر بوو. سەرکەوتنی خاتەمی و بەرەی ڕیفۆرم سەرەتایی شەقبوونی ئاشکرای دەسەڵات ئاخوندی بوو. شەقبوونێک کە تاکوو ئێستاش لە دەسەڵاتداران قوربانی دەگرێت.

خامنەیی دەیەوێت پێ لە جێ پێی خومەینی بنێت، ئەمە ئەو ویستەیە کە بەرەی چەپی دەسەڵات هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت پێی قەبووڵ نەکراوە.

دوای وەلانان و مەرگی ڕەفسەنجانی، حەسەنی ڕوحانی ئێستا سەرۆکایەتیی بەرهەڵستکارانی خامنەیی لە نێو دەسەڵاتدا دەکات. کوژرانی فەرماندەکانی سپای تیرۆریستی پاسداران و بێ ئیعتیبار بوونی ئیتلاعاتی سپای تیرۆریستی پاسداران، کەم بوونەوەیە لە هێزی خامنەیی. ڕوحانی بە کەلکوەرگرتن لە دۆخی شپرزی خامنەیی (وەک باڵ) هەوڵ ئەدات، خۆی (وەک باڵ) بە جێگرەوەیەک کە وەک خامنەیی بیر ناکاتەوە نیشانی جیهانی دەرەوە و خەڵکی ناوخۆ بدات. ڕوحانی جیا لە نوێنەرایەتی ئەو باڵە کە ڕەفسەنجانی خاوەنی بوو، توانیویەتی خۆی وەک زمانحاڵ و جێی متمانەی باڵی خاتەمی و ماڵباتی خومەینی نیشان بدات. باڵی خامنەیی کە ئەوڕۆکە فەرماندە هێشتا نەکوژراوەکانی سپای تیرۆریستی پاسداران جڵەویان کردوە، بە ئاشکرا لە ڕوحانی دەترسێت. بە ئاشکرا هەڕەشەی کوشتن لە ڕوحانی، سووکایەتی کردنی نوێنەرانی مەجلیس بە ڕوحانی و بنەماڵەی ڕەفسەنجانی، تەنیا مشتێک لە خەرواری کاردانەوەی هیستریکی باڵی خامنەین لەم چەند مانگەی دوای شەڕدا.

باڵی ڕوحانی و خاتەمی و ئەحمەدینژاد لە پاڵ ڕۆشنبیرانی نیوە حکوومەتی و تەنانەت بەشێک لە کۆماریخوازان و چەپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، لەسەر پاراستنی کۆماری ئیسلامی بێ خامنەیی و سپای تیرۆریستی پاسداران کۆکن. ئەم ڕەوتە لەگەڵ یەکتر ناتەبا و دژانە، پێیان وایە بە ڕیفۆرم و چاکسازی لە چەند قۆناغێکدا دەتوانن سیستەمی نەهاکەی ئێران لەگەڵ نەزمی جیهانی هاوئاهەنگ بکەن. بن کۆڵکردنی دەسەڵات و هێزی خامنەیی و تەنانەت لادان و کوشتنی بە هاوکاری هێزی دەرەکی، ئەو سیناریۆیانەن کە لە ئەگەری هێز گرتنی ڕەقیبانی ناوخۆی خامنەیدا باس دەکرێن.

سازانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕەقیبانی خامنەیی دوور لە ئەقڵ نیە. بۆی هەیە بە واسیتە ئێستاکەش لە پەیوەندیدا بن، ئەگەرێک کە پاسداران و گیانفیداکانی خامنەیی لێی دڵنیان و بە ئاشکرا باس لە جاسووس بوونی ڕوحانی و خاتەمی دەکەن. شەڕی یەکتر سڕینەوەیەک کە لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دەستی پێ کردوە، سەدان و هەزاران قوربانی لێکەوتووەتەوە. ئەحمەدی خومەینی و ڕەفسەنجانی بەو پێگەو و هێزەوە بوونەتە سووتەمەنی شەڕی دەسەڵات. بۆیە کوژرانی ڕوحانی یا خاتەمی تەنانەت خامنەیی ڕێی تێدەچێت. لە نەبوونی حەرەکەتێکی یەکگرتوویی خەڵکیدا کە وەک چەمسەرێکی بەهێز لە گەمەی گۆڕینی ڕێژیمدا دەوری یەکلاکەرەوەی هەبێت، ئەوە زلهێزەکان و نارازییانی سیاسی دەسەڵاتن کە دیاری دەکەن کێ بێت و کێ بڕوات.

وەک گوترا، کۆمەڵگەی فرە نەتەوە و بە جیاوازی و ناسازی مەزهەبییەوە تەوانای ئەوەی لێ زەوت ئەکرێت کە ببێت بەهێز و بڕیار لە چارەنووسی خۆیی بدات. هەر ئەم پارچە پارچە بوونە فەرهەنگی و مەزهەبییە کە لەتبوونی ئابووریشی لێ زیاد بووە، شانسی مانەوەی ڕێژیم بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە زیاد ئەکات. دوور نیە بۆ هێشتنەوەی ئێران بە یەکپارچەیی و دەربازبوون لە شەڕی بێ کۆتایی ناوخۆیی، پرۆژەی زلهێزەکان بە هەر دوو چەمسەری ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتەوە، لادانی خامنەیی و کاڵکردنەوەی دیکتاتۆری مەزهەبی بێت.

لە دۆخی بێ جێگرەوەیدا کە دەرئەنجامی نایەکگرتوویی خەڵکە، جیهان ناچارە ڕازی بێت بە هەڵبژاردن لە نێوان سەقامگیری و پارچە پارچە بوون و شەڕی نەتەوە و مەزهەبەکاندا. ئاساییە کە ئورووپاییەکان تێکچوونی دۆخی ئێران بە کارەسات بۆ سەر ئەمنییەتی خۆیان ئەزانن. چین و ڕووسیە پاراستنی دۆخی نە شەڕ نە ئاشتی بۆ ئێران بە باشترین بژاردە دەزانن و هەوڵ بۆ مانەوەی ئەدەن، ئەمریکا و ئیسرائیلیش لەژێر ڕێبەری ترامپدا، ئامادەی سازانێکن کە پیتاندنی ئۆرانیۆمی تێیدا نەبێت. ماوەتەوە کە ئایا خامنەیی پاراستنی مافی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە پاراستنی کۆماری ئیسلامی بە واجبتر دەزانێت یا نا؟

### کۆماریخوازەکان (لەشی چەند سەر)

ئاساییە کە زۆرینەی خەڵکی ئێران لایەنگر و خوازیاری هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی سێکۆلار و دێموکراتیک بن. کۆمارێکی دێموکراتیک ڕەنگە چارەسەر و تەنانەت باشترین بژاردەی بەردەمی خەڵکی ئێران بێت. پرسیارێک کە لەگەڵ باسکردنی ئەم بژاردە و ئەگەرە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە، ئایا هێز یا هێزگەلێکی خاوەن جەماوەر و ڕێکخراو هەن کە کار بۆ سەرخستنی وەها بژاردەیەک بکەن؟ بەچاو خشاندنێک بە ئاڕایشی سیاسی و فیکری هێزە سەرانسەریەکاندا، ئەگەری پێ گرتنی سیستەمی کۆماری دێموکراتیک و خەڵکی لاواز دێتە بەرچاو.

خاڵی لاوازی کۆماریخوازەکان دابەشبوون و نایەکگرتووییانە. ڕوانینی هێزە کۆماریخوازەکان بۆ ئێستا و داهاتووی ئێران زۆر لە یەک دوور و جیاوازە. لە جەرەیانی لایەنگری ڕیفۆرمکردن لە سیستەمی حکوومەتداری ئێستادا تا ڕادیکاڵی لایەنگری ڕوخاندنی ڕێژیم و گەڕاندنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی دەسەڵات بۆ خەڵکیان تێدایە.

بە لەبەر چاو گرتنی فرە نەتەوەیی بوون و لە هەمانکاتدا جوگرافیای فەرهەنگی و سیاسی و ئایینی ئێران، ئەستەمە ژینگەی گونجاو بۆ گەشەی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و کۆمارێکی سیکۆلار و خەڵکی ئامادە بێت.

### نەتەوەکانی ئێران و کەمینە ئایینییەکان (براوەکان)

جگە لە کورد و بە ڕادەیەکی کەمتر و زۆر جیاوازتر بەلووچەکان، نەتەوەکانی ئێران خاوەنی حیزب و جەرەیانی سیاسی شوێندانەر و جەماوەری نین. بەگشتی کورد لە ئێراندا سیاسیترین نەتەوەیە. نەتەوەکانی دیکە بە فارسیشەوە وەک کوردەکان هۆگر و تێکەڵاوی سیاسەت و حیزبایەتی نین. بیری نەتەوەیی لە ناو تورک و عەرەبدا تا ڕادەیەک دژ کردەوەیە بەرانبەر بە فارس وەک نەتەوەی حاکم.

### کورد (شۆڕشگێڕی تەنیا)

ئێرانی ئەمڕۆ وڵاتێکی پڕ لە قەیران و جوگرافیایەکی سیاسییە کە مەترسی پارچە بوونی لەسەرە. مێژوویی ئەم خاکە تەژییە لە مەرگ و شەڕ و برسییەتی. ئێرانی ئەمڕۆ جیا لە باری سیاسییەوە لە کەرتی ئابووری و ژینگەدا لە لێواری هەڵشکاندا وەستاوە. بە مان یا نەمانی کۆماری ئیسلامی، قەیرانی ئابووری و تێکچوونی ژینگەی ئێران سانا و لە کورتماوەدا چارەسەر نابن. تەنیا بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ جیهان و هاتنە سەر کاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک دەکرێت مەترسی پارچە بوون و کارەساتی گەورەی ئینسانی بڕەوێتەوە.

کورد وەک نەتەوەیەکی ئازادیخواز و سیاسی، بە درێژایی مێژوو سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێکی بێگانە شۆڕ نەکردووە. بەرگری کردن و وەستانەوەی کورد لە ئاست هەموو ئەوانەدا کە بۆ داگیرکاری و تاڵان هاتوون، بەشێکی گرینگی ئەو ناسنامەیە کە کوردی پێ دەناسرێتەوە.

لە سەردەمی پەهلەویەکانەوە کە بە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەت نەتەوە و دەسەڵاتی مەرکەزگەرا دادەنرێت، هەتاکوو ئێستا کوردستان سەنگەری ئازادیخوازی و گۆڕەپانی شەڕ و شۆڕش بووە. کورد خاوەنی کەسایەتی و پێگەی نەتەوەیی خۆیەتی لە چوارچێوەی ئێران و قورسایی خۆی هەبووە و هەیە. ئەگەر زیاتر لە سەد ساڵە سیاسەت و ڕێکاری ناوەند تواندنەوە و کوشتنی کورد و بە پادگان کردنی کوردستان بووە، ئەوە دەمێکە کە هەم دەسەڵاتدار و هەم ئۆپۆزیسیونی چاو لە مانەوەی دەسەڵاتی فارس بەو قەناعەتە گەیشتوون کە، پێویستە و ناچارن لە ڕێگایەکی نوێ بگەڕن.

شەڕی باڵەکانی دەسەڵات، دەرفەتی هاتنە پێشەوەی پرسی نەتەوەکانی ڕەخساندوە. ئەگەر بەلووچەکان بە هەژاری و جێمانیان لە کاروانی ئابووری وڵات، تورکەکان بە مەترسی و گەشەی بیری پان تورکیزم باس دەکرێن، ئەوە خەریکە کورد بکەن بە بەشێک لەو ئێرانە کە مەترسیی لەسەرە. ئەوان (فارس) ئێرانی بوون و لە خۆمان بوونی کوردیان لە کاتی تەنگانە و تا ڕادەیەک سەرە مەرگدا بیر کەوتۆتەوە. لام وایە کورد دەتوانێت ڕاگری باڵانس و ئەو هێزە بێت کە باری لاری ئێرانی پڕ لە قەیرانی پێ ڕاست بکرێتەوە ئەگەر، ناوەند بەڕاستی لە خەمی پاراستنی یەکپارچەیی ئێراندا بێت. پێم وا نیە کە لای فارس بە هەموو تەیفەکانەوە خواستێکی ڕاستەقینە بۆ ئێرانێک هەبێت کە هەمووان تێدا خۆ بە خاوەن ماڵ و خاوەن ماف بزانن.

### ئەنجام:

ڕەنگە سەرەکیترین هۆکاری مانەوەی دەسەڵاتی ئاخوندی بەو چەندایەتی و چۆنایەتییەوە کە هەیە، نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز و جێی متمانە و قەبووڵی خەڵک بێت. فرەڕەنگیی فەرهەنگی و ئێتنیکی بەپێچەوانەی دونیای ئازاد کە دەرفەت و سامانە، لە جیهان سێهەم و دواکەوتوودا فرە قەیرانی بەرهەم دەهێنێت. نایەکگرتوویی کۆمەڵگەی ئێرانی دەرفەتی مانەوە و تەنانەت سەر لە نوێ پێ گرتنەوەی دیکتاتۆرییەت ئەڕەخسێنێت. ئەمە بگرە گەورە گرفتی گەشە نەکردنی بیری ئازادی و دێموکراسییە لە ئێران و ناوچەکەدا

ئاسۆی سبەی ڕۆژی ئێران ڕوون نیە. ئەو کەلاوەیە کە بەرهەمی نزیک بە نیو سەدە دەسەڵاتی ئاخوندییە، بە دەیان ساڵ ئاوەدان ناکرێتەوە. ئازەرییەکان و عەرەبەکانی ئێران دەوڵەتانی دراوسێیان لەپشتە، ئەوان ئازادی و ژیانی تێر و تەسەلی هاو زمانەکانیان لە بستێک ئەولای خۆیان دەبینن. فارس وەک نەتەوەیەکی خۆ بە سەنتەر و گەورە زان، سەد ساڵە شکۆی نەتەوەکانیتر بەتایبەت عەرەب و تورکی هاڕیوە. ئاساییە لە ئەگەری لاوازبوونی فارسدا لێی ڕاپەڕن و تۆڵەی سەد ساڵ وردبوونی غرووریان بکەنەوە. خاڵێک کە هەموو جار دەکەوێتە پەراوێزی سیاسەتەوە، دۆخی کارەساتباری ژینگەییە بەتایبەت لەو جوگرافیایەدا کە وەتەنی فارسە. وشکەساڵی و بێ ئاوی و سیاسەتی هەڵەی سەربەخۆیی لە کەرتی کشت و کاڵدا، سەحرایەکی وشک و بێ ئاوی لەسەر دەستی فارس داناوە.

کۆچی میلیۆنیی فارس و چۆڵ بوونی بەشێک لە شارە گەورەکانیان لە ئێستاوە دەستی پێکردوە. دوور نیە ساڵانێکی نە زۆر دوور، نە تاران مەرکەز بمێنێت، نە فارس نەتەوەیەک بێت کە حوکمی ئێران بکات (ئەڵبەت ئەگەر ئێرانێک بمێنێت).

---

# دووفاقیی سنووری تەمەرچیان و بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری بە «کۆدی نیشتمانی»

✍️ کاوە سندووسی

سنووری تەمەرچیان لە شارستانی پیرانشار ساڵانێکە بووەتە یەکێک لە پڕکێشەترین دەروازەکانی ڕۆژاوای جوگرافیا ساختەکەی ئێران. شوێنێک کە هەزاران خێزانەی کورد بژێویی خۆیان نەک لە ڕێگەی بازرگانیی فەرمییەوە، بەڵکوو لە ڕێگە سەخت و پڕمەترسییەکانی کۆڵبەری لە شاخەکاندا دابین دەکەن. دۆڵە قووڵەکان، ڕێڕەوە بەردینەکان، سەرمای زستان و مەترسیی هەمیشەیی تەقەی ئەنقەست، بەشێکن لەو ڕاستییە تاڵەی کە کۆڵبەران هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەرزەکارانێک کە لە پێناوی چەند سەد هەزار تمەنێکدا باری قورس لەسەر شانیان هەڵدەگرن و باوکانێک کە گیانیان لەم ڕێگەیەدا لەدەست دا و هەرگیز نەگەڕانەوە.

سەرەڕای ئەم دۆخە ئازاربەخش و درێژخایەنە، ساڵانێکە هیچ ئیرادەیەک بۆ ڕێکخستنی ئەم سنوورە ساختانە و دروستکردنی ڕێڕەوی ئارام و هەلی کاری بەردەوام بەدی ناکرێت. بەڵام هەر ئەم سنوورە کە بۆ خەڵکی ناوچەکە مینڕێژی ئیداری و سەربازی کراوە، لە ڕۆژانی ئەربەعیندا بە شێوەیەکی کتوپڕ دەکرێتەوە و ئاسان دەبێت. ئەو ژێرخانانەی کە بۆ کۆڵبەران دەستنەکەوتوون و تەنانەت خەونیشن، لەناکاو بۆ کاروانەکانی مەراسیم (ئەربەعینی حکوومەتی) و بەناو بازرگانان، تێپەڕین ئاسان و گونجاو و دەبێتە بەشێکی سەرەتایی. هەمان ئەو ڕێڕەوەی کە بۆ تێپەڕینی خەڵکی بێبەش پڕە لە مەترسی و قەدەغەکاری، لە کاتی ئەربەعیندا بەخێرایی ئامادە و نۆژەن دەکرێتەوە و تەیار دەکرێت؛ لە ئاسانکاری بۆ تێپەڕینی زیارەتکارانەوە بگرە تا دروستکردنی ئیمکاناتی کاتی، جێگیرکردنی هێزی فریاگوزاریی یارمەتیدەر، دانانی ئانتێنی گەڕۆکی پەیوەندی و ئاسانکاریی ئیداری و دارایی و بانکی ئامادەیە.

ڕۆژانی ئەربەعین لە ناوچە سنوورییەکانی دەروازەی پیرانشار، کرماشان و ئیلام کاریگەریی فرەلایەن و ئاڵۆزی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دادەنێت. سەرەتا، قەبارەی زۆری زیارەتکاران دەبێتە هۆی قەرەباڵغییەکی توند لەسەر جادەکان و ڕێڕەوەکانی شار، کە خۆی هۆکاری زیادبوونی ڕووداو و زیانە گیانییەکانی ڕێگەوبانە لەم ناوچەیەدا. دووەم، دەبێتە هۆی ئامادەبوونی بەرفراوانی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان بۆ کۆنترۆڵکردن و خزمەتگەیاندن بە زیارەتکاران، سنووردارکردنی کار و کاسبی و هاتووچۆی ڕۆژانە، بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە شارە سنوورییەکانی کوردستان، گوشارخستنەسەر سەرچاوە نیشتمانییەکان (وەک ئاو، خزمەتگوزارییە شارستانییەکان، ژینگەی کوردستان) و کاریگەریی کولتووری و کۆمەڵایەتی لە ڕیزی ئەم نائاسایی و کاریگەرییە نەرێنییانەدایە.


جیاکاری لە تەرخانکردنی ئیمکاناتدا کە زۆربەی کات کاتییە و سوودێکی درێژخایەنی بۆ خەڵکی ناوچەکە نییە، هەستی نادادپەروەری و فەرامۆشکران لەنێو خەڵکدا بەهێز دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و داڕمانی کەسایەتیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی؛ بابەتێک کە گاڵتەجاڕەکانی حکوومەت و ژمارەیەکی کەمی نزیکەکانیان بە شاردنەوەی ڕاستییە تاڵەکەی کۆڵبەری، هەوڵ دەدەن بە پاساوی بێسەروبەر، ئەم "دۆخە قێزەونە" وەک جۆرێک لە توانا و پۆتانسیەلی ناوچەیی و تەنانەت دەرفەتیش نیشان بدەن. بەڵام ئەم ڕاستییە و ئەم ناکۆکییە ئاشکرایانە، دەبێت پرسیارێکی بنەڕەتی بخاتە بەردەم مرۆڤی کورد: چۆن سنوورێک کە بۆ دابینکردنی نانی خەڵکی نیشتەجێی دەروازە هەبووەکانی کوردستان، مەترسیدار، پڕتێچوو، مەرگهێنەر و هۆکارێکە بۆ شکاندنی (کەرامەت)ی مرۆڤی کورد، بۆ ئامانجە حکوومەتییەکان و دارودەستەکەی بەئاسانی دەبێتە شوێنێکی ئارام، شیاوی تێپەڕین و پڕ لە ئیمکانات؟

هێشتا بۆ بەشێکی گەورەی خەڵکی کوردستان لەوانەش پیرانشارییە خۆشەویستەکان، ئاسایش، کار و تێپەڕین لە سنوور، مافێکی هاووڵاتیبوون نییە، بەڵکوو ئیمتیازێکە پەیوەستە بە بۆنەکان و بڕیارە سیاسییەکانەوە و کۆڵبەری هێشتاش وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە لە سێبەری ئابووریی ڕانتیدا، مرۆڤی کورد ناچارە بارێک بە قورسیی مەرگ و بە نرخی نان لەسەر شانەکانی خۆی لە نێوەندی جیاکارییەکی پێکهاتەیی و ئامانجداردا (بۆ کۆمەڵگەی پاسیڤ و بەکاربەری ناوەندنشین) لە بەرانبەر کرێیەکی کەم و بە شێوازێک دوور لە کەرامەتی مرۆڤانە، هەڵیبگرێت.

تەمەرچیان یەکێکە لە دەیان سیمبۆلی ڕاستی و ناکۆکی و جیاکاری کە خەڵک بە چاوی خۆیان دەیبینن و لەوانی دیکە چاوەڕێن کە بزانن: کۆڵبەری هەڵبژاردنێکی ئازادانە نییە بۆ دابینکردنی بژێوی لە کوردستاندا، بەڵکوو دەرەنجامی ڕاستەوخۆی نەبوونی هەلی کار و ملکەچیی بڕیارە سیاسییەکان و پەیوەندییە حکوومەتییەکانە. تەمەرچیان و دەروازەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پیرانەوە تا کرماشان و ئیلام، دەرخەری ئاشکرای ناکۆکییە ئەنقەستەکان، نەبوونی ئاسۆی گەشەپێدانی بەردەوام و بەردەوامیی پێکهاتە جیاکارییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و تا ئەو کاتەی مامەڵەی بۆنەیی و ڕانتی پێش چارەسەرە لۆژیکی و دادپەروەرانەکان بخرێت، ئەم سنوورانە هێشتاش سیمایەکی ناشیرینیان دەبێت کە بۆ خەڵکی کورد سەخت، مەترسیدار و سنووردارکەرە و بۆ ئامانجە حکوومەتییەکان و داروەدەستەکەی ئارام، کراوە و پڕئیمکاناتن. ئەم دووفاقییە، جەوهەری هەمان ئەو جیاکاری و پێکهاتەیەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان هەموو ڕۆژێک و هەمیشە بە درێژایی دەسەڵاتە شوومەکەی هەردوو ڕژێمی تاران تاقیی کردووەتەوە.

## ٢٥ی نۆڤامبر؛

# دەرفەتێکە بۆ پچڕاندنی پەیوەندیی دەسەڵات و نەریتی دواکەوتووانە



هەردی سەلیمی

٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانە. ئێمە لە کاتێکدا ئەم ڕۆژە یاد دەکەینەوە کە زۆربەی ژنان لە ئاستی جیهان و بەتایبەت لە ئاستی ناوچەییدا هێشتا لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان دوورن و بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ڕۆژانە دەکەونەبەر توندوتیژیی چەندلایەنە. لە بەرەبەری ٢٥ی نۆڤامبری ئەمساڵدا، چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیان لەبارەی پێشێلکردنی مافی ژنانەوە بڵاو کردەوە. بەپێی ئەم ئامارە، لە یەک ساڵی ڕابردوودا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ١١٠ حاڵەتی ژنکوژی، ٦٣ حاڵەتی دەستدرێژی، ٩ حاڵەتی ئەسیدپژاندن و دەیان حاڵەتی دیکەی توندوتیژیی سیستەماتیک دژی ژنان ڕوویانداوە؛ بێگومان وەک هەمیشە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەم ئامارە ناتوانێت دەرخەری هەموو ئەو حاڵەتانە بێت کە ڕوویانداوە و بەدڵنیاییەوە زۆر زیاتر ڕوویانداوە و تۆماریش نەکراون.

مەبەست لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بردنەسەری ئاستی تێگەیشتوویی کۆمەڵگە و هێنانەخوارەوەی ڕێژەی قوربانییانی دەستی ئەم نائاگاییەیە. بەداخەوە و سەرەڕای هەوڵی زۆری چالاکانی ئەم بوارە لە ئێراندا، نەک تەنیا ئەم ئامارانە بەرەو کەمبوونەوە نەچوون، بەڵکوو زیاتریش بوون و ڕەهەندی توندوتیژانەتریشیان بەخۆ گرتووە. لە ساڵی ١٤٠٣دا، ١٨٠ کوشتن بەناوی ناموس لەو وڵاتەدا ڕوویداوە. لەم نێوەندەدا، دەسەڵاتی پیاوسالاریی کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا لە بەرانبەر ئەم دۆخەدا ڕێکارێکی یاسایی گونجاو ناگرێتەبەر، بەڵکوو یاساکانی ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەوەی پیاوان بەئاسانی بتوانن دەستبدەنە کوشتنی ژنانی ژیانیان. ماددەی ٦٣٠ی یاسای سزای ئیسلامیی کۆماری ئیسلامی، شایەتێکە لەم بارەیەوە کە دەستی پیاوانی بۆ ژنکوشتن ئاوەڵا هێشتووەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بەهۆی بوونی یاسای لەم شێوەیە و باری پەروەردەی ئایدیۆلۆجی و نەبوونی پەروەردەی سەردەمیانە و... دەستی لەو کوشتن و توندوتیژییانەدا هەیە، بە شێوەی ڕاستەوخۆش توندوتیژی دژی ژنان بەکاردێنێت؛ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، سزا و زیندان و لێدانی قامچی و لەسێدارەدانی ژنان و... لەو نموونانەن کە دەلالەت لەسەر توندوتیژبوونی سیستەماتیکی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژنان دەکەن.

ئەم ئامارانە لە کوردستانیش هەر بەو شێوەیە سەرسوڕهێنەرن. لە کوردستاندا، وەک بەهەق جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، ژنان بە دوو شێوەی ڕەگەزی و نەتەوەیی دەچەوسێنرێنەوە و دەکەونەبەر توندوتیژی، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چینایەتییشەوە هەمان چارەنووسی تاڵیان هەیە و ساڵانە بە دەیان حاڵەت ڕوودەدەن کە تێیاندا ژنانی هەژاری کورد بۆ بژێویی ژیان ڕوو لە کاری تاقەتپڕووکێن و نائەمنی جۆراوجۆر دەکەن کە زۆر جار ژینگەی کارەکانیان دەبێتە هۆی نیگەرانیی بەردەوامیان و تەنانەت ڕوودانی دەستدرێژی لەلایەن خاوەنکار و هاوکارانیانەوە، کە پێویستە ئەم حاڵەتانەش لە شاراوەیی بێنەدەرەوە و بە بەڵگەنامە بکرێن.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا، کە بەبۆنەی ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بڵاویکردووەتەوە، لانیکەم ٣٠ حاڵەتی ژنکوژی و ٢٣ حاڵەتی دەستبەسەرکردنی ژنانی بەهۆی چالاکیی مەدەنی و سیاسییەوە تۆماریکردووە. ژنانی کورد لە ئێراندا، لەلایەکەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکی تاسەر ئێسقان دژەژن و پیاوسالار بەرەوڕوون و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ کۆمەڵێک نەریتی دژەژنانەی کۆمەڵگەی کوردستان، کە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵدایە، بەرەوڕوون.

هەر بۆیە لەسەرمانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و یاساکانی مەحکووم دەکەین، دەبێت هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەکەشمان کە زیانی قەرەبوونەکراو بە ژنان دەگەیەنێت، مەحکووم بکەین و هەوڵ بۆ نەمان و نەهێشتنیان بدەین، تاوەکوو لەم بارەیەوە هاوبەشیی تاوان بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێڵینەوە. وەک چۆن کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە سەرمەشقێکە بۆ هەموو ئێران، دەبێت لەم بارەیەشەوە ببێتە سەرمەشق، با چیتر شایەتیی ژنکوشتن و توندوتیژی بەرانبەر ژنان لە کوردستان و لە ئێران و لە هیچ کوییەکی جیهاندا نەبین

## د. قادر وریا:

# حیزبی دیموکرات سیاسەتێکی نەتەوەیی و دروستی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زماندا هەبووە

دیمانە: حەسەن شیخانی



**ئاماژە: لە بەشی یەکەمی ئەم وتووێژەدا کە لەسەر کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا" کراوە و لە ژمارەی پێشووی "کوردستان"دا بڵاو بۆوە، باس لە گرینگیی ئەم مژارە بە سەرنجدان بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵسەنگاندنی جموجۆڵ و چالاکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری پرسی زمان کرا. هەروەها باس لەوە کرا کە گرینگیدان بە پرسی زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردی چەندە دەتوانێ لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەور بگێڕێ و گرینگی‌نەدان بە پرسی دروستکردنی زمانی ستاندارد لە قۆناغی شۆڕشدا، چەندە دەتوانێ زیان بە پرۆسەی نەتەوەسازی و یەکگرتوویی کورد بگەیەنێ؟ بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم وتووێژە کۆمەڵێک پرس و بابەتی دیکەی لە خۆ گرتوە.**

**خۆتان دەزانن یەکێک لە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران ئەوەیە کە زمانی کوردی بۆ ئاستی زمانی لۆکاڵی دابەزێنێ، ئەمەش لەو ڕاستایەدایە کە کورد لە نەتەوەوە بۆ ئێتنیک دادەبەزێنێ؛ دەیەوێ هەم زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ و هەم زاراوەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی شێوێندراو، لە هەمبەر زمانی یەکگرتووی کوردی زەق بکاتەوە، جەنابت لەم بارەوە چۆن بیر دەکەیەوە و ئەم پرسە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

لۆژیکی ڕێژیمەکانی ئێران و بە گشتی هەموو ئەوانەی لە ڕووی فکرییەوە دەکەونە بازنەی ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران، ئەوەیە کە لە ئێران یەک نەتەوە هەیە، ئەو نەتەوەیەش زمانەکەی فارسییە. ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی ئەدی کورد و تورک و بەلووچ و عەرەب چن؟ نەتەوە نین؟ زمانەکەیان زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز نییە؟ دەڵێن نەخێر ئەوانە قەومن، زمانەکەشیان زمانێکی قەومییە، لۆکاڵی(خۆجێیی)یە، "گویش" یان زارێکی زمانی فارسییە، ئەگەر لقێکی زمانی فارسییش نەبێت، هەر زمانێکی تەواو نین و ناتوانن زمانی پەروەردە و یاسا و زانست و...هتد بن! تەنیا دەتوانن زمانی شوانکارەیی و کشتوکاڵ و فۆلکلۆر بن! ئایدۆلۆژیای ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونە ناڕاستە دامەزراوە کە ئەگەر پێکهاتەی خەڵکی ئێران وەک چەند نەتەوە بە چەند زمانی جیاوازەوە پێناسە بکەن، ئێران لێک هەڵدەوەشێ. هەر بۆیە هەر چەندی بۆیان بکرێت نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانیان، سووک و چووک دەکەنەوە. تا بیری خۆ بە نەتەوەزانین و قایلبوونی پێگەی نەتەوەیی و زمانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان و زمانەکەیان، لە مێشکیان بەرنە دەر. یەکێک لەو هەوڵانەیان ئەوەیە کە شتێکی وەک زمانی یەکگرتووی کوردی بەرجەستە نەبێتەوە و کورد خاوەنی زمانێکی ستاندارد نەبێت، هەتا بتوانن زمانی کوردی وەک کۆمەڵێک زار کە پێوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە نییە و ئاخێوەرانیان لێک تێناگەن، بناسێنن. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵە شوومەیاندا، تێدەکۆشن هێندێک زار لە زمانی کوردی دابڕن و وەک زمانێکی جیاواز، پێناسەیان بکەن و هانی ئاخێوەرانیان بدەن کە خۆیان وەک خەڵکێکی جیاواز لە نەتەوەی کورد و زاری قسەکردنیان، بە شتێکی جیاواز و لە دەرەوەی زمانی کوردی بناسێنن، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەن بە شێوەی جۆراوجۆر لە خۆیان مایە دابنێن.

لێرەدایە کە تاکێکی کورد لە ئێران دەبێت لەم ڕاستییە تێ بگات کاتێک ڕێژیمی ئێران یان ڕووناکبیرانی سەر بە دەوڵەت- نەتەوەی ئێران، بایەخ بە تەنیا زارێکی زمانەکەی دەدەن و پێگەیەکی تایبەتی وەک زارێکی سەربەخۆی بۆ قایل دەبن، ئەویش لە کاتێکدا کە ئامادە نین کۆی زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ بە ڕەسمی بناسن، مەبەستێکی خێریان نییە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە هەوڵانەدا، ئەرکی هەر تاکێکی کوردە جا هەر ئایین و ئایینزایەکی هەبێت، لە هەر هۆز و شار و ناوچەیەک بێت و بە هەر زار و بنزارێک قسە بکات، بڵێت ئێمەی کورد یەک نەتەوەین و خاوەنی یەک زمانین کە ئەویش زمانی کوردییە. واتە دەمارگرژی لە ئاست ئایین و ئایینزا و زار و بنزار و هۆز و شار و ناوچە، نابێت وامان لێ بکات زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانیان لە پێناودا بکەینە قوربانی.

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خۆتان یەکێک لە کەسە دیارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردیی ڕۆژهەڵاتی و، ناسینێکی لە نێوەوە لەم بارەوە هەیە، کارکردنی حیزبە کوردییەکان لە بواری زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەوان گرینگیی تەواویان داوە بە پرسی زمان و کاریان کردووە بۆ یەکگرتووکردنی زمانی کوردی؟ یان بەپێچەوانە خۆیان هۆکارێکی پرشوبڵاوی و ناکۆکی لە پرسی زمانی یەکگرتوودا بوون؟**

وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوودا وتم، ئێمە بە داخەوە کوردستانێکی یەکگرتوومان نییە و چەند کوردستانمان بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جیاواز و بە بارودۆخی سیاسیی لێک جیاوازەوە هەیە. بۆیە بێگومان لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا بەرانبەر پرسی زمان جیاوازی هەبووە و هەیە. دیارە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە هەڵگری پرسی نەتەوەیی نەبوون، زیاتر خۆیان بە حیزبی چینێکی دیاریکراو و هەڵگری پرسی چینایەتی زانیوە،گرنگییەکی ئەوتۆشیان بە مافە نەتەوەییەکان بە تایبەتی پرسی زمان نەداوە، بەڵام ئەو حیزبانەی بۆ ڕزگاریی کورد لە بندەستی و داگیرکراوی، خەباتیان کردووە، بەو هۆیەوە کە پرسی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆنتێسکتی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییدا گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، زۆربەیان داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردییان کردووە. من زیاتر لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیاری و شارەزاییم هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی سەرەکی و ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیەی هەیە، بۆیە دەکرێ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، سیاسەتی زمانیی ئەم حیزبە وەک نموونە وەربگرین. دەتوانم بڵێم حیزبی دیموکرات سیاسەتێکی نەتەوەیی و دروستی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زماندا هەبووە. ئەم سیاسەتە زمانییە لە پیوەندی لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئێراندا، داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستان و کردنی بە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداری کردووە. لەنێوخۆیدا و ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچی لە دەستی هاتووە بۆ خزمەتی ئەو زمانە، بە تایبەتی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و وەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی، خۆی لێ نەپاراستووە. لە ئەدەبیاتی نووسراوی خۆیدا ڕەچاوی نووسین بە زمانی ستانداردی کردووە، هیچ کات لە هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی زمانی کوردی و داکۆکی لێکردنی غافڵ نەبووە. ڕەهەندێکی پڕشنگداری دیکەی ئەم سیاسەتە زمانییەی حیزبی دیموکرات، داکۆکی لە مافە زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، هەروەها مافە کولتوورییەکانی کەمایەتییە ناکوردەکان لە کوردستانە.

**ئایا پێویستە کورد لە ئێستاوە، واتە لە قۆناغی شۆڕشەوە لە بیری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ؟ هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردی لەم بارەوە چۆن دەبینی؟**

پرسیارێکی بەجێیە. سیاسەتی زمانی، شتێک نییە کە تەنیا ئەو کاتەی دەسەڵاتی نیشتمان و وڵاتی خۆمان بە دەستەوەیە بیری لێ بکەینەوە. هەر لەجێدا سیاسەتی زمانی هەر تایبەت نییە بە دەوڵەتان؛ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بنەماڵەکانیش دەتوانن سیاسەتی زمانییان هەبێت. حیزبێک هەروا کە بۆ بوارەکانی وەک سیاسی و سیستەمی بەڕێوەبەرێتی، بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و بواری کولتووری، ڕوانگە و باوەڕەکانی خۆی گەلاڵە دەکات و بە خەڵکیان دەناسێنێت، پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زمانیشدا، بەرچاوی ڕوون بێت و بڕیار و پەسندکراوی ئەوتۆی هەبێت کە ڕێگایەکی دروست و ئاسۆیەکی ڕوون نیشانی ئەندامان، جەماوەری خۆی و ئەو خەڵکە بدات کە پشتیوانیی لێ دەکەن. سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆیە پێویستە لە ئێستاوە قسەی لەسەر بکرێت، چونکە پرسێکی ئاڵۆزە و لەنێو خەڵکدا بیروڕای جیاواز و تەنانەت ناکۆک لە بارەیەوە هەیە. ئەگەر ئێستا قسەی لەسەر نەکرێت، ڕەهەندە جیاوازەکانی نەکەونە بەر باس و شەنوکەو نەکرێن، سوودەکان و مەترسییەکانی هەر یەک لە ڕوانگە و بۆچوونە جیاوازەکان ئێستا ڕوون نەکرێنەوە، لەوانەیە تا دەگەینە ئەو ڕۆژەی، وەک کورد چارەنووسی خۆمان دەگرینە دەست، زۆر لێک دوور بکەوینەوە. من بە نۆرەی خۆم لە ڕێگای ئەم تێزەوە، هەوڵم داوە بە وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی شارەزایان و چالاکانی بواری زمان و پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێکدانەوە و شێکردنەوەی ڕوانگە و خوێندنەوەی ئەوان، نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەری پرسی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گەڵاڵە بکەم، نەخشەڕێگایەک کە بناغەکەی لەسەر بەڕەسمی ناسینی فرەزمانی، مافەزمانییەکان، پەروەردە بە زمانی دایک و ویستی ئێستای خەڵکەکەمان دامەزراوە. ئەم نەخشەڕێگایە دەکرێت و زۆریش پێویستە لە لایەن شارەزایانی بواری پەروەردە و زمان قسەی لەسەر بکرێت، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەستنیشان بکرێن و بەجۆرێک دەوڵەمەند و گشتگیر بکرێت کە دیدێکی هاوبەش و بەرچاوڕوونییەک بۆ داهاتووی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست ببێت.

**ئاسۆی مافخوازیی کورد و بەتایبەت چڕبوونەیەیان لەسەر زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

چارەسەری پرسی نەتەوەیی و پرسی زمانی کوردی لە ئێران، بە دوو لایەنەوە بەستراوەتەوە. لایەنێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی بزووتنەوە کولتووری و مەدەنییەکەی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن، لایەنەکەی دیکەی ئەو دەسەڵاتەیە کە لە تاران لەسەر کارە. ئەوەندەی پێوەندیی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، زۆر بە ئاسۆی مافخوازیی کورد بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ داواکردنی مافە زمانییەکانیاندا گەشبینم. ئەوەی لە هیچمان شاراوە نییە ئەو وشیارییە نەتەوەیی و زمانییە ڕوو لەگەشەیەیە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدی دەکرێ. ئەم وشیارییە هاندەر بووە بۆ ئەو هەمووە هەوڵ و چالاکییانەی لە پێناوی پاراستنی زماندا وەڕێخراون، هەر لە پێکهاتنی سەدان فێرگەی زمانی کوردی، هەڵمەتی بەکوردینووسین لە سۆشیالمیدیادا، بایەخدان بە فەرهەنگنووسیی کوردی و توێژینەوە لە سەر ڕێزمانی زارە کوردییەکان تا دەگاتە خەبات و پێداگری لەسەر بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی. ئەم هەوڵانە وایان کردووە کە زۆربەی تاکەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات گرنگی بە پاراستنی زمانی خۆیان بدەن و مەترسیی لەدەستدانی زمانی کوردی و توانەوە لە زمان و ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا کەم بێتەوە.

وەک ئاماژەم پێ کرد، ئەم هاوکێشەیە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێرانە. بە ناسیاوییەک کە لەو ڕێژیمە و ئایدۆلۆژیایەک کە ئەو ڕێژیمەی لەسەر دامەزراوە، هەمە، ئەو پێز و مایەیان تێدا نابینم بەدەنگ داوای ڕەوای کورد و هیچ کام لە نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران لە بواری زماندا بێن و وەڵامی ئەرێنییان بدەنەوە. نەک هەر ئەم ڕێژیمە بەڵکوو ڕێژیمەکانی داهاتووش ئەگەر ئایدۆلۆژیای یەک نەتەوە و یەک زمانیان بۆ ئێران هەبێت، هەر دژی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەوەستنەوە. بۆیە ڕێگاچارەیە هەر ئەوەیە خەباتمان هەتا لابردنی ئەو ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی سیاسیی کە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لە ئێراندا بە ڕەسمی بناسێت، درێژە بدەین.

کوردستان
ژمارە: ٩٠٨
١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٤ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢٥

**شاهۆ حوسێنی:**

# بەربەستێکی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی کێشەی هزری و گوتارییە، نەک بەتەنیا سیاسی

دیمانە: "کوردستان"



**ئاماژە: پرسی نەتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانن و ناسنامەی نەتەوەییان جێگیر بووە و هیچ مەترسییەکیان لەسەر نەماوە، لە ڕۆژەڤ کەوتووە. ئەم نەتەوانە بە شێوەیەکی دەزگامەند و دامەزراوەیی، لەپێناو نەتەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان کار دەکەن و وێڕای ئەوەی کە بەردەوام خەریکی نوێکردنەوەی نەتەوە و گونجاندنی لەگەڵ سەردەمدان، بەڵام لە کاتی ئاساییدا لە ڕاگەیەنەکاندا ڕیتۆریکی نەتەوە و نەتەوەخوازی بەرچاو ناکەوێت. کە دەڵێین لە ڕۆژەڤ کەوتووە، بەو مانایەیە کە بۆ نەتەوە بندەست و داگیرکراوەکان لە ئارادایە، ئەگینا تا ئەم نەزمە وێستفالییە هەبێت و تا نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوەدا خۆیان ڕێک بخەن و نوێنەرایەتی بکەن، چەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی هەروا زیندوو و بەرۆژە. پرسی نەتەوە بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست کە خاکی داگیر کراوە، لە ڕۆژەڤدایە و تا ئەو کاتەی پرۆسەی نەتەوەسازیی کورد کامڵ دەبێت و لە دەوڵەت–نەتەوەدا جێگیر دەبێت، پرسی هەرە گرنگی کورد دەبێت. لەم دیمانەیەدا کە لەگەڵ شاهۆ حوسێنی، نووسەر و توێژەری فەلسەفە، پێکمان هێناوە، دەپرژێینە سەر پرسی نەتەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد؛ پەیوەندیی نێوان گوتار و پراکتیکی کورد لەم بیاڤەدا؛ باسی پراکتیکی بزووتنەوەی کورد، گرێدراو لەگەڵ گوتار و هزری نەتەوەیی دەکەین؛ چۆنیەتیی خۆپێناسەکردن و ڕوانین بۆ خۆمان و ئەویتر و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕەهەندە پراکتیکییەکەیدا لێک دەدەینەوە و ڕیشەی فکری و گوتاریی کەمایەسییەکانی بزووتنەوەی کورد شرۆڤە دەکەین.**

**پێناسەی ئێوە بۆ ناسیۆنالیزم چییە؟**

ڕەنگە زۆر شرۆڤە و پێناسەی جیاواز لە ناسیۆنالیزم کرابێت، بەڵام بە باوەڕی من بەبێ تیشک خستنە سەر ڕەوتی مێژوویی و ئەو دیاردانەی کە وەک بنەمای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرێن، تێگەیشتن و فامی ناسیۆنالیزم نامومکینە. ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مۆدێڕنە، واتە لە هەناوی مۆدێڕنیتەدا دەرکەوتووە و دەستپێکی مۆدێڕنیتەش مرۆڤی سوژە و ناسکارە، کەوابوو دەشێ بگوترێت کە بنەما و ئەساسی نەتەوە لە هەناوی سوژەیەکی سەربەخۆ، خۆبنیاتنەر و بکەرەوە دەردەکەوێت، ئەم سوژانەی لە ڕێی پەیوەندیی ئینتێرسۆبژێکتیڤەوە یەکگرتوویەک لەگەڵ یەکدا بنیات دەنێن و بە بڕیارێکی گشتی پێکەوەبوونێک بە ناوی نەتەوە بنیات دەنێن. بەم پێیە کورتترین پێناسەی من بۆ نەتەوەخوازی ئەوەیە: نەتەوەخوازی ڕووداوی دەرکەوتنی سوژەڤانێکی گشتی لە هەناوی سوژەی تاکەوەیە، واتە سوژەکان تاک بە پەیوەندییەکی ئاگایانە و سەربەخۆیانە، کۆ و گشتێک بە ناوی نەتەوە لەگوێن مێتاسوژەیەک بنیات دەنێن.

**مامەڵەی کورد لەگەڵ پرسی نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم چۆن دەبینی؟ ئایا کورد بە شێوەیەکی دروست لەم چەمکە تێگەیشتووە و مامەڵەی لەگەڵ کردوە؟**

بەداخەوە ناسیۆنالیزم لە کوردستان بەرلەوەی کە لەگوێن ڕووداوی سوژەڤانی فام بکرێت، دیاردەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵات و لەگوێن ڕێڕەو و بەستێنێک بۆ دەست بە دەسەڵات ڕاگەیشتن چاوی لێ کراوە، ڕەوتێک بۆ دەست بە دەسەڵات ڕاگەیشتن، بەشداری لە دەسەڵات و دەستەبەرکردنی شەرعییەتی بەڕێوەبەریی دەسەڵات. بەم پێیە دەشێ بگوترێت کە نەتەوەخوازی لە کوردستان بەر لەوەی کە پرۆسەیەک بۆ سەیرورەتی سوژە بێت، پرۆژەیەک بۆ دەسەڵاتداریێتی و زاڵێتییە. ئەم دیاردەیە بەداخەوە ناسیۆنالیزمی لە بەستێنی فەلسەفی و مەعریفی دابڕیوە و دایبەزاندووەتە ئاستی سیاسەتی ڕۆژمەڕە، کێبڕکێی حیزبی و دەسەڵاتخوازێتی. بێگومان ناسیۆنالیزم لە وا دۆخێکدا ئیتر نەک ئاسۆیەک بۆ ڕزگاری، بەڵکوو ستراتیژییەکە بۆ کارکردن لە بەستێنی کێبڕکێی دەسەڵاتدارێتی و دەسەڵاتخوازیدایە؛ واتە لەجیاتی هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی کوردی لەگوێن بکەرێکی ناسکار، خۆبنیاتنەر و مێژووساز، بوونێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵات بەرهەم هاتووە.

**ئایا کورد وەک نەتەوەکانی دیکە، سەربەخۆیانە، خۆی پێناسە دەکات یان هێشتا سێبەری ڕوانینی نەتەوەی سەردەستی لە خۆپێناسەکردندا پێوە دیارە؟**

بەداخەوە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵات هێشتا خۆیان لە چوارچێوەی ڕوانگەی ئێرانیدا پێناسە دەکەن و دەبینن، نەک لەگوێن سوژەیەکی سەربەخۆ. واتە شوناس و خۆفامییان هێشتاشی لەگەڵ بێت، لە ڕێی زمان، مێژوو و چەمکەکانی ناوەند–پەراوێزەوە بەرهەم دێننەوە. تەنانەت لە دیسکۆرسی بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیرانیشدا، بەشێکی زۆر لە چەمکە بنەڕەتییەکان دەروەستی فۆرماسیۆنی زەینی و مانایی ئێرانین، بۆ وێنە تێگەیشتن لە مۆدێڕنیتە، نەتەوە، ئازادی، دێموکراسی و کورد، هێشتا وەرگێڕدراوی ڕوانینی ئێرانییەکانە، نەک بەرهەمێکی سەربەخۆیانە لە هەناوی ئەزموونی ژیاو و ژیانی کوردانەوە. هەرچەند لە پەراوێزی ئەم دۆخەدا، کەمینەیەکی هزری و ڕووناکبیریی ڕەخنەگر خەریکی دەرکەوتن و نواندنی هزری سوبژەکتیڤیستانە و سەربەخۆیانەن و هەوڵ دەدەن لەم دەروەستییە مەعریفییە مەودا بگرن، ئەوان هەوڵ دەدەن کوردبوون لە پێگەی بکەرێکی ناسکار و سەربەخۆوە بەرهەم بهێننەوە، نەک بەتەنیا لەگوێن ئۆبژەی فامی ئێرانی. واتە تێپەڕین لە دۆخی بەرهەمهاتوو و وەسفکراوی ئەویترەوە بەرەو ئاسۆی فام و تێگەیشتن لە دەروونی خۆوە.

**ئەم فاکتەرە چ کاریگەرییەکی لەسەر پراکتیسی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد داناوە؟ ئایا نەبووەتە هۆی خولقاندنی چەشنێک لێڵی لە پراکتیکدا و کەمایەسی لە مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵگە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکاندا؟**

بە باوەڕی من ئەم خەسارە گرنگترین بەربەست بووە، کە کورد وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەستی نەتەوەیی، لەگوێن بوونێکی خاوەن زەین و وێنایەکی یەکگرتووی نەتەوەیی دەربکەوێت. واتە ناسیۆنالیزم تەنیا کاتێک دەتوانێت بەرهەمهێنی نەتەوە بێت کە بەر لە دەسەڵات، دەسەڵاتخوازی و بیری حوکمڕانی، ڕووداوی سوژەڤانی مومکین بکات و درێژەی ڕەوتی سۆبژەکتیڤیزم بێت؛ واتە ئەو کاتەی مرۆڤ، خۆی نەک وەک ئۆبژەیەکی مێژوو، بەڵکوو لەگوێن بکەرێکی سەربەخۆ دەبینێت و پێناسە دەکات. لە ڕۆژئاوا ئەم ڕووداوە لە هەناوی فەلسەفەی دێکارت، ڕەوشەنگەری و دەرکەوتنی سوژەی مۆدێڕن دەرکەوتووە، لەم جێیەوە کە "من بیردەکەمەوە" وەک سەرەتای ناسین و فامی سەربەخۆیانە لەنێو کۆمەڵگەدا جێ دەکەوێت. بەداخەوە ناسیۆنالیزم لە کوردستان لە غیابی ئەم بنەما فەلسەفییە و لە غیابی ئەزموونی مێژوویی سوژەی خۆبنیاتنەر دەرکەوتووە، بەناچار لە دەوری دەسەڵات دەخولێتەوە تا ئاگایی. هەتا ئەو کاتەی ئەم ئاڵوگۆڕە فەلسەفییە لە ئاستی سوژەڤانیدا ڕوو نەدات، هەر فۆڕمێک لە ناسیۆنالیزم لە کوردستان، یان لە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی ملکەچی و کۆیلەیی مرۆڤی کوردە یان خۆی بەرهەمهێنەری ملکەچی و کۆیلەیی مرۆڤی کوردە.

**بەگشتی کێشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تا چ ڕادەیەک کێشەیەکی هزری و گوتارین و تا چەندە ئەکتێکی ئیجرایی ڕووتن؟ ئایا لانیکەم بەشێکی کێشەکانمان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەی کورد لە هزر و گوتار کەمایەسیمان هەیە، بۆیە لە پراکتیکیشدا کێشەمان هەیە؟**

پرسیارێکی گرنگ و ڕادیکاڵە، ئەگەر مەبەستتان لە کێشە، بەربەستی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت، بەشێکی گرنگی ئەو، ڕێک کێشەی هزری و گوتارییە نەک بەتەنیا سیاسی؛ ئیزنم بدەن با ڕوونتر لەم بارەوە بدوێم: ناسیۆنالیزمی کوردی بەداخەوە نەیتوانیوە لە ئاستی هەستی گشتی و خواستێکی بۆ ڕزگاری تێپەڕێت، واتە نەیتوانیوە ببێتە سیستەمێکی هزرڤانیی ڕێکوپێک. ئەم خەسارە لە سێ ئاستدا خۆی دەنوێنێت: هەژاریی تیۆری: هێشتا چوارچێوەیەکی مەعریفەناسیی خۆڕسکی نییە، بەشی هەرەزۆری چەمکەکانی، ئەزموونی نەتەوەیی نەتەوەکانی تری داگیرکەری کوردستانە، یان کۆپی و لاسایییەکی ڕواڵەتین لە ئایدۆلۆژییە کەلانگێڕەوەکانی وەک کۆمۆنیزم، لێنینیزم، مائۆئیزم و ئیسلامیزم، بەبێ ئەوەی کە لە بەستێنی مێژوویی، ئۆنتۆلۆژیک و ئەزموونی ژیاوی تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا پێداچوونەوەیان پێدا کرابێت. ئاکامی ئەمە ناسیۆنالیزمێکی چاولێکەرانەیە کە نازانێت لە مەڕ چ "فامێک لەسەر خۆ" بدوێت. زەینییەتی پەسیڤ: لە دەروونی تاکی کوردا، کوردبوون هێشتا لە هەناوی ئەویتربوونێکدا شرۆڤە و فام دەکرێت، کە غەیرەکوردەکان بەرهەمیان هێناوە. بەردەوام پاساوی خەبات و بەرخۆدانی کورد زوڵم و زۆریی داگیرکەران بووە دژ بە کورد، بەڵام هیچ کات، پاساوی بەرخۆدان و خەباتمان ئەمە نەبووە کە چونکە سوژەیەکی بیرکەرەوەین، خۆبنیاتنەرین و خۆبەرهەمهێنین. ئەمە بەو مانایە دێت کە هێشتا ناوەندی فام و ئاگایی کورد لە دەرەوەی خۆی کوردییە. قەیرانی سوژەی گشتی: زەینی کوردی هێشتا لەنێوان دوو ساحەدا لە ئاڵوگۆڕدایە: سوژەی قوربانی (کە ڕابردووی قوت داوە) و سوژەی قارەمان (کە ئامانجی داهاتوو موتڵەق دەکاتەوە). بەداخەوە هیچ کام لەم دوو دیاردەیە توانای ئەوەیان نیە کە ئێستا لەگوێن بەستێنی بەرهەمهێنانی مانا و دەسەڵاتی گوتاری بڕازێننەوە. هەر بۆیەش بەشی هەرە زۆری بەربەستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی نەک لە ئاستی تاکتیک و سیاسەتدا، بەڵکوو لە ئاستی زەین و ئەندێشەدان.


**شێوازی مامەڵەی خۆمان لەگەڵ خۆمان و چۆنیەتیی خۆپێناسەکردنمان، چ کاریگەرییەکی لەسەر مامەڵەی نەتەوەی سەردەست بەرانبەر ئێمە داناوە؟ ئەگەر ئێمە لە ڕەهەندی فکری و گوتاریدا بەهێزتر و متمانەبەخۆتر دەرکەوتباین، چ کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی ئەوان بەرانبەر ئێمە دەبوو؟**

دەزانی، جۆری پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی بەر لەوەی کە ئەزموونێکی تاکی بێت، ئەزموونێکی ئۆنتۆلۆژیک و هەڵوێستێکە لە بازنەی دەسەڵاتدایە، واتە ئیرادە، خواست و توانای خۆدارشتن، خۆبنیاتنان و پەرەدان بە خۆ. ئەگەر کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک بە دڕدۆنگی، دڵەڕاوکێ و لەرزۆکی خۆی وێنا بکات، دەریبخات و لەسەر ئەم لاوازییانە هەڵسوکەوت بکات، جیهان ڕێک بەم شێوەیە دەیانبینێت و وەریاندەگرێت. لە ڕاستیدا متمانەبەخۆبوون بەتەنیا دیاردەیەکی دەروونناسانە نیە، بەڵکوو سیگناڵێکە لە لووتکەی دەسەڵاتەوە دەردەکەوێت. ئەوانەی خۆیان لاواز دەبینن، بۆ پێناسەکران و دیتن، شوێن ئیزن و دیتنی دەرەکی دەکەون، بەڵام بەپێچەوانەوە، کەسێک کە سەربەخۆیانە شوناسی خۆی دادەڕێژێت و خۆی بنیات دەنێت، خۆی هاوتەریب و بگرە بەرزتر لە ئەویتر دەبینێت. بێگومان شوناسی تاک و کۆ، کاتێک تووشی قەیران و کێشە دەبێت، کە سوژە بەر لەوەی کە خۆی پێناسە بکات، لە ئاوێنەی ڕوانگەی ئەویتردا بەرهەم بێت و دەربکەوێت. لە وا دۆخێکدا پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی پەیوەندییەکی سانەوی، دژکردەوەیی و دەرکەوتووە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن لەگەڵ بوونێکی بەدیلیدا. بوونێک کە چاوەڕوانی پشتڕاستکردنەوە لە دەرەوەی خۆی دەکات، لەرزۆک و بێمتمانەیە بە بوونی، واتە لە بوونی خۆی دڕدۆنگە و توانای دەنگهەڵبڕین و خۆدەرخستنی نیە، بەکورتی دەشێ بگوترێت کە پێکهاتەیەکە لە پێگەی پەیڕەودا ڕۆڵ دەگێڕێت. کاتێک تاک و کۆمەڵگەیەک توانیان خۆیان بە زمانێکی ڕوون، مسۆگەر و سەربەست دەرببڕن، پەیوەندیی دەسەڵات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. دەسەڵات بەردەوام لە بەرانبەر بوونێکدا کە هێشتا خۆی وەک کێشە و قەیران دەبینێت، ڕۆڵی قەییوم دەگێڕێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بەرانبەر سوژەیەکدا کە ڕەوایەتی و گێڕانەوەکانی لەمەڕ خۆی ڕێک و قایمە، لە چوارچێوەی قەییومی دەردەکەوێت و دێتە نێو بەستێنی دیالۆگ و وتووێژ و قبووڵکردن. کەوابوو تاک و نەتەوەیەک کە متمانەی بە خۆی نیە، لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا وەک قەیران و کێشە فام دەکرێت، بەڵام تاک و نەتەوەیەک کە ڕەوایەتی و گێڕانەوەی سەربەخۆیانەی لەمەڕ خۆی هەیە، ئەوا دەبێتە لایەنی دانوستان و دیالۆگ. کەوابوو ڕێز، عەدالەت و بەفەرمی ناسین هیچ کات لە دەرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکوو لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە تاک و نەتەوە وەک سوژە لەجیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدەن ببیندرێن، بڕیار دەدەن خۆیان دەربخەن.

**پێت وا نیە لەم ساڵانەی دواییدا کورد و کۆمەڵگەی کوردی تۆکمەتر و بەهێزتر هاتوونەتە مەیدان و، خۆی، خۆی پێناسە دەکات و لە چاویلکەی ئەویتری سەردەستەوە لە خۆی ناڕوانێت و متمانەبەخۆتر لە جاران دەجووڵێتەوە و پێناسە داسەپاوەکان بۆ خۆی ڕەت دەکاتەوە؟ لێرەدا دەمەوێت بپرژێیتە سەر دۆخی هەنووکەیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لەم ساڵانەی دواییدا.**

ئەمەی لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵات دەرکەوتووە، دەشێ بگوترێت کە زیاتر لە ڕاپەڕینێکی سیاسی، دابڕانێکە لە ئێپیستمۆلۆژیادا، واتە تێپەڕینە لە بوون لەگوێن ئۆبژەیەکی پێناسەکراو بەرەو بوونێک لەگوێن سوژەیەکی ئاگا. دەشێ بگوترێت کە ئێستا لە ڕۆژهەڵات قەڵشێکی قووڵ لە نەزمی زانایییدا دەرکەوتووە، کورد لە ڕۆژهەڵات ئیتر خۆی ڕاناهێنێت بەمەی کە: من هەم، چونکە منیان دیوە، بەپێچەوانەوە دەڵێت: من هەم چونکە خۆم ویستوومە چۆن بم و کێ بم. ئەم بوونە بەر لەوەی کە بوونێکی سیاسی بێت، بوونێکی ئۆنتۆلۆژیکە، بوونێک کە لەسەر بنەمای مافی خۆپێناسەکردنی سەربەخۆ دامەزراوە. کورد ئیتر مێژوو ئەزموون ناکات، بەڵکوو هەوڵ دەدات مێژوو ساز بکات. ئەم دۆخە هێشتا پوخت نەبووەتەوە، بەڵام لە ئاستێکدایە کە دەشێ پێی بگوترێت "مەودای دیالێکتیکیی نێوان دەسەڵات و ئاگایی". کورد ئەمڕۆکە لە دۆخی شکست تێپەڕیوە بەرەو دۆخی هاتنەدی، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە دۆخی هاتنەدی، بەڵکوو لە فۆڕمێکی هەڵواسراوی ئێگزیستانسیالدایە: ئەم دۆخە دۆخێکە کە تێیدا سوژەی کورد دەزانێت و تێگەیشتووە لەوەی کە دەبێت ببێت، بەڵام هێشتا خەریکی بەرهەمهێنانی زمانێکە کە بتوانێت تێیدا بوونی خۆی بکاتە پێکهاتە. بەکورتی دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستان دەبیندرێت، نەک بزاڤێک، بەڵکوو نزیکبوونەوەیە لە ساتی دەرکەوتنی کۆ لەگوێن عەقڵی مێژوویی خۆی.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



**شەهیدێکی غەریب، ئاوری دەپۆشی و خۆر لە خوێنید**

**بە شەودا خوێنی داگیرساند، لە ڕۆژگاری نهێنیدا**

**شەهید عەلی دۆستی**



برایم چووکەڵی

خەباتی بەرحەق و ڕەوای کورد بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە خوێنی باشترین و بە ئەمەگترین ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە گەیشتۆتە قۆناغی ئێستا. "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەی ڕۆژنامە ئاوڕ لە یاد و بیرەوەریی "عەلی دۆستی" لە هێزی شەهیدانی دیواندەرە دەداتەوە.

عەلی دۆستی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژاری شاری دیواندەرە چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. پاش ئەوەی قۆناغی سەرەتایی خوێندنی بڕی، بەهۆی هەژاری و دەستکورتیی بنەماڵەکەی وازی لە خوێندن هێنا و لەگەڵ باوکی ملی نایە کار و کاسبی. بۆیەشە هەر زۆر زوو لەگەڵ زوڵم و زۆری دەسەڵات و حکوومەتی پاشایەتی و چەوسانەوەی گەلەکەی ئاشنا بوو. هەر لەو ساتانەشەوە بیری ئازادیخوازی و خەبات بۆ سەربەستی و ڕزگاری چووە خوێن و بیری عەلیی تازەلاوەوە. بۆیەش هەموو دەرفەتێکی بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم و لەقاودانی جینایەتەکانی پاشایەتیو ڕوونکردنەوەی خەڵک و شیکردنەوەی دەردو ژانەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەقۆستەوە، هەر لەو سۆنگەیەش ڕێژیم ساڵی ١٣٥٤ عەلیی لە گەڵ دەستەیەکی دیکە لە شۆڕشگێڕان گرت و ڕەوانەی بەندیخانەی کردن.

شەهید عەلی دۆستی لە دادگایەگی ڕواڵەتی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە ١٥ ساڵ زیندان مەحکوم کرا. ١٥ ساڵ زیندان بە تاوانی ڕووناکبیری و لەپێناو ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیدا. عەلی ماوەی دوو ساڵ لە ماوە زیندانییەکەی کێشابوو کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ پسانی زنجیری سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری دەستی پێکرد. شەهید عەلی دۆستی لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هاوکاریی ٢٢ کەس لە هاوبەندییەکانی پەلاماری شۆڕشگێڕانەی بۆ سەر جبەخانەی بەندیخانەی شاری سنە دەست پێ کرد و لە ماوەیەکی کورتدا دەرگای جبەخانەیان شکاند و دەستیان بە چەک ڕاگەیشت و دەسبەجێ هێرشیان کردە سەر نگهبانەکانانی زیندان و چەکیان کردن و توانییان دەرگای زیندان بشکێنن و هاوکات ٧٠٠ کەس لە بەندییەکان لە ڕزگار بکەن.

عەلی دۆستی پاش ئەنجامی ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەیە گەڕایەوە دیواندەرەو بۆ ماوەیەک لە گوندەکانی دەورووبەر ژیانی تێپەر کرد و پاش سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش، بەڵام لەگەڵ هێرشی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، شەهید عەلی دۆستی وەک لاوێکی شۆڕشگێڕ و بەهەست هاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە و قۆڵی خەباتی لە دژی دوژمنی گەلی کورد هەڵماڵی. شەهید عەلی هەر لە مانگەکانی یەکەمی پێشمەرگایەتییدا لە شەڕەکانی سەر ڕێگای دیواندەرە- سنە، دیواندەرە-سەقز، زەڕینە، حاجی سەید و نێوشاری دیواندەرەدا قارەمانەتیی نواند و ناوبانگ و ئازایەتییەکەی کەوتە سەر زاری خەڵک و هەموو هاوسەنگەرانی و بەمجۆرە بە فەرماندەری لکی پێشمەرگەکانی شەهید "ڕئۆف خزرئەلیاسی" دیاری کرا. شەهید عەلی دۆستی لەو پلە و بەرپرسایەتییەدا توانی کارامەیی و لێهاتوویی و لێوەشاوەیی خۆی پتر بسەلمێنێ و چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی دیکەش بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێ.

لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا حیزبی دیموکراتی کوردستان مەئمورییەتێکی بە شەهید عەلی دۆستی و ١٧ کەس لە هاوسەنگەرانی دا بچنە ناوچەی بیجار. ئەو تیمەی حیزب چەند ڕۆژێک بوو لەو ناوچەیە مابوونەوە کە دوژمن بە بوونیان دەزانێ. ئیدی ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوە لە شارەکانی تیکاب، دیواندەرە و بیجارەوە، هێزێکی زۆر وەسەر عەلی قارەمان لە گەڵ ١٧ هاوسەنگەرەکەی لە گوندی "سەڵوات‌ئاوا"ی بیجار دەگێڕن. دوژمن بەتەواوی دەوری ١٨ ڕۆڵەی کۆڵنەدەری دێموکراتی تەنیبوو و خستبوونیە گەمارۆی توندی خۆیەوە. ڕۆڵە خۆڕاگرەکانی دێموکرات یان دەبوو تەسلیم بن، یان خوێنیان بڕژێ و دەرسی فیداکاری و کۆڵنەدانیان بۆ هاوسەنگەرانیان بە میرات بە جێ‌بێڵن. بەمجۆرە بو کە شەهید عەلی دەستووری هێرش بۆسەر دوژمن و شکاندنی گەمارۆی هێزی کۆنەپەرەستی و شەڕی دەستویەخەی دا. شەڕیکی قورس و خوێناوی لە ئارادا بوو. لە هەر لایەک دوژمن پەلاماری دەهێنا قارەمانانی دیموکرات لە سەنگەری ئازادیدا هەڵیان دەکوتا سەر دوژمن و کەلاکیان لێ دەخستن. دوژمنی بە هەموو شێوەیەک ئاور و ئاسنی بە سەر پێشمەرگەکان‌دا دەباراند.

پاش ٨ سەعات شەڕ و خۆڕاگری، نەبەردی و حماسەخوڵقینی عەلی دۆستی و ١٧ هاوسەنگەرەکەی بە ناوەکانی عەباس ئەحمەدی، محەممەدساڵح سەنعەتی، ئەمجەد غەفاری، عارف کاکەخانی، نێعمەت مرادی، محەممەدکەریم تەدخیز، ڕەحمان باباخانی، عەلی خالیدیان، سەعید فەتحوڵاهی، جەمشید باوەیسی، مەنسوور باوەیسی، محەممەد گلەیی، مەحموود مرادی، حەبیبوڵڵا فەلاحی، عەبدوڵڵا محەممەدی، محەممەد ڕەشید سادقی و محەممەد ڕەعنایی هەتا دوا فیشەک شەڕیان کرد و تەرمی شەڵاڵی خوێنیان کەوتە سەر عەرز.

بە شەهیدبوونی ١٨ ڕۆڵەی دیموکرات خەڵکی کوردستان بەگشتی و ناوچەی دیواندەرە بەتایبەتی تازیەدار بوون و تەمی خەم دایگرتن. بەڵام زەبری پەیتا پەیتای هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە پەیکەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بزەی خستەوە سەرلێوی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و هەموو بە پێکەنینەوە بە یەکتریان دەگوت ڕێگای شەهید عەلی دۆستی و هاوڕێکانی درێژەیان هەیە.

# ئابووریی ئەشکەنجە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



زانیار حوسێنی




ئەشکەنجەدان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ سەرکوتکردن و تۆقاندنی کۆمەڵگەی ژێردەستە، هەندێکجار ئەم دامەزراوەیە وەک کارگەیەکی بازرگانی و هێڵی بودجە دەردەکەوێت؛ بە واتایەکی تر لە زۆربەی حکوومەتە دیکتاتۆرەکاندا ئەشکەنجە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ بێدەنگکردنی دەنگی نەیاران و سەرکوتکردنی هاووڵاتیان، بەڵکوو پێکهاتەیەکی گەورەی ئابوورییە کە دەیان دامەزراوە و سەدان کۆمپانیا و هەزاران بەرپرس و مەئموور کەڵکاژۆی ماددیی لێ وەردەگرن و لەو ڕێگەیەوە داهاتیان دەست دەکەوێت.

ئەم پێکهاتە ئابوورییە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە ڕاپۆرتە فەرمییەکان، ڕۆژنامە سەرانسەرییەکان و نامەنووسیی ئۆرگانە ئیدارییەکاندا نابینرێت، بەڵکوو لە پرۆژەیاسای بودجە، گرێبەستە نهێنییەکان، کۆمپانیاکانی سەر بە سپای پاسداران و بودجەی "پۆلێنکراو"دا پەرش و بڵاو کراوەتەوە. بەڕاستی لە سیستەمی سەرکوت و ئەشکەنجەدانی ڕێژێمدا چەندە تێچووی ماددی دەکرێت و کێ سوودی لێ وەردەگرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ئاوڕێک لە نێو سیستەمی ئیداری و ئەمنی-نیزامیی ڕێژیم بدەینەوە و بە وردی چاوێک بخشێنین بەسەر ڕەفتاری سیستەم لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتییەکەی و هەروەها ڕاپۆرتی قوربانییەکان و ئەو کەسانەی لە سیستەم هاتوونەتە دەرەوە و وازیان لە ڕێژیم هێناوە.

ئەشکەنجە لە ئێران سیستەمێکی بەڕێوەبردنە نەک ڕووداو و پێشهات! بەپێچەوانەی گێڕانەوەی ڕێژیم کە ئەشکەنجە وەک پێشێلکارییەکی تاکەکەسی، نەزانیی کارمەندان و هەندێکجاریش وەک هەڵسوکەوتی ئارەزوومەندانەی ئەندامەکانی دەخاتە ڕوو، ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ناوەندی دەستبەسەرکردنی فەرمی و نهێنی، دامەزراوەی ئەمنیی هاوتەریب، دادوەریی ئەمنییەتی، پزیشک و نەخۆشخانەکانی سەر بە خۆی و کۆمپانیاکانی دابینکردنی ئامێری ئەشکەنجەدانی هەیە. ڕێژیم ئەم جۆرە کەرتانەی لە ئیکۆسیستەمێکی تایبەت بە سەرکوتکردندا بە بودجە، کارمەند و پەرسۆنێلەوە داناوە کە بە کردەوە وەک دامەزراوەیەکی خۆبژێو مامەڵە دەکەن و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بە کردەوە دەستڕاگەیشتن بە چەندایەتی و چۆنایەتیی داتاکانی بە شێوەیەکی ورد و دەقیق مەحاڵە؛ بە واتایەکی تر، ئەو ئیکۆسیستەمە وەک کۆمپانیایەکی ئابووری-ئەمنییەتی کار دەکات کە تێچوو و قازانجکردنی بەشێکی جیانەکراوەیە لێی.کەرتێکی ئەمنیی کە پلەبەندی، پۆلێنکردن، بودجە، ئاسانکاری و ئامانجی تایبەت لەخۆ دەگرێت، پێویستە وەک کەرتێکی ئابووریی یان کارگەیەکی ئابووریی کە ئاراستە و ئامانجی سیاسی-ئەمنیی هەیە، سەیر بکرێت، نەک وەک کردەوەیەکی تاکەکەسیی یان هەنگاوێکی ئارەزوومەندانە لەلایەن چەند پەرسۆنێلێکی ئیدارییەوە.

بودجەی کراوەی ئەم جۆرە دامەزراوانە کە ناتوانرێت لە پرۆژەیاسادا بشاردرێتەوە! لە بودجەی فەرمیی ئێراندا چەندین دامەزراوەی سەرەکی و هەستیار ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە سەرکوت:

١) ڕێکخراوی زیندانەکان کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بودجە فەرمییەکەی چەند جارێک زیادی کردووە، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە بودجەی ڕاستەقینەی دامەزراوەیەکی لەو جۆرە لانیکەم دوو هێندە زیاترە لە ژمارە ڕاگەیاندراوەکەی، چونکە بەشێک لە تێچوونەکان لە هێڵی بودجەی "خەرجییە نهێنییەکان"ەوە دابین دەکرێت.

٢) وەزارەتی ئیتلاعات کە بودجەکەی بە فەرمی لە پرۆژەیاسادا دێت، بەڵام بەشێکی زۆری لە هێڵی لێکۆڵینەوەی ئەمنیی و پاراستنی زانیاری و پرۆژەی نهێنیی لە بودجەی خەرجییە نهێنییەکاندا دانراوە، کە لە ڕاستیدا بۆ دەستبەسەرکردنی نافەرمیی و ئۆپەراسیۆنی ڕاوکردنی نەیاران و تۆڕی سیخوڕی لە سەرتاسەری وڵات و کڕینی کەرەستەی لێپرسینەوە بەکار دەهێنرێت.

٣) سپای پاسداران (ئیتلاعاتی سپا)، کە لە بودجەی فەرمیدا نێوێک لەو کەرتەی سپای پاسداران ناهێنرێت، بەڵکوو هێڵەکانی وەک پاڵپشتیکردنی ئەرکەکانی دەرەوەی وڵات، چالاکییە ئەمنییە ستراتیژییەکان، و ڕاهێنان و مانۆڕە تایبەتەکان، بەشێکی زۆری پارەکە بۆ ئەشکەنجەدان و دەستبەسەرکردن دابین دەکەن؛ لە ڕاستیدا سوپای پاسداران بە دەوڵەمەندترین ئەکتەری ئەم سیستەمە دادەنرێت. بودجەی شاراوە یان خەرجییە پۆلێنکراوەکان، کە هەمان هێڵی بودجەی خەرجییە نهێنییەکانن، لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکیی خەرجییەکانی ئەشکەنجەن و ئەو هێڵانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە "ئاسایش". ئەم بەرگ و پۆششانە ناوی وەک تێچووی ئامێری تایبەت، خزمەتگوزارییە نهێنییەکان، پشتگیریی پاراستن، پاراستنی ئاسایشی نێوان لایەنەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە نەرمەکان و بەهێزکردنی تواناکانی بەرگریی ناڕێکخراوەیی لەگەڵدایە کە کاریگەری و ئامانجەکانیان بە تەواوی بۆ کۆمەڵگە ڕوون نییە. بەڵام لە ڕاستییەکانی ئێستای دامودەزگا ئەمنییەتی-نیزامییەکانی ڕێژیمەوە دەتوانین تێبگەین کە ئەم هێڵانە لە ڕاستیدا خەرجییەکانی وەک کەرەستەی ئەشکەنجە و لێپرسینەوە، کەرەستەی پێویستیی ژووری ئەشکەنجە، سیستەمەکانی گوێگرتن، ئامێری دۆزەرەوەی درۆ و تەنانەت تێچووی ڕاهێنان و خولی جۆراوجۆر بۆ لێکۆڵەران دەگێڕێتەوە.

دەیان کۆمپانیای سوپای پاسداران بە ڕواڵەت لەژێر پەردەی هاوردەکردنی ئامێری ئەمنییەتی و سیستەمی چاودێری و ئامێری پۆلیس کار دەکەن. پۆلیسی ئەمنییەت و یەکە تایبەتەکان بە بودجەیەکی زۆر لە پڕۆژە ئەمنییەکان وەک گرێبەست بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ یاریگاکان و کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتییەکان و فرۆشتنی کەرەستەی خۆپارێزی بە کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەت و مەشقپێکردنی هێزەکانی سەر شەقامەکان داهاتیان دەست دەکەوێت و داهاتی ئەم کەرتەش ڕاستەوخۆ دەچێتە ئۆپەراسیۆنەکانی سەرکوتکردنەوە. سوپای پاسداران کە گەورەترین بەکاربەر و پشکداری بودجەی نهێنییە، ناوەندی دەستبەسەرکردنی تایبەت و ئامێری لێپرسینەوە و پسپۆڕانی ئەشکەنجەدان و مووچەی تایبەتیی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی کاریگەر بووەتە کەرتێکی "تایبەتمەند"ی سەرکوتکردن.

بەڵام بۆچی کۆماری ئیسلامی ئەم بڕە پارەیە بۆ ئەشکەنجە خەرج دەکات؟ لە کەشی ئاڵۆز و هەستیاری نێوخۆدا کە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر و ئاڵۆزتر دەبن و لە لایەکی دیکەشەوە هەڵاوسان و بێکاری و کەمترین تێچووی بژێوی، بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، زیادبوونی نەیاران و ناڕازیبیان و دەستپێکردنەوەی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەکان لە ئاستێکی فراوانتردا بەکردەوە حاشاهەڵنەگرە. لە بەرامبەر قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و خەڵکی مافخواز و داواکار، کارمەند و بریکاری ئەمنیی و سەرکوتکار لە خزمەت ڕێژیمدان؛ لە کەشێکی وادا، بە مەبەستی پێشگرتن لە لەدەستدانی هێز و ڕاکێشانی هێزی سەرکوتکاری نوێ، ڕێژیم ناچارە مووچە زیاد بکات، کەرەستەی ئەشکەنجە و سەرکوت زیاد بکات، ئیمتیازاتی ڕێکخراوەیی زیاد بکات و کرێی ئابووریی بە شێوەی جۆراوجۆر دروست بکات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە دژەمرۆییەکانی. بەتایبەتی دروستکردنی بێکاری و هەژاریی دەستکرد لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەتییەوە، هەندێکجار وەک فێڵێک بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی هێزی زیاتر ڕابکێشێت و کەمترین ناشیرینیی دامەزراندن لەم جۆرە ڕێکخراوانەدا بێتە بەرچاو. ئەم شێوازە لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە لە کوردستان، بەلوچستان و خوزستان بە شێوەیەکی کردەیی جێبەجێ کراوە. لەم حاڵەتەدا مووچەی ئەفسەرانی ئەمنییەتی زیاد دەکات، کۆمپانیاکانی ئەمنییەت کرێ وەردەگرن، هاوردەکردنی ئامێرەکان ملیاردها قازانج دەکات و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردنی ئەهلیی بودجەی تایبەت وەردەگرن. ئەم جۆرە شێوازانە بە کردەیی ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی ڕێژیم بتوانێت بە ئامانجە سەرەتایی و لاوەکییەکانی خۆی بگات

ئێستا پرسیارێکی تر ئەوەیە، چەندە پارە بۆ ئەشکەنجە و سەرکوت خەرج دەکرێت؟ ڕاستییەکە ئەوەیە کە کەس بە وردی نایزانێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی فرەچەشنیی ئامێرە ئەمنییەکان، تۆڕەکانی هاوتەریب، زانیاریدەر و سیخوڕ، خەرجیی مەیدانی، دابینکردنی ئامرازەکانی ئەشکەنجە و سەرکوتکردن، کەرەستەی ئەمنیی و هتد، دەتوانرێت مەزەندە بکرێت کە لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ لەسەدی بودجەی ڕاستەقینەی ئێران بۆ دەزگا ئەمنییەتییەکان خەرج دەکرێت؛ ئەگەر بۆ نموونە بودجەی ڕاستەقینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ٢٠ میلیارد دۆلار وەربگرین، ٤ بۆ ٥ میلیارد دۆلار تەنیا بۆ دەزگای سەرکوتکردن خەرج دەکرێت و لەو بڕە پارەیە، مەزەندە دەکرێت زیاتر لە یەک ملیار دۆلار تەنیا بۆ گرتن و لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدان خەرج بکرێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە تێچووی هەر دۆسیەیەکی ئەمنیی نزیکەی چەند میلیۆن تمەنێکە، تێچووی هەر ناوەندێکی دەستبەسەرکردن دەیان میلیارد تمەنە لە ساڵێکدا، و تێچووی هەر لێکۆڵەرێک دەیان ملیۆن تمەنە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە ئێراندا هەزاران کەس ڕاستەوخۆ بژێوی ژیانیان لە ڕێگەی ئەشکەنجەوە دابین دەکەن: لێکۆڵەر، ئەفسەری ئیتلاعات، کارمەندی ناوەندی دەستبەسەرکردن، پزیشکی هاوکار، شۆفێری ئۆتۆمبێلی ئەمنیی، تەکنیکاری ئامێر، دابینکەرانی خۆراک، پاسەوانەکان، هێزە شاراوە و نهێنییەکان و سیخوڕەکان کە بژێوی ژیانیان بەندە بە بەردەوامیی سەرکوتەوە. واتە ئەگەر ئەشکەنجە بوەستێت، هەزاران کەس بێکار دەبن و سەدان کۆمپانیا دادەخرێن و تۆڕی داراییی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات تووشی زیانێکی ئابووریی قورس دەبن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەشکەنجە پایەی مانەوەی ڕێژیمە و بەبێ سیستمی تۆقاندن و سەپاندنی تێچووی قەرەبوونەکراوە، خێراییی ئاستەنگیی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبوو و ناڕەزایەتی و بزووتنەوەکان بەربڵاوتر دەبوون. بێ گوێدانە پرسی سیاسیی و ئەمنییەتی و مانەوەی ڕێژیم، ئەشکەنجە بووەتە پیشەسازییەکی پارەپەیداکردن کە دەیان دامەزراوە و هەزاران کەس ڕاستەوخۆ لێی سوودمەند دەبن و تاکە خەمی ئەو جۆرە کۆمپانیا و تاکانە، قازانجی زیاترە لەسەر حیسابی ژیان و چارەنووسی ئەندامانی کۆمەڵگە.

## لە سۆسیالیزمەوە بۆ "ڕێگای سێیەم"؛

# گۆڕانی ئایدیۆلۆژی سۆسیال دێموکراسی و لێکەوتەکانی لەسەر ئورووپا


شارۆخ حەسەنزادە

دوای کۆتایی‌هاتنی شەڕی سارد لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ و دارمانی ڕێژیمە کۆمۆنیستییەکان، ئورووپا بەرەو پارادایمێکی نوێی جوگرافیای سیاسی و ئابووری چوو. ئەم ڕووداوە، سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتنێکی سیاسیی بۆ ڕۆژاوا دەستەبەر دەکرد، شەپۆلێکی بەربڵاوی نیولیبراڵی دەگەڵ خۆی هێنا کە بنەما نەریتییەکانی ڕەوتە سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپای خستە ژێر پرسیار. لە ڕابردوودا، سۆسیال دێموکراسی بەهۆی کۆدەنگیی دوای شەڕ لە ڕۆژاوای ئورووپا، بە پشتبەستن بە نیشتمانی‌کردنی پیشەسازییەکان، باجی قورسی پێشکەوتوو و حکومەتێکی تەواوی خزمەتگوزار (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی)، خۆی لە بەرامبەر ئابووری بازاڕی کۆنترۆڵنەکراو و کۆمۆنیزم دانابوو. وێڕای ئەمەش، قەیرانە ئابوورییەکانی دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ (وەک نەبزووتنی هەڵاوسان) سەلماندی کە مۆدێلەکانی پلاندانانی ئابووری و باجە بەرزەکان، توانای کێبڕکێیان دەگەڵ ئابوورییە دینامیکییەکانی سەر بە بنەمای بازاڕیان نییە. لەو ڕەوشە نوێیەدا، ڕەوتە چەپەکانی ناوەند خۆیان لەبەردەم دووڕیانەکی ئایدیۆلۆژیدا بینییەوە؛ یان دەبوو لەبەرامبەر هێزەکانی جیهانداگر بەرگری بکەن و گۆشەگیر بن، یان ئاراستەی ئایدیۆلۆژی خۆیان بۆ ناوەند (لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی) بگۆڕن. ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەیەک بە ناوی "ڕێگای سێیەم"؛ هەوڵێکی ئاگاهانە بۆ قبوڵکردنی بنەماکانی بازاڕی ئازاد و کێبڕکێی ئابووری (نەریتی لیبراڵیستی) لە هەمان کاتدا پاراستنی پابەندبوون بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی

نزیکبوونەوە لە بنەماکانی لیبرالیزم، پرسیارێکی سەرەکی سەبارەت بە ناسنامەی چەپ لە ئورووپا دەوروژێنێت؛ ئایا ئەم گۆڕانە بە واتای مردن و پووکانەوەی ئامانجە نەریتییەکانی سۆسیال دێموکراسییە، یان تەنیا هێمای پێگەیشتنی سیاسی و واقیعخوازی ئەم لایەنەیە لە جیهانێکی یەکجەمسەر و بازاڕتەوەردا؟ لێکەوتەکانی ئەم هەڵبژاردەیە لەسەر پێکهاتەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ئەورووپی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە شیکاری ورد و ئامارییە.

بۆ شیکاریی گۆڕانکاریی و شیفت ئایدیۆلۆژی، تێگەیشتن لە جیاوازیی وردی نێوان چەمکەکان زۆر گرنگە. لە کاتێکدا هەردوو لایەنی سۆسیال دێموکراسی و لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی دەکەونە بازنەی چەپی ناوەند و هەردووکیان پشتگیری لە دێموکراسی، مافە مەدەنییەکان و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەکەن، بەڵام جیاوازییەکانیان لە بنەما فکرییەکان و ڕێژەی قبوڵکردنی سەرمایەداری بازاڕدا زۆر سەرەکییە؛ سۆسیال دێموکراسی، ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ سۆسیالیزمی نەریتی دەگەڕێتەوە. ئامانجی کۆتایی کەمکردنەوەی جیدی و سیستەماتیکی نایەکسانی چینایەتی و دادپەروەریی دابەشکردن بوو لە ڕێگەی خاوەنداریەتی گشتی یان چاودێریی چڕیی دەوڵەت بەسەر کەرتی سەرەکیی ئابووریدا. لەم مۆدێلەدا، دادپەروەری و یەکسانی لەپێش ئازادییە ڕەهاکانی بازاڕەوەیە. لەلایەکی دیکەوە لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی؛ ڕەگ و بنەماکانی دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی لیبرالیزمی کلاسیک. لەم مۆدێلەدا، ئازادییە تاکەکەسییەکان و بازاڕی ئازاد چەقی سەرەکی پرسەکەن، بەڵام حکومەت ئەرکیەتی بە دانانی یاساگەل و دابینکردنی خزمەتگوزارییە لانیکەمەکانی ئاسوودەیی (تۆڕی پاراستن)، هەتا ئەو ئازادییانە لە شکستی بازاڕ بپارێزێت و هەل و دەرفەتی یەکسان مسۆگەر بکات. جووڵەی حیزب و لایەنە ئەورووپییەکان بەرەو ناوەند، بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ڕێگای سێیەمدا خۆیا بوو؛ ڕێبازێکی پراگماتیستی کە هەوڵی دەدا بۆن و بەرامەیەکی مرۆیی بە سەرمایەداری ببەخشیت، نەک ئەوەی بەرگێکی سۆسیالیستی بکاتە بەر. ئەم چەمکە بە شێوەیەکی کاریگەر سۆسیال دێموکراسی لە ئامانجە سۆسیالیستییەکانی دوورخستەوە و پاڵی نا بەرەو قبوڵکردنی نەرمیی بازاڕی کار، کەمکردنەوەی باجی کۆمپانیاکان و تایبەتکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان؛ چەمکگەلێک کە پێشتر تەنیا لە دەستەڵاتی پارتە کۆنەپارێز و لیبراڵە کلاسیکەکاندا بوو.

کەوابوو لەم قۆناغەدا، نزیکبوونەوە لە لیبرالیزم بە واتای وازهێنانی تەواو لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی نەبوو، بەڵکوو بە واتای گۆڕینی سەرچاوە و پێکهاتەی دابینکردنی دارایی و پێشخستنی کێبڕکێی ئابووری بوو. پێوانەکردنی ئەم گۆڕانکارییە لەم نووسینەدا لەسەر بنەمای شیکاریی گۆڕانکارییەکانە لە سێ کۆڵەکەی سەرەکی؛ بەتایبەتی‌کردن، چاکسازییەکانی بازاڕی کار، و پێکهاتەی باج پێکهاتووە. گۆڕانی سۆسیال دێموکراسی بەرەو لیبرالیزمی ئابووری (ڕێگای سێیەم) دیاردەیەکی هەر بە تەنیا بەقسە نەبوو، بەڵکو لە سیاسەتە کردەییەکان و ژمارە ئابوورییەکاندا دەتوانرا بپێورێت. دوو وڵاتی گەورەی ئورووپا کە حیزبەکانی چەپی ناوەند تێیدا دەسەڵاتیان گرتە دەست، واتە بەریتانیا و ئەڵمانیا، هێمای سەرەکی ئەم گۆڕانکارییە بوون.

حزبی کرێکار لە بریتانیا بە سەرۆکایەتیی تۆنی بلێر (١٩٩٧–٢٠٠٧): ئەم حیزبە بە فەرمی بوو بە پارتێکی چەپی ناوەندی لیبراڵی کۆمەڵایەتی. ناوەندی ئەم گۆڕانکارییە قبوڵکردنی بێ مەرجی بازاڕی ئازاد و جیهانی‌سازی بوو. حزبی کرێکاریی نوێ بە پێچەوانەی نەریتی سۆسیالیستی، هیچ کام لە بەتایبەتی‌کردنەکانی حکومەتە کۆنەپارێزەکانی (تاچەر و مەینجەر) هەڵنەوەشاندەوە. لەبری ئەوە، مۆدێلی هاوبەشی گشتی-تایبەتییان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا پەرە پێدا کە لە کردەدا پشتبەستنی بە سەرمایەی تایبەت لە دامەزراوەکاندا وەک ڕێکخراوی نیشتمانی خزمەتگوزاری تەندروستی (NHS) و پەروەردەدا زیاد کرد. بلێر سەربەخۆیی تەواوی بە بانکی ئینگلیس بەخشی لە دیاریکردنی ڕێژەی سوود (١٩٩٧) کە بنەمایەکی سەرەکیی نیولیبرالیزم بوو بۆ دڵنیابوون لە سەقامگیریی دراو و دوورکەوتنەوە لە دەستێوەردانی سیاسی لە ئابووریدا.

حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان بە سەرۆکایەتیی گەرهارد شرۆدەر (١٩٩٨–٢٠٠٥): ئەم سەرکردەیە سەرەڕای نارەزایەتی توندی ناوخۆیی، گرنگترین چاکسازییە لیبراڵە ئابوورییەکانی لەژێر ناوی "کارنامەی ٢٠٠٠" (Agenda ٢٠٠٠) جێبەجێ کرد. ناوەندی ئەم چاکسازییانە یاساکانی "هارتز" بوون کە نەرمیی بازاڕی کاری بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کرد. ئەم چاکسازییانە کەمکردنەوەی سوودمەندییەکانی بێکاریی درێژخایەن و دژوارکردنی مەرجەکانی وەرگرتنی لەخۆگرتبوو. ئامانج لەم کارە، کەمکردنەوەی تێچووی هێزی کار و زیادکردنی کێبڕکێی ئابووری ئاڵمان لە بازاڕە جیهانییەکاندا بوو – ئامانجێک کە بە تەواوی دەگەڵ بنەما لیبراڵیستییەکاندا گونجاون.

گۆڕانی پارادایم تەنیا سنووردار نەبوو بە حیزبەکانی کرێکار و سۆسیال دێموکرات؛ کێبڕکێی جیهانی، تێکرای تەواوی سیاسی ئورووپای بەرەو سیاسەتی ڕاست (سیاسەتە لیبراڵەکان) نزیک کردەوە. لە ئاستی ئورووپا، لە ساڵی ١٩٨١ تا ٢٠٠٩، تێکڕای ڕێژەی باج لەسەر کۆمپانیاکان لە نزیکەی ٤٤ لەسەد بۆ کەمتر لە ٢٥ لەسەد کەم بۆوە. ئەم کەمبوونەوەی بەردەوامە بە پلەی یەکەم لەو قۆناغانەدا ڕوویدا کە پارتەکانی چەپی ناوەند بۆ پاراستنی سەرنجڕاکێشیی لە ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی، سیاسەتە باجییەکانی کۆنەپارێزەکانیان قبوڵ کرد. پەسند کردنی پەیمانی "ماستریخت" و یاسا داراییە پەیوەندیدارەکانی "پەیمانی سەقامگیری و گەشە" لە یەکێتیی ئورووپا، ڕەوتە چەپەکانی بەرەو کۆنترۆڵکردنی کورتهێنانی بودجە و قەرزی حکومەت ڕاکێشا. ئەم پابەندبوونە داراییە کە بەهایەکی لیبراڵیە، دەستێوەردانە سۆسیالیستییە فراوانەکانی لە ئابووریدا سنووردار کرد. هەروەها پەیماننامەکانی وەک "شینگەن"، کە لابردنی بەربەستەکانی سنووری بەدوادا هات، بە بەهێزکردنی چوار ئازادییە سەرەکییەکەی یەکێتیی ئورووپا (کاڵا، خزمەتگوزاری، سەرمایە و تاکەکان) بە کردەوە چوارچێوەی لیبرالیزمی بازاڕیان دامەزراند. حیزبەکانی چەپی ناوەند ناچار بوون پشتگیری لەم یەکگرتنە بکەن بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە گەشەی ئابووری ناوچەکە. لە ئاکامدا، سۆسیال دێموکراسی دوای شەڕیی سارد چیتر بەدوای لەنێوبردنی سەرمایەداریدا نەبوو، بەڵکو بەدوای بەڕێوەبردنی سەرمایەداری و مرۆیی کردنی لە چوارچێوەی یاساکانی بازاڕی ئازاددا بوو؛ ڕێبازێک کە بە شێوەیەکی بەرچاو نزیکی کردەوە لە بنەماکانی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی. بۆ تێگەیشتن لە لێکەوتەکانی گۆڕانی ئایدیۆلۆژی، پێویستە مۆدێلەکانی نۆردیک (سکاندیناڤی) و سویس بەراورد بکەین کە هەردووکیان لە بەرەی "بازاڕتەوەری نەرم" ڕێک خراون. (خشتەی خوارەوە).

ئەم بەراوردکارییە پێمان دەڵێت؛ سەرەڕای ئەوەی سەرجەم ئورووپا بەرەو بازاڕ بای داوەتەوە، بەڵام حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی باکووری ئورووپا توانیویانە باشتر ناوکی سەرەکیی یەکسانی‌خوازی خۆیان بپارێزن، لە کاتێکدا لە ئورووپای ناوەند و بەریتانیا، نزیکبوونەوە لە لیبرالیزم دەگەڵ سازشێکی زیاتر لە بەرژەوەندیی بازاڕ و نەرمی بووە. پارتەکانی ناوەند، چ ڕاستی ناوەند (کۆنەپارێزە لیبراڵەکان) و چ چەپی ناوەند (سۆسیال دێموکراتە گۆڕاوەکان/ لیبراڵی کۆمەڵایەتی)، توانیویانە بە قبوڵکردنی یاساکانی بازاڕ و دامەزراوە ئەورووپییەکان، ئەو سەقامگیری و پێشبینیکردنە کە پێویستە بۆ حوکمڕانی بپارێزن.

دەستێوەردانە دەوڵەتییەکان لە قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ و کۆڤید-١٩ (وەک پرۆگرامەکانی مەرەخەسیی ناچاری بە مووچە یان پشتگیری لە کارەکان)، هەرچەندە سوودیان لە بنەما سۆسیال دێموکراتییەکان وەرگرتووە، بەڵام لە کۆتاییدا بە ئامانجی پاراستنی پێکهاتەی ئابووری بازاڕی ئازاد و ڕێگریکردن لە دارمانەکەی بەڕێوەچوون. ئەم جۆرە پشتگیرییە کۆمەڵایەتییە سنووردار و کاتییە، بە تەواوی لە چوارچێوەی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتیدا جێگەی دەبێتەوە کە ئامانجی دروستکردنی "تۆڕێکی پاراستن"ە بۆ پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری. لەم نێوەدا و لە ساڵانی ڕابردوو لایەنە پۆپۆلیستییەکان (چ ڕاستی توندڕەو و چ چەپی ڕادیکاڵ) هەتا ڕادەیەک کاریگەری و سەرنجیان لە کۆمەڵگەوە بەدەست هێناوە، بەڵام جگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن، زۆربەی کات نەیانتوانیوە بە تەنیا و بۆ ماوەیەکی درێژ لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ڕۆژاوا و باکووری ئورووپا، دەستەڵاتی جێگیر بەدەست بهێنن. میناکی وەک هەوڵەکانی چەپی ڕادیکاڵ لە بەریتانیا (جێرمی کۆربین) یان "سیریزا" لە یۆنان نیشانی دا کە لە بەرامبەر گوشارە ئابوورییەکانی دامەزراوە ئەورووپییەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن و سیاسەتە ڕاهێنانی(ڕیازەتی) و لیبراڵییەکان قبوڵ بکەن و لە کۆتایی‌دا نەیانتوانی مۆدێلی ئابووری ڕادیکاڵی خۆیان جێبەجێ بکەن.

گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژییەکانی چوار دەیەی ڕابردوو لە ئورووپا، بە ڕوونی نیشانی دا پارتە سۆسیال دێموکراتییەکان، بۆ مانەوە و کێبڕکێ لە سەردەمی جیهانگیریدا، ناچار بوون بنەما ڕیشەییەکانی لیبرالیزم قبوڵ بکەن. ئەم گواستنەوەیە لە سۆسیالیزمی کلاسیکەوە بۆ لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی وەک ڕێگای سێیەم هەڵبژاردنێکی پراگماتیستی بوو کە نەک تەنیا بۆ گونجاندن دەگەڵ گوشارە ڕکەبەرییەکان، بەڵکو بۆ پاراستنی دەستەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی دامەزراوە بازاڕتەوەرکانی یەکێتیی ئورووپا وەک پێویستییەکی لێ هات. قبوڵکردنی پەیماننامەکانی وەک شینگەن بۆ بەهێزکردنی ئازادیی جووڵە و لە هەمان کاتدا پابەندبوون بە کۆڵەکەی ئەورووپی مافە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پاراستنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، نیشانەی لەدایکبوونی مۆدێلێکی کۆتاییە؛ سەرمایەداری بازاڕی ئازاد کە بە تۆڕێکی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەهێز ڕێکخراوە. ئەم مۆدێلە، سەرەڕای ڕێژەیەک لە نایەکسانی لە هەندێک وڵات، لە ڕووی پێوەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، سەقامگیریی دێموکراسی و ئاستی گشتی خۆشگوزەرانی، هێشتا یەکێکە لە سەرکەوتووترین سیستەمەکانی حوکمڕانی لە جیهان. بەرەنگارییە ئایدیۆلۆژییەکانی پۆپۆلیستەکان و چەپە ڕادیکاڵەکان، لە کۆتاییدا نەیانتوانیوە پێکهاتەی دەستەڵات بە شێوەیەکی جێگیر بگۆڕن. ئەم بەڵگانە نیشان دەدەن کە لە ئورووپای دوای شەڕیی سارد، ناوەندی لیبراڵ-کۆمەڵایەتی بووە بە پارادایمی باڵادەست و سەرکەوتنی سیستەماتیکی، گەرەنتی مانەوەی بووە.

| تایبەتمەندی | وڵاتانی سکاندیناڤیا نۆردیک | سوئیس |
| --- | --- | --- |
| بنەمای سەرەکی | پاراستنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی گشتگیر | ئازادیی بازاڕ و بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی |
| سیستەمی باج | باجی پێشکەوتووی زۆر بەرز | کێبڕکێی باجی کانتۆنی و باجی مامناوەند |
| دابەشکردنەوەی سامان | زۆر بەرز، بۆ پاراستنی نزمترین ڕێژەی نایەکسانی (جینی) لە جیهاندا | مامناوەند، زیاتر پشت بە بیمەی تایبەتیی ناچاری (وەک تەندروستی) دەبەستێت |
| پێوەر | بازاڕ لە خزمەت دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا | دەوڵەتی خۆشگوزەرانی وەک تۆڕێکی پاراستن لە شکستی بازاڕ |

## وێـــــستگە

# مافی درۆیین


ئاسۆ مینبەری

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پرسی مارەیی بۆ ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی ٧ی زایینی و لەو کاتەدا مارەیی وەک ماف بۆ ژن دیاری کراوە. پاش هاتنەسەرکاری ئیسلام ئەم پرسە بە یاسایی و شەرعی کرا و پێبژاردنیشی لەلایەن پیاوانەوە بە پێویست دانرا کە ڕێژەکەی پێوەندیی بە ڕێککەوتنی دوو لایەنەوە بوو.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا پرسی مارەیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەکوو پرسێکی جێگای مشتومڕ چاوی لێ دەکرێت؛ لەلایەکەوە پیاوان دژایەتیی ئەم پرسە دەکەن و بە هۆکارێک بۆ نایەکسانیی دەبینن، لەلایەکی تریشەوە ژنان ئەمە بە مافی خۆیان دەزانن و لەسەر وەرگرتنیشی سوورن، پێداگری لەسەر ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەپێی یاسا و شەرعی ئیسلام ئەم پرسە بە "عندالمطالبە" ناوی لێ براوە، بەو واتایە کە هەر کاتێک ژن بیهەوێ، پیاو ئەرکدار بە پێبژاردنیەتی.

هاوکات لەگەڵ ئەم دوو لایەنە، لایەنێکی سێهەمیش هەیە کە نە لە بەرەی پیاوان و نە لە بەرەی ژناندان، بەڵکوو بە ڕوانینێکی تایبەتتر لە پرسەکە دەڕوانن و پرسی مارەیی بە پرسێکی لۆژیکی نابینن. ئەوان پێیان وایە کە ئەم پرسە بە مانای بەکۆیلەکردنی ژنانە و ئەو بابەتە ڕەت دەکەنەوە کە لە ئەگەری جیابوونەوەدا مارەیی دەتوانێ پشتیوانێکی دارایی بۆ ژنان بێت. ئەوان پێیان وایە ژنان وەک مرۆڤگەلێکی سەربەست و بەتوانا لە هەر حاڵەتێکدا توانای بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان هەیە و بەستراوە بە پرسی مارەیی نین کە لەلایەن پیاوانەوە پێیان بدرێت و ئەمە بە بێڕێزی بە کەرامەت و تواناکانی ژنان دەبینن. هەر بۆیە زۆر جار دەبینین چونکە پرسی یاسایی مارەکردن بەبێ دیاریکردنی ڕێژەی مارەیی جێبەجێ ناکرێ، مارەییەکە بە شتێکی جیا لە پارە دیاری دەکەن، بۆ نموونە کتێبێک، یان چەپکەگوڵێک یان وەک ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە شاری کامیاران بینیمان بە چاندنی ٢٧٢٥ داری بەڕوو لە کوردستان!

لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی جەختی تایبەتی لەسەر پرسی مارەیی کردۆتەوە و ئەمەی وەکوو ماف بۆ ژنان بە ڕەوا زانیوە! بانگەشەی ئەوەی کردووە کە یاسا ئەم مارەییەی بۆ پشتیوانی لە ژنان دیاری کردووە و بیری لە داهاتووی ژنان کردۆتەوە کە نەکا دوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکانیان بێ پاروو نانێک بمێننەوە و بەڵکوو بتوانن بەم مارەییە ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

بە پێچەوانەی هەموو ئەم پڕوپاگەندانەی ڕێژیم و بەڵێنی پشتیوانیکردنی لە ژنان، لە ڕۆژانی ڕابردوودا پەسەندکردنی یاسای ١٤ سکە مارەیی ئەویش هاوکات لەگەڵ گرانبوونی نرخی دۆلار و بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، کۆمەڵگەی تووشی ئاڵۆزی کرد و نارەزایەتیی ژنانی لێ کەوتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی سەرماوەزی ١٤٠٤، مەجلیسی ڕێژیم سەرووترین ئاستی مارەیی ژنانی لە ١١٠ سکەوە بۆ ١٤ سکە کەم کردەوە. بەپێی ئەم یاسایە، مارەیی ژنان بە هەر ڕادەیەک بێت تەنیا بۆ ١٤ سکەی سزای دارایی بۆ پیاوان دیاری دەکرێت و زیاتر لەم ژمارەیە سزای بەدواوە نابێت و تەنیا بەپێی توانای پیاوەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ.

مەجلیسی ڕێژیم ڕایگەیاندووە کە بەپێی پەسەندکراوێکی نوێ کە دەبێ لەلایەن شورای نیگابانی ڕێژیمەوە پشتڕاست بکرێتەوە، سزای بەندکردنی پیاوان بە هۆی مارەییەوە نەماوە و داواکردنی زیاتر لەو ڕێژەیەش بە توانایی دارایی پیاوەکەوە بەستراوەتەوە. بەو پێیە مارەییەک کە بڕەکەی زیاتر لە ١٤ سکە بێت، تەنانەت بڕیاری دابەشکردنی مانگانەش نایگرێتەوە. وتەبێژی لێژنەی سەرۆکایەتیی مەجلیس لەمبارەوە ڕایگەیاندووە کە پێشتر بۆ مارەیی زیاتر لە ١١٠ سکە، سزای بەندکردن هەبوو، بەڵام بەپێی ئەم پەسەنکراوە ئێمە بەندکرانەکەمان لا بردووە و پێبژاردنی ١٤ سکەکە بە پێبەندی ئێلێکترۆنیکییەوە دەبێ.

پەسەندکرانی گۆڕینی یاسای مارەیی کاردانەوەی زۆری ژنانی بەداوە بووە چونکە ئەم پەسەندکراوە و لابردنی سزای بەندکران بۆ پیاوان لە کاتێک‌دایە کە هیچ گۆڕانێک لە یاساکانی بنەماڵە و گەلاڵەی ئەمنییەتی ژناندا پێک نەهاتووە و ژنان ئەمەیان بە نیشانەی هەڵاواردنی ئاشکرا دژی خۆیان ناو بردووە.

هەندێک لە چالاکانی بواری ژنانیش پێیان وایە کە مارەیی لە کاتی ئێستادا تەنیا کەرەستەی بەرگریی ژنان لە بەرانبەر جۆرەکانی توندوتیژیی سیستماتیکە کە بەتایبەت لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەسەریاندا سەپاوە.

لە ڕاستیدا هەبوونی مارەیی وەک مەرجی سەرەکی بۆ هاوسەرگیری خۆی کۆمەڵێک کێشەی هەیە کە باسکردن لێیان لەم بابەتەدا ناگونجێ بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت کە هاوکات لەگەڵ هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم، ئەم بڕیارەی ئێستا نەک لە بەرژەوەندیی ژناندا نییە بەڵکوو زۆر بە زیانیان دەشکێتەوە. ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان بایە، ئەم بڕیارە دەیتوانی هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ بەرەو یەکسانی بردنی کۆمەڵگە بێت، بەڵام ئاشکرایە کە نە کۆماری ئیسلامی لە چییەتیی خۆیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نە ئەم بڕیارەش بە قازانجی خەڵکە و بێگومان جگە لە دروستکردنی ئاڵۆزی و پێشێلکردنی ئەو تۆزە مافەی ژنانیش کە ماوە هیچی تری لێ شین نابێت.

# چەمکی «دوژمنسازی» لە سیاسەتی ئێراندا:

## ڕۆڵی لە یەکگرتوویی نێوخۆیی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا



شەهاب کاکەخزری

**پێشەکی:**

**بۆچی «دوژمن» کۆڵەکەی سەرەکیی دەروونناسیی سیاسیی حکوومەتی ئێرانە؟**

لە دەروونناسیی سیاسیدا، یەکێک لە جێگیرترین ئامرازەکانی ڕێژیمە ئایدیۆلۆژییەکان، چەمکی دوژمنسازییە؛ واتە دروستکردنی دوژمنێکی جێگیر، هەمیشەیی، بەهێز و هەندێکجار خەیاڵی کە بتوانێت هەموو شکستەکان ڕوون بکاتەوە، یەکگرتوویی نێوخۆیی دروست بکات، ترسی گشتی بەڕێوە ببات و شەرعییەتی سیاسی بەرهەم بهێنێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، لەوانەیە یەکێک لە نموونە کلاسیک و شایەنی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دیاردەیە بووبێت؛ بە شێوەیەک کە بەبێ بوونی «دوژمن»، زۆرێک لە کۆڵەکەکانی ناسنامەیی، ئایدیۆلۆژی و کارکردی حکوومەت دادەڕمێن.

دوژمنسازی لە ئێراندا تەنیا «ئامرازێکی سیاسی» نییە؛ پێکهاتەیەکی ناسنامەییە و هەر ئەمەش شیکردنەوەی دەکاتە پێویستییەک.

**١– دوژمنسازی؛ کارکردێکی ناسنامەیی نەک تاکتیکی**

یەکێک لە هەڵە شیکارییەکان ئەوەیە کە وا بیر بکەینەوە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ پاراستنی دەسەڵات سوود لە دوژمنسازی وەردەگرێت، لە کاتێکدا وانییە و ئەم چەمکە بەشێکە لە ناسنامەی سیستمەکە. لە دەروونناسیی سیاسیدا ئەم مۆدێلە بە «ناسنامەی دوژمن–تەوەر» (enemy-driven identity) ناو دەبرێت؛ واتە ناسنامەیەک کە تەنیا لە بەرامبەر ئەوی دیدا مانا پەیدا دەکات.

سەرنجی چەند نموونەیەک بدەن:

– «ئێمە» = چەوساوەکان، شۆڕشگێڕان، بەرەی هەق

– «ئەوان» = زلهێزان، ئەمریکا، ئیسرائیل، ڕۆژئاوا، دژەشۆڕش، فیتنە، سیخوڕەکان

ئەم «دووانەسازییە» ڕێک هەمان شتە کە مۆدێلە کلاسیکەکانی ئێریک ئێریکسۆن و تاجفێڵ سەبارەت بە چۆنیەتیی دروستبوونی ناسنامەی گشتی ڕوونی دەکەنەوە. بۆ پاراستنی یەکگرتوویی نێوخۆیی، گرووپ دەبێت «ئەوی دی»یەکی هەبێت. کۆماری ئیسلامی بەهۆی نەبوونی کارامەیی، لاوازیی ئابووری، قەیرانی شەرعییەت و بێتوانایی لە بەرهەمهێنانی هاوپشتیی ئەرێنیدا، ناچارە هاوپشتی لە ترسی هاوبەشەوە وەربگرێت نەک لە ئامانجی هاوبەشەوە. بەمە دەگوترێت «یەکگرتوویی نەرێنی»؛ واتە یەکگرتووییەک کە لە ڕق و ترسەوە دروست دەبێت، نەک لە هیوا و خۆشگوزەرانییەوە.

**٢– تیۆریی «نیشانەکانی گەمارۆدان» (Siege Mentality) لە حکوومەتی ئێراندا**

یەکێک لە سەرەکیترین تیۆرییەکانی دەروونناسیی سیاسی کە ڕێک لەگەڵ ڕەفتاری ئێراندا دێتەوە، «نیشانەکانی گەمارۆدان» (Siege Mentality)ە. ئەم دۆخە کاتێک دروست دەبێت کە سیستمێکی سیاسی هەست بکات:

– جیهانی دەرەوە نیازی لەنێوبردنی هەیە.

– تەنیا بە توندوتیژی و کۆنترۆڵکردن دەتوانێت بمێنێتەوە.

– گفتوگۆ یان ئاشتبوونەوە نیشانەی لاوازییە.

– هەر ڕەخنەیەکی نێوخۆیی، بەشێکە لە پیلانی دەرەکی.

ئەم نیشانانە زۆرجار لەو ڕێژیمانەدا دەبینرێت کە شەرعییەتی جەماوەرییان کەمە، پێکهاتەی دەسەڵاتیان داخراوە، ئابوورییان ناکارامەیە و ترسێکی زۆریان لە هەڵوەشانەوە هەیە.

لە ئێراندا، ئەم دۆخە بە شێوەی بۆردومانێکی هزری دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە کە بە ناونیشانی لەم شێوەیە دەردەبڕدرێن:

– «گەلی ئێران هەمیشە لە گەمارۆی دوژمندا بووە.»

– «ئەگەر لاواز بین، دەبینە سووریە.»

– «دوژمن تەنیا لە دەرەوە نییە؛ لە نێوخۆشدا دزەی کردووە.»

ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، نەک هەر هەستی هەڕەشە توندتر دەکاتەوە، بەڵکوو حکوومەتیش لە دۆخی «مانەوە»دا دەهێڵێتەوە. لەم دۆخەدا، هەر هەنگاوێک، تەنانەت سەرکوتی توندیش، پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە؛ چونکە بە ناوی «پاراستنی وڵات»ەوە ئەنجام دەدرێت.



**دوژمنسازی چیتر باوەڕپێکراو نییە و هەر سیستمێک چەمکی دوژمنسازییەکەی بڕووخێت، پێکهاتە سیاسییەکەشی تووشی داڕمانی هزری دەبێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ناکارامەی کۆماری ئیسلامیدا دەبینرێت: داڕمانی «گێڕانەوە»، نەک هێشتا داڕمانی «پێکهاتە». کاتێکیش گێڕانەوە بڕووخێت، پێکهاتەش زوو یان درەنگ بەدوایدا دێت**

**٣– دوژمنسازی وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

لە مۆدێلەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا (Social Control Mechanisms)، سێ ئامرازی سەرەکی بۆ حکوومەتەکان پێناسە کراوە: ترس، لێڵی و دابەشکردنی کۆمەڵگە. دوژمنسازی لە ئێراندا ئەم سێ ئامرازە بە هاوکاتی کارا دەکات.

– ترس؛ بناغەی گوێڕایەڵی. کاتێک هاووڵاتییان باوەڕیان وا بێت «دوژمن لە بۆسەدایە»، میکانیزمەکانی خوارەوە کارا دەبن: کەمبوونەوەی ئارەزووی خەڵک بۆ ناڕەزایەتی، زیادبوونی قبووڵکردنی توندوتیژیی حکوومی، پاساوهێنانەوە بۆ هەژاری، گەمارۆ، گرانی و متمانەکردن بە گێڕانەوەی فەرمیی حکوومەت.

لە دەروونناسیدا بەم دیاردەیە دەگوترێت «مەرجدارکردنی ترس» (Fear Conditioning)؛ واتە مەرجداربوونی خەڵک بەوەی کە «پاراستنی ئاسایش» گرنگترە لە ئازادی. کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە ئەم پەیامەی لە هۆشی خەڵکدا مەرجدار کردووە: «ئاسایش گرنگترە لە ئازادی»، «ئەگەر ئێمە نەبین، خەڵک کۆمەڵکوژ دەکرێت»، «ئێران ئەگەر بڕووخێت، داعش دێت» و ... . ئەمە ڕێک هەمان مامەڵەی ساختەی ئاسایشە لە بەرامبەر ئازادیدا.

– لێڵی؛ باشترین سووتەمەنی بۆ ترس. حکوومەت هەرگیز «دوژمن» بە وردی پێناسە ناکات. دوژمن دەکرێت ئەمریکا یان ئیسرائیل بێت، تۆڕی سیخوڕی یان کەسایەتییە ناسراوەکان بێت، ناڕازییان یان ژنانی بێ حیجاب و یان خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران و نووسەران بن. ئەم ستراتیژییەی دوژمنی ناجێگیر، یەکسانە بە کۆنترۆڵکردنی ئاسانتر.

– دابەشکردنی کۆمەڵگە. هیچ حکوومەتێکی ستەمکار ناتوانێت تا ئەو کاتەی کۆمەڵگە یەکگرتوو بێت، جێگیر بمێنێتەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی مامۆستای دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بۆ بردنەپێشەوەی ئامانجەکانی خۆی و کۆنترۆڵکردنی ئاسانتری: (شۆڕشگێڕ/ ناشۆڕشگێڕ)، (خۆیی/ ناخۆیی)، (باوەڕدار/ بێباوەڕ)، (ئەرزشی/ غەربزەدە)، (ویلایی/ ئاژاوەچی) و ... .

ئەم دابەشکارییانە پەیوەندییە ئاسۆییەکانی کۆمەڵگە دەشکێنن تا پەیوەندیی ستوونیی خەڵک لەگەڵ حکوومەتدا بەهێز بکرێت. ئەمە ڕێک هەمان ئەو مۆدێلەیە کە لە ڕێژیمە کۆمۆنیستییەکان، نازیزم و فاشیزمدا بەکار دەهێنرا.

**٤– دوژمنسازی و ئەندازیاریی شکستەکان**

یەکێک لە کارکردە سەرەکییەکانی دوژمنسازی، ڕوونکردنەوەی شکستەکانە؛ واتە لە هەر شوێنێک قەیران و ناکارامەیی هەبێت، دوژمن ڕۆڵێکی ئامادەی هەیە:

– هەڵاوسان/ «شەڕی ئابووریی دوژمن»

– ناڕەزایەتییەکان/ «فیتنەی دوژمن»

– مردنی ناڕازییەک/ «سیخوڕی دوژمن»

– کێشە ژینگەییەکان/ «تێکدەریی دوژمن»

ئەم مۆدێلە لە دەروونناسیی سیاسیدا ناوی «دەستکاریکردنی هۆکارە دەرەکییەکان» (External Attribution Manipulation)ە؛ واتە خستنە ئەستۆی ناکارامەیییەکان بۆ هۆکاری دەرەکی. بە زمانێکی سادەتر، حکوومەت ناڵێت «ئێمە خراپمان کرد»، بەڵکوو دەڵێت «دوژمن نەیهێشت ئێمە بە باشی کار بکەین». ئەم تەکنیکە لەو حکوومەتانەدا زیاتر دەبینرێت کە لە ڕووی تەکنیکییەوە ناکارامەن و لە ڕووی هزرییەوە ئایدیۆلۆژین.

**٥– دوژمنسازی و شەرعییەتدان بە توندوتیژی**

بەبێ دوژمن، حکوومەتە ستەمکارەکان هیچ پاساوێکیان بۆ توندوتیژی نییە؛ بەڵام کاتێک دوژمنی دەستکرد ئامادە بێت، هەر توندوتیژییەک دەکرێت وەک «ئەرک» پیشان بدرێت. لە ئێراندا، سێ جۆر شەرعییەت بۆ توندوتیژی دروست دەکرێت:

– شەرعییەتی ئەمنی/ «بۆ پاراستنی وڵات ناچارین ڕووبەڕوو ببینەوە.»

– شەرعییەتی ئەخلاقی/ «ئێمە هەقین و دوژمن باتڵە.»

– شەرعییەتی ئایینی/ «شەڕکردن لەگەڵ دوژمن ئەرکێکی خوداییە.»

کاتێک توندوتیژی لەگەڵ ئەخلاق، ئاسایش و ئاییندا تێکەڵ دەبێت، دەگۆڕێت بۆ «توندوتیژیی پیرۆز» و ئەمەش مەترسیدارترین جۆری توندوتیژیی سیاسییە، چونکە هیچ سنوورێک ناناسێت.

**٦– دوژمنسازی و سەرکوتی هزریی خەڵک**

دوژمنسازی تەنیا کاریگەریی لەسەر هەستی خەڵک نییە؛ بەڵکوو لەسەر ناسین و تێگەیشتنیشیان کاریگەری هەیە؛ واتە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەیان. بەپێی تیۆریی «دەستکاریکردنی باری هزری» (Cognitive Load Manipulation)، کاتێک کۆمەڵگە دەکەوێتە دۆخی دڵەڕاوکێوە:

– توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کەم دەکات.

– تاکەکان ئاسانتر باوەڕ دەکەن.

– سەرچاوە هزرییەکان بۆ ترس تەرخان دەکرێن.

– خەڵک گێڕانەوەی ئاڵۆز قبووڵ ناکەن و دەست بە گێڕانەوە سادەکەی «دوژمن تاوانبارە»وە دەگرن.

ئەمە واتە حکوومەت بە کردەوە لە ڕێگەی دوژمنسازییەوە، ئاستی شیکردنەوەی خەڵک نزم ڕادەگرێت.

**٧– دوژمنسازی و کێشەی ڕاستەقینەی حکوومەت: قەیرانی شەرعییەت**

ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەم هۆکارانە، چیتر شەرعییەتی نییە: ناکارامەیی ئابووری، گەندەڵیی بەربڵاو، بێتوانایی لە بەڕێوەبردندا، سەرکوتکردن، هەڵهاتنی نوخبەکان، سەپاندنی شێوازی ژیان، پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، تووڕەیی نەوەی نوێ و ... .

کاتێک حکوومەتێک نەتوانێت جەماوەرییەت بەرهەم بهێنێت، ڕوو لە بەرهەمهێنانی ترس دەکات و دوژمنسازیش باشترین سەرچاوەی ترسە.

بە ڕواڵەت، دوژمنی بەهێز = پێویستی بە حکوومەتی بەهێز.

**٨– بۆچی دوژمنسازی لە ساڵانی دواییدا توندتر بووەتەوە؟**

چونکە سیستم ڕووبەڕووی چوار قەیرانی هاوکات بووەتەوە کە بریتین لە: قەیرانی شەرعییەت، قەیرانی کارامەیی، قەیرانی جێنشینیی ڕێبەر و قەیرانی کەلێنی نەوەکان کە لە بەرزترین ئاستدا بەدی دەکرێت. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە توندیی سەرکوت زیاد بکات، پڕوپاگەندەی سیاسی-کۆمەڵایەتی پەرە بسێنێت و دوژمنسازیش توندتر بکرێتەوە. لەم قۆناغەدا، سیستم چووەتە قۆناغی «بەرگریی بوون»ەوە. زیادبوونی هێرشە میدیاییەکان، زیادبوونی تۆمەتی سیخوڕی و ئەمنیکردنی بەردەوامی کۆمەڵگە، هەموویان نیشانەکانی ئەم دۆخەن. لەم قۆناغەدا، دوژمنسازی لە ئامرازێکی سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ ئامرازێک بۆ مانەوە.

**٩– بۆچی دوژمنسازی چیتر کاریگەر نییە؟**

سەرەڕای هەوڵی حکوومەت، چەمکی دوژمنسازی لە ئێراندا بە سێ هۆکاری سەرەکی تووشی داخورانی هزری بووە:

– دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە زانیاریی جێگرەوە: ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گێڕانەوەی فەرمییان لاواز کردووە.

– جیاوازیی نێوان گوتار و ئەزموونی خەڵک: حکوومەت دەیان ساڵە دەڵێت «دوژمن ناهێڵێت خەڵک خۆشگوزەرانیی هەبێت»، بەڵام خەڵک دەبینێت کە گەندەڵیی نێوخۆیی، ڕانت، بەڕێوەبردنی خراپ و بەفیڕۆدانی سەرمایەکان کێشەکان ڕوون دەکەنەوە، نەک دوژمنی دەرەکی.

– گۆڕانی نەوە: نەوەی Z و نەوەکانی دوای ئەو بە دوو تایبەتمەندیی دیاریکراو دەناسرێنەوە:

١. پارێزراوی بەرامبەر پڕوپاگەندە

٢. بێمتمانەیی تەواو بە گێڕانەوەی فەرمی

دوژمنسازی لە بەرامبەر ئەم نەوەیەدا، وەک تەقەکردنە بە تفەنگێکی دارین. ئەمە واتە بێسوودە و بەو مانایەیە کە ئەم نەوەیە بە تەواوی بێمتمانەن بە گێڕانەوە فەرمییەکە، هیچ پەیوەندییەکی سۆزدارییان بە ئایدیۆلۆژیای حکوومەتەوە نییە و تەنیا ئەو کارە دەکەن کە لە ئێستادا بەلایانەوە ڕاستە و دوای ناخەن بۆ داهاتوو.

**١٠– دەرەنجام**

دوژمنسازی ناوکی سەرەکیی مانەوەی کۆماری ئیسلامییە. ئەم دیاردەیە نە تاکتیکە، نە هەڵبژاردن، بەڵکوو ناسنامەی ئەم حکوومەتە ئایدیۆلۆژییەیە. تا ئەو کاتەی حکوومەت توانای دابینکردنی خۆشگوزەرانیی نییە و بێ شەرعییەتی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت خەڵک یەک بخات. بۆیە، ترس وەک ئامرازی سەرەکیی مانەوەی دەمێنێتەوە و دوژمنسازیش بەردەوام دەبێت.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ جیاوازیی دروست کردووە ئەوەیە کە دوژمنسازی چیتر باوەڕپێکراو نییە و هەر سیستمێک چەمکی دوژمنسازییەکەی بڕووخێت، پێکهاتە سیاسییەکەشی تووشی داڕمانی هزری دەبێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ناکارامەی کۆماری ئیسلامیدا دەبینرێت: داڕمانی «گێڕانەوە»، نەک هێشتا داڕمانی «پێکهاتە». کاتێکیش گێڕانەوە بڕووخێت، پێکهاتەش زوو یان درەنگ بەدوایدا دێت.



# پرسی ژنی کورد لەنێوان ڕاستی و ئایدیالەکاندا



خالید حەسەنپوور

لەگەڵ ئەوەی ژنان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بەگشتی و ئێران و کوردستاندا بەتایبەتی، نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنن و لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا دەورێکی کاریگەریان لە دابینکردنی بژێویی ژیان و بەرەو پێشبردنی وڵاتدا هەیە، بەڵام لە ڕووی یاسایی و دابونەریتەوە مافی یەکسانیان لەگەڵ پیاوان نییە. هۆکاری ئەو نابەرابەرییەش لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆرن، بەڵام گرنگترین فاکتەری ئەو نایەکسانییە دەکرێ لە دوو خاڵدا کۆ بکرێتەوە: یەکەم، ئایین و دابونەریت؛ دووەم، پەیوەندی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (ابزار تولید). هەتا ئەو جێیەی بۆ مەزهەب، ئایین و دابونەریت دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەی دید و ڕوانگەی زۆربەی ئایینەکان بە نیسبەت پرسی ژن وەک یەک نییە و ئەو پرسە لە ئایین و دینێکەوە بۆ دین و ئایینێکی دیکە جیاوازە، بەڵام دەکرێ بڵێین زۆربەی ئایینەکان بەگشتی سەبارەت بە مافی ژنان جۆرێک سنوور قایلن.

لەنێو ئایینەکانیشدا ئەوەی زۆرترین جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا پێک دێنێت، ئایین و شەریعەتی ئیسلامە.

لەو ئایینەدا بە ئاشکرا ژن وەک نیوەی پیاو حیسابی بۆ دەکرێ و، ئەوەش لەگەڵ ئەوەی لە هەموو بوارێکی ژیانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام لە بواری میرات و پشکی ژیاندا بە ئاشکرا و بەپێی شەرعی ئیسلام پیاو بە بەشێک و ژن بە نیوەبەش حیساب بۆ دەکرێ! لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و یەک لەوان ئێراندا یاسای وڵات کاریگەریی زۆری شەرعی ئیسلامی بەسەرییەوەیە، دەکرێ بڵێین هەر بەو دلیلەوە ژنان لە وڵاتانی ئیسلامی بەگشتی و ئێران بەتایبەتی بە ڕێژەیەکی زۆر لە وڵاتانی نائیسلامی لە مافەکانیان بێبەشترن! بۆیە پێویستە بە ڕاشکاوی بڵێین کە ئایین بەگشتی و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی یەکێک لەو فاکتەرە سەرەکییانەیە کە دەورێکی کاریگەری لە نایەکسانیی نێوان پیاوان و ژناندا پێک هێناوە.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە بە نۆرەی خۆی دەوری کاریگەریی لەسەر نەچوونەپێشی پرسی ژنان و بەرابەریی مافەکانیان لەگەڵ پیاوان هەیە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە. ئەو فاکتەرە وەک ژێرخانێکی هاوبەش وایە کە هەم لە وڵاتانی دواکەوتووی ئیسلامیدا و هەم لە وڵاتانی دواکەوتووی نائیسلامیدا کاریگەریی زۆری لەسەر پرسی ژن و یەکسانیی مافی ژنان لەگەڵ پیاواندا هەیە. وەک مارکس دەڵێ؛ پەیوەندی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ژێربینای هەر کۆمەڵگەیەک پێک دەهێنن، بە جۆرێک کە چوونەپێش و پێشکەوتنی ئەو فاکتەرە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەگشتی لە کۆمەڵگەدا، کە پرسی ژنان یەکێک لەوانە.

پرسی ئازادی، پرسی ئایین، مەزهەب و دابونەریتەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا سەرخانی (روبنا) ئەو کۆمەڵگەیە پێک دێنێت، بە جۆرێک کە بە چوونەپێش و تەرەقیی ژێربینا (پەیوەندی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) سەرخانی کۆمەڵگە واتە ئازادی، دین و ئایین و دابونەریتیش پێبەپێی ئەوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

لە ڕاستیدا بە چوونەپێشی چەرخەکانی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و لە ئاکامدا پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (وسایل تولید) کۆمەڵگە لەگەڵ دوو ئاڵوگۆڕی گرنگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە:

یەکەم، کاری سەخت و تاقەتپڕوکێن جێی خۆی دەدات بە کاری لە ڕووی جەستەییەوە ئاسانتر و، ئەوە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ژنان. چونکە لە قۆناغی پێش پیشەسازییدا کە کار سەخت و تاقەتپڕوکێنە، پیاوان لە ڕووی بایۆلۆژی و پێکهاتەی جەستەییەوە زیاتر خۆی تێیدا دەبینێتەوە. دووەم، بە هۆی چوونەپێشی چەرخەکانی بەرهەمهێنان کە خۆی لە پیشەسازییدا دەبینێتەوە، ئایین و دابونەریتەکان ڕوو لە کزی دەکەن. لە ئاکامی هاتنەکایەی ئەو دوو فاکتەرەدایە کە بەرەبەرە مەودا بۆ ئازادیی کۆمەڵگە بەگشتی و ئازادیی ژنان بەتایبەتی زیاتر دەڕەخسێت.

هەرچی کاری فیزیکیی سەخت کەمتر دەبێتەوە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان پێشکەوتووتر دەبن، بە هەمان ڕادەش ژنان زیاتر دەچنە نێو پڕۆسەی کار و بەرهەمهێنانەوە. و هەرچی زیاتر کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لە کاری بەرهەمهێناندا زیاتر بەشدار دەبن، بە هەمان ئەندازەش کاریگەریان لەسەر بەدیهێنانی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو زیاتر دەبێت. بە کورتی ئەوە ئاڵوگۆڕ لە فاکتەری بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدایە کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و کرانەوەی بیر و ئەندێشەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە و، سەرەنجام ئەو پڕۆسەیە کۆی کۆمەڵگە دەگۆڕێت.

زۆر وڵات لە جیهاندا هەن کە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی یەکێک لەوانن، لەگەڵ ئەوەی سەروەت و سامانێکی زۆریان لە نەوت و گاز و کانگا ژێرزەوییەکانەوە وەگیر دەکەوێت و دەوڵەمەندن، بەڵام چونکە لە ڕووی پیشەسازییەوە نەچوونەتە پێش و بە کردەوە نە گەیشتوونەتە قۆناغی بەرهەمهێنان، پرسی ژن و یەکسانی لەنێویاندا مەسەلەیەکی نامۆیە!

وێنەی بەرچاو لە جیهاندا کە شۆڕشێکی بنەڕەتی لە پرسی یەکسانیی نێوان پیاو و ژندا هێناوەتە کایەوە، وڵاتانی ڕۆژاواین. بەو گۆڕانکارییەی کە لە سەدەیەک و نیوی ڕابردوودا لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لە پەیوەندییەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هاتووەتە کایەوە، پرسی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و هەروەها پرسی مافی مرۆڤ بە نیسبەت باقیی دیکەی جیهان قەڵەمبازێکی گەورەی هاویشتووە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لە ڕووی بەرابەریی جینسییەتەوە دەستکەوتێکی زۆریان وەدەست هێناوە، کەچی هێشتاش لە کەم وڵاتی ڕۆژاواییدا ژنان بۆ کاری وەک یەک لەگەڵ پیاوان، حەقدەستیی وەک یەک وەردەگرن، واتە کەمتر وەردەگرن!

کاتێک دێینە سەر بارودۆخی ژنانی کورد و وەزعی ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی نەتەوەی سەردەست بەراورد دەکەین، جیاوازییەکی زۆر دەبینین! لە ڕاستیدا بارودۆخی ژنانی کورد دەکرێ بڵێین لەژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە دواکەوتووانەیە کە نەتەوەی سەردەست لە ڕووی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەوە بەسەر گەلی کورد لە ئێراندا سەپاندوویەتی. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەو نووسراوەیەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام ئەو بارودۆخە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستانیش بە جیاوازییەکی کەمەوە وەکوو یەک وایە. لە هیچ کەس شاراوە نییە کە هەموو بەشەکانی کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بە هۆی ستەمی نەتەوایەتی، ئابووری و فەرهەنگی لەو بڕە پێشکەوتن و چوونەپێشەش کە نەتەوەی سەردەستی گرتووەتەوە، بێبەشن. بە چاوخشاندنێک بە نەخشەی ئابووری و پیشەسازیی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی ناوەندە ئابووری و پیشەسازییەکانی ئێران کەوتوونەتە سێگۆشەی فارسنشینی ئێرانەوە. ئەو بارودۆخەش نەک هەر مەودای ئەوەی نەڕەخساندووە ئابووریی کوردستان بە ڕادەی ئابووری و پیشەسازیی ئێران پەرە بگرێت و بیووژێتەوە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەی شێوەی سەرەکیی ئابووری و پیشەسازی لە کوردستاندا لە پاشکەوتوویدا ڕاگیراوە، هەروەها ئامرازەکانی بەرهەمهێنان پێشنەکەوتوون، کار لە هەموو کەرتە ئابوورییەکاندا سەخت و تاقەتپڕوکێنە. هەر ئەوەش دەرفەتی بۆ ژنانی کورد وەک ژنانی نەتەوەی سەردەست پێک نەهێناوە کە بچنە نێو بازاڕی کارەوە. بۆ وێنە، شێوەی سەرەکیی ئابووری لە کوردستان کشتوکاڵ و مەڕدارییە، کە ئەویش بە هۆی بێئیمکاناتییەوە پێشنەکەوتووە و کار لەو کەرتانەدا بە جۆرێک سەخت و تاقەتپڕوکێنە کە ژنان بە شێوەیەکی سنووردار تێیدا بەشدارن. جگە لەوەش کار لەو بوارەدا بە پێچەوانەی کار لە بواری پیشەسازی و تەکنیکدا، پێشکەوتنێکی فیکریی ئەوتۆ دروست ناکات کە هیچ، تەنانەت ئەوە چوونەپێش و پەرەگرتن لە بواری پیشەسازییدایە کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵیش.

کەوابوو کاتێک ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاشکەوتوییدا ڕاگیراوە و ستەمی چەندقاتی لەسەرە، ژنانی کوردستان وەک نیوەی کۆمەڵی کوردەواری لەو زوڵم و ستەمەدا کە چەندقاتە و لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە بەسەر نەتەوەکەیاندا سەپاوە، هاوبەش و بەشدارن. ژنی کورد لە هەمان کاتدا وەک تاکێکی کورد ستەمی نەتەوایەتی دەچێژێت، لە هەمان کاتیشدا بە هۆی زاڵبوونی دابونەریتە کۆنەکان تووشی هەڵاواردنی ڕەگەزیش لەنێو ماڵ و کۆمەڵگەی کوردیش دەبێتەوە! ئەو دۆخە ژنی کورد ڕووبەڕووی دوو ئەرکی گرنگ دەکاتەوە؛ ئەرکی یەکەم ئەوەیە کە شانبەشانی پیاوانی کورد بۆ لابردنی ستەمی چەندقاتی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی کە بەسەر نەتەوەکەیدا سەپاوە تێبکۆشێت و کۆتایی بە ژێردەستەیی وڵاتەکەی بهێنێت. ئەرکی دووەمیشی ئەوەیە کە لەنێو ماڵی خۆیدا، واتە کوردستان، هەوڵ بدات هەنگاو بە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوانی کورد تێبکۆشێت. لێرەدایە جیاوازیی ژنی کورد لەگەڵ ژنانی نەتەوەی حاکم (فارس) بە ڕوونی دەردەکەوێت؛ لە حاڵێکدا ژنی کورد ڕووبەڕووی دوو ستەمی نەتەوایەتی و جینسییەتی لە ئێران دەبێتەوە، ژنانی فارس بێجگە لە هەڵاواردنی ڕەگەزی کێشەی ژێردەستەیی نەتەوایەتییان نییە. بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایەش دەکرێ چاوێک بەو ژنە کوردانەدا بخشێنین کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی وتنەوەی زمانی کوردی بە منداڵانی کورد و هەروەها کاری فەرهەنگی کەوتوونەتە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامییەوە. بۆیە ژنی کورد ئەگەر بە سەرێک بە هۆی هەڵاواردنی ڕەگەزی خەباتەکەی بە ژنانی نەتەوەی حاکم پەیوەندیدارە، بەڵام بە سەرەکەی دیکەیدا کە خەباتە بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، لە ژنی نەتەوەی حاکم دوور دەکەوێتەوە. چونکە بە داخەوە ڕادەی ئەو ژنانەی نەتەوەی حاکم (فارس) کە بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد پشتیوانی لە مافە نەتەوایەتییەکانی ژنانی کورد دەکەن، زۆر کەمن!

ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنانی کورد لەنێوان خەبات بۆ لابردنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و هەروەها خەبات لە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی، هاوسەنگییەکی دروست پێک بهێنن. بە جۆرێک کە نە خەباتی نەتەوایەتی بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی فیدای خەباتی لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی بکات و، نە بە پێچەوانەشەوە خەباتی یەکسانی و هەڵاواردنی ڕەگەزی فیدای خەباتی نەتەوایەتی بکات. مانای ئەوەش ئەوەیە ژنانی کوردستان پێویستە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان و خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی جینسییەتی شانبەشانی یەکتر ببەنە پێشەوە، بە جۆرێک کە هیچ کام لەو دوو بەستێنە نەکەونە ژێر سێبەری ئەوەی دیکەیانەوە.

لەگەڵ ئەوەی فاکتەری پەیوەندی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی ڕۆژاواییدا دەوری یەکلاکەرەوەیان بۆ پرسی یەکسانی و مافی ژنان هەبووە، بەڵام کاتێک ڕۆژاوا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی جیهان بەگشتی و وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتی بەراورد دەکەین، وڵاتانی ڕۆژاوا لە هیچ سەردەمێکدا، چ ئەو کاتەی هێشتا لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە پێشنەکەوتبوون و چ ئەو سەردەمەی بە ئاستێکی کەموێنە لە پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنیکی گەیشتبوون، بارودۆخی ژنان لەو وڵاتانەدا لەگەڵ وەزعی ژنانی جیهانی سێیەم بەگشتی و ئێران و کوردستان بەتایبەتی بەراورد ناکرێت. ئەوەش بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیی هەیە بە جیاوازیی بیروبۆچوون، دابونەریت و ئایدۆلۆژیای مەسیحییەت لەگەڵ ئایینی ئیسلام سەبارەت بە پرسی ژنان. بۆیە لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتنی ئابووری-پیشەسازی لە هەموو جیهاندا، جا چ لە ڕۆژاوا بێت یان ڕۆژهەڵات، کاریگەری لەسەر چوونەپێشی ڕەوتی ژیان و پرسی یەکسانیی ژنان هەیە، بەڵام دەوری دابونەریت و ئایین و بەتایبەتی ئایینی ئیسلام وەک بەربەستێک لەسەر ڕێی یەکسانیی ژنان و پیاواندا نابێت بە کەم بگرین!

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستانیش لە کۆمەڵگەی جیهانی جیا نییە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانی دیکە هەیە وەک پەیوەندی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کاریگەری لەسەر کوردستانیش هەیە و، دەکرێ ئەو فاکتەرە وەک ژێرخانێکی هاوبەش چاوی لێ بکەین، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە ئێران و کوردستان تایبەتمەندیی خۆیشی هەیە. ئێمەی کوردیش لەگەڵ ئەوەی لە تاقیکردنەوە و ئەزموون و دەستکەوتەکانی گەلانی دیکە بۆ بەرەو پێشبردنی پرسی ژنان کەڵک وەردەگرین، بەڵام پێویستە تایبەتمەندییەکانی خۆشمان ڕەچاو بکەین. لەو گۆشەنیگایەوە، هەرچی بە ڕەگ و ڕیشەی مێژووی کوردا بچینە خوارەوە، ئەوەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت کە دابونەریت و کەلتووری کورد حیساب بۆ پێگەی ژن لە نەتەوەکانی دەوروبەرمان زیاتر دەکات و، بەشێک لەو دابونەریتە نالەبارانەی ئەمڕۆی دژی ژن لە کوردستان ڕەچاو دەکرێن، بەرهەمی ئایین و ئایدۆلۆژیا و هەروەها کەلتووری نەتەوەکانی سەردەستی کوردن کە بۆ ئێمە بە دیاری هاتوون! بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگەی کوردیش لەو بارەوە سەبارەت بە دابونەریتە دواکەوتووەکان تەبرئە بکەین. لە خۆڕا نییە مێژوونووس و کوردناسی بەناوبانگ مینۆرسکی دەڵێ؛ کوردەکان سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن، لەوانەیە ئازادئەندێشترین و ڕۆشنبیرترین نەتەوەی موسڵمان بن.

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# شۆڕبوونەوەیەکی نەوسانە بە نێو لیستی نرخی خواردەمەنیاندا

دونیای دیجیتاڵ، دونیایەکی شیرینە، بەڵام بە داخەوە پاژی دووەمی وشەی "دیجیتاڵ" تاڵێکی سەیرە. لە کاتێکدا داواتان لێ دەکەم لە مانای وشەی تاڵدا بە لاڕێدا مەڕۆن و وامەزانن مەبەست تامی تاڵە، ئەو تامەی ڕێک دەکەوێتە هەمبەر تامی شیرین. زانایانی زیندەوەرناس کاتێک لە زانستی خۆیاندا باس لە چێژتنی تامان دەکەن، دەڵێن زمان بۆ چێژوەرگرتن لە تامی خواردەمەنیان بەسەر چەند بەشاندا دابەش کراوە. هەستکردن بە تامی تاڵ ئەرکی بەشی کۆتایی زمانە و ئەم بەشەش دەکەوێتە بەشی ئاخری نێودەم و لە قوڕگەوە نزیکە. هەر لەبەر ئەمەشە فڕێدانەوەی تامەکە دوای هەستپێکردن، ئەوەندە سانا نییە و دەتخانە کۆکە و ئاو لە چاوان هێنان و عەیب نەبێت ئێوەش وەک باب و برامن و دەکرێت بڵێم ڕەنگە تفکردنەوەی تامی تاڵ و کۆکەی هاوڕێی، هەموو کون و کەلەبەری لەشمان بەدەنگ بهێنن

ئەگەر دەتانەوێ ڕاستی لەم دەمەی منەوە ببیستن، لە سەرەتادا هیچ مەبەستم ئەمە نەبوو باسی تامی تاڵ بکەم و ئەم دیجیتاڵ و میجیتاڵە تووشی ئەم بەلاڕێداچوونەی کردم. هەر بۆیە دەڵێم یاڕەبی هیچکامتان لەسەر دونیای دیجیتاڵدا بە سەر ڕۆژی تاڵدا نەکەون. بەڵام من بەسەر ئەم ڕۆژە تاڵەدا کەوتم.

کاتێک دەستحەقی مانگانەی خۆمم بەم دۆلارە پیسەوە بەراورد دەکرد، دوای ئەوەی زانیم ئەمریکا دۆلارەکەی زۆر گران کردووە و من بەم مووچەی مانگانەیەم بە هەزار زەحمەت دەتوانم دوو سەد دۆلار بکڕم، تێر تێر بە ڕیشی ئەمریکا پێکەنیم و زۆر لام سەیر بوو، باشە ئەگەر ئەم دۆلارە هەر ئاوا گران بێت، بڵێی هەموو بە ملی ئەمریکادا نەمێنێتەوە؟ ئاخری هاتمە سەر ئەوەی لەم دونیا دیجیتاڵەدا چاوێک بە لیستی نرخی پێداویستییاندا بخشێنم. دونیای دیجیتاڵ وای کردووە ناچار نەبین سەر بە دووکاناندا بکەین و بێئەوەی هیچ بکڕین، لە کابرای دووکاندار بکەوینە پرسیاران و لێکدا لێکدا نرخی شتومەکی نێو دووکانەکە بپرسین و هیچیش نەکڕین. هەر لەبەر ئەمەشە وەرن با بەیەکەوە سەیرێکی لیستەی نرخی شتومەک و پێداویستی سەر دونیای دیجیتاڵ بکەین و ئەویان بۆ ئێمە هیچی تێناچێت و کابرای دووکانداریش خۆمان لێ مۆڕ ناکاتەوە.

کاتێک سەیری ئەم لیستە دەکەی، لەوانەیە سەرەتا وا بزانی لە سەیری خشتەی کڕین و فرۆشتنی پشکەکانی بۆرسەی، نەک نرخی پیواز و تەماتە! هەر شتێک بە کیلۆ و بە دانە و یەکەیەکی تایبەتەوە نرخی خۆی بۆ دانراوە و بەردەوامیش بە خێرایی فڕینی باڵندە هەواڵی بەرزبوونەوەی دەفڕێت. چاوخشاندنێک بەم لیستەدا دەکرێت بەیانیان بکرێتە وەرزشی مێشک. وەرزشێکی لەم جۆرە ئەوەندە مێشک دەجووڵێنێت، ڕەنگە باشترین ڕێگەچارەی پێشگرتن لە نەخۆشیی فەرامۆشی بێت. با بزانین دەتوانین هەتا کۆتایی لەم لیستە دوور و درێژەی کەرەستەی خواردەمەنی بڕوانین؟

مریشک: ئەو باڵندە ئەفسانەییەی ئیتر تەنها لە چیرۆکەکاندا ناوی دەبیسین. لەم لیستەدا مریشک وەک گەنجینەیەکی نیشتمانی چاوی لێ دەکرێت. نرخی یەک مریشک وەک نرخی تابلۆیەکی دەگمەنی لێ هاتووە و تەنیا دەوڵەمەندان توانای کڕینیان هەیە. ئەگەر تەرمی پیرۆزی مریشک بەمجۆرە لە ماڵان دوور کەوێتەوە، دەکرێت وەک دایناسۆڕ بە نەوەی داهاتووی بناسێنن.

کاتێک سەیری نرخی هێلکە دەکەی، لەوانەیە وا بزانی هێلکە پارچەیەک زێڕی هەژدە عەیاری لەنێو سکیدا شاردۆتەوە. نرخی برنجیش وادەکات لەماڵەوە داوای چێشتی برنج نەکەین. هیچ بەدووری مەزانن کابان بڵێت مارەیی من پارەی نیو کیلۆ برنجە و هەر ئێستاش مارەییەکەمم دەوێت. ئەوجارە وەرن شین بۆ ئەو پیاوانە بگێڕن مارەیی هاوسەریان ئەو لیرە زەردانەن وێنەی شا و مەلایان لەسەرە.

خۆزگە هەرگیز لەنێو لیستی دونیای دیجیتاڵی خواردەمەنیاندا سەیری نرخی ڕۆنمان نەکردبایە. هەر بە دیتنی ئەم وشە سێ پیتییە، بەپەلە بە نێو ژیانی ڕابردوودا دەگەڕێیەوە. قرچەقرچی ڕۆن لە سەر ئاگر، بۆنی ڕۆن و پیاز، چۆڕانەوەی ڕۆن لەو پاروە برنجانەی بەرەو دەممان سەر دەکەوتن. دڵۆپینەوەی ڕۆن لە پشکە گۆشتی نێو مەنجەڵی پڕ پڕ لە قاورمە و.... خۆزگە لەم ئاخرەدا ناوی گۆشتیش بە دەمماندا نەهاتبایە.

کاتێک چاوان شۆڕ دەکەینەوە، نرخی هەموو جۆرە گۆشتێکیش لە خوارەوەی لیستە دیجیتاڵییەکەی بەردەستمان‌دایە. ویستمان خۆمانی لێ ببوێرین و بەلایدا نەڕۆین، بەڵام چاوە و هیچی لەگەڵدا ناکرێت؟ چاو بازە و ناگیرێت. بازە، باز. مەبەست لە بازیش بازی فارسی بە مانای کراوە نییە. باز باڵندەیەکی ئەفسانییە و دەڵێن لەسەر هەر چییەک بنیشێت، خەنیی دەکات. جا چاوی وەک بازیش بەردەوام لە فڕین دایە و ناتوانێت بەسەر گۆشتدا نەفڕێت و خوێ لێ ببوێرێت. باز دەعبایەکی گۆشتخۆڕیشە، بۆیە دەندوکی خوارە. کوا ئەو چاوە پێشی دەگیرێت و کێ دەتوانێت لە دیتنی گۆشت پاشگەزی کاتەوە؟ چۆن دەکرێت پێش بەم بازە بگری و نەهێڵی لەسەر ڕان و سینگ و زەند و مازەپشت و شان و پەراسوو بنیشێتەوە؟ ئەم بەشانەی گۆشتیش هەر بە دەم ئاسانە ناویان بهێنی و نرخی ئەوانیش بووەتە باز و بەردەوام بەرەو بەرزایی دەفڕێت.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 908 6 December 2025

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4

## ناساندنی دوو بەرهەمی:

# ”لە نێوان ڕاستی و چەواشەکاریدا (١٩٤٨–١٩٤٧)“ و “دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتیدا (ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٦٠)







دوو کتێبی بەڵگەنامەیی لە نووسین و وەرگێڕانی د.کامران ئەمین ئاوە بە ناوی «لە نێوان ڕاستی و چەواشەکاریدا (١٩٤٨-١٩٤٧)» (بەسەرهاتی کوردانی کۆچبەری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی) و «دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتیدا (ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٦٠)»، لە ساڵی ٢٠٢٥ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەولێر، چاپ بوون و لە لایەن ماڵی وەفایی بڵاو بوونەتەوە. ئەم دوو کتێبە ٢٩ بەڵگەی مێژوویی لە خۆ دەگرن و بە گشتی تیشک دەخەن سەر ژیان و بە سەرهاتی دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ هەتا ١٩٦٠ لە یەکیەتیی سۆڤیەتی، هەروەها بەشێک لە هەوڵی لاوە شۆڕشگێڕە دێموکراتەکانی کوردستان پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان بۆ بووژاندنەوەی چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باوەڕ و هیوای ئەوان بە یارمەتی برایانەی یەکیەتی سۆڤییەتی، «ژێنێرالیسم ستالین» و «میر جەعفەر باقرۆڤ».

کتێبی «لە نێوان ڕاستی و چەواشەکاریدا (١٩٤٨-١٩٤٧)» بە پێی بەڵگەنامەکانی ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤییەتی و چەند کتێبی مێژوویی و بەڵگەنامەیی مێژووناسان و کەسایەتییەکانی یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو تیشک دەخاتە سەر بەشێک لە لایەنە شاراوەکانی ژیانی سیاسیی کوردەکانی پەنابەر لە یەکیەتی سۆڤییەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ واتە لە کاتی هاتنی بارزانییەکان بۆ ئازەربایجان هەتا ناردنیان بۆ ئۆزبەکستان. لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە بەپێی ئەم بەڵگانە، هەروەها کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان باسی شێوەی وەرگیران و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروبار و ژیانی پەنابەری سیاسیی لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە باکۆ و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری و کارو چالاکی کۆمیتەی کورد لە ئازەربایجانی سۆڤییەتی، سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی لە پێوەندی لەگەڵ کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هۆی ناردنی بارزانییەکان بۆ ئۆزبەکستان بکرێ، هەروەها وڵامی بەشێک لەو بوختان، تۆمەت و تاوانانەی بدرێتەوە کە بە شێوەیەکی ناڕەوا و بێ بوونی بەڵگەیەکی جێ متمانە تەنیا بە هۆی ناتەبایی سیاسی، ململانێی فیکری و ڕێکخراوەیی، هەروەها کێشەی شەخسی و هتد وەپاڵ بەشێک لە دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئازەربایجان سۆڤییەتی دراون. لە سەرەتایی کتێبەکەدا لەم پێوەندییەدا نووسراوە:» مێژوو ئەو بە سەرهاتەیە کە دوور لە ویست، ئاوات، بۆچون و لیکدانەوەی ئیمە ڕووی داوە و بۆ کەسانی بەرپرس ڕەوا نییە بە مەیلی خۆیان چەواشەی بکەن و شتێکی نوێ و دوور لە ڕاستیی لێ داتاشن.

یەک لە هەرە خاڵە گرینگەکانی مێژوونووسین، ئاماژە کردن بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هتد بە پێی بەڵگە و سەلماندنی لۆژیکی ڕاستییەکانە. مخابن، زۆر جار ناکۆکیی یان بەرژوەندیی تاکی و حیزبی، زاڵبوونی قین یان خۆشەویستی، تەنانەت نەدیتن یان ئاگادار نەبوون لە هەموو ڕەهەند و بوارەکانی ڕووداوێک، کاریگەریی هەیە لە نووسین، ئاکامبەندی و داوەریکردنی نووسەر.»

نووسەر لە کۆتایی کۆبەندیی کتێبەکەدا ئاماژە دەکات: «... ئەرکی ڕووناکبیر، ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگیی پێشکەوتنخوازانە، هەوڵدانە بۆ ناساندن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شێوازی ڕەخنەگرتنی بنیاتنەر، نەک بۆ دوژمنایەتی و سووک و چرووک نیشاندانی ڕەخنە لێگیراو.

بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە، پێویستە بۆ ناسین و چارەسەرکردنی ناتەباییەکان لە ئامرازی ڕەخنە، هەر وەکوو مارکس بە دروستی وەک «چەکی ڕەخنە« ناوی دەبا، کەڵک وەربگیری. ئەو ڕەخنەیەی کە بە سوود نەبێ لە گەوهەری خۆیدا دەتوانێ ڕووخێنەر و زیانبار بێ. لە وڵاتێکدا کە فەرهەنگی ڕەخنەگرتن باو نەبێ و مرۆڤ نەتوانێ ژیربێژانە و ڕاستەوخۆ بیروڕای خۆی دەرببڕێ، ناتوانێ لە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا ڕێگای خۆی بەرەو ژیانێکی هێمنانە و ئەمڕۆیی بدۆزێتەوە.»

کتێبی»دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتیدا»(ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٦٠)» بە پێی شوێن و زەمەنی ڕووداوەکان کراوەتە دوو بەش. بەشی یەکی بەڵگەکان برگەیەکی بەرچاو لە مێژووی گەلی کورد پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و هەوڵی لاوە شۆڕشگێر و چەپە بێئەزموونەکانی کوردستان لە بواری کاروباری ڕێکخراوەیی و بە تایبەتی هەوڵەکانی نەمر ڕەحیم سوڵتانیان بە ناوی حیزبی نهێنی دێموکراتی کوردستان «حیزبی ژیانی کورد»، «حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان و کوردستان» بۆ پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ بووژاندنەوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتە خۆ

بەشی دووی بەڵگەنامەکان بڕگەیەکی دیکە لە ژیان و چالاکیی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆ دەگرێ کە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بە ناچار لە یەکیەتی سۆڤیەتی مانەوە و هەوڵیان دا لە تاراوگە، بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قازانجی بزووتنەوەی کورد چالاکی بکەن. لەم بەشەدا بەڵگەنامەی پێوەندییدار بە «هەوڵەکانی یەکیەتی سۆڤییەتی و حیزبی تودەی ئێران بۆ پێکهێنانی حیزبی یەکگرتووی مارکسیستی کرێکاری لە ئێران و ئەو کێشە و پرسانەی کە دەستەی نووسەرانی»ڕۆژنامەی کوردستان» لە باکۆش لە خۆ دەگرتەوە، بەشێک لە کێشەکانی نێو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە کوردەئەندامەکانی ڕێبەریی ئەم ڕێکخراوەیەی دەگرتەوە، هەوڵی نەمر ئەحمەد تۆفیق بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی لە ڕێگای د. ڕەحیمی قازییەوە و هتد دەبیندرێ کە دەتوانێ لە باری مێژووییەوە گەلێک سەرنجراکێش بن.

بە گشتی ئەم بەڵگانە نیشان دەدەن کە «کوردەکانی دانیشتووی یەکیەتی سۆڤیەتی بە هیوا بوون بەڵکوو بتوانن لەم وڵاتە وەک یەکێک لە زلهێزەکانی سەرەکی جیهان کە شوێنی هیوای گەلە چەوساوەکانی جیهان بوو، بۆ قازانجی گەلی کورد کەڵک وەربگرن. هەموو هەوڵ و چالاکی ئەوان لە پێناوی پێکهێنانی دەرفەتێک بۆ بە ڕۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە ئاستێکی بەرفراوان و بە قازانجی گەلی کورد بوو.»

## بەر لە ماڵاوایی

# دەرمانی نەخۆشیی ئابووریی ئێران مەرگی کۆماری ئیسلامییە



سولێمان تاشان

بەشێکی گرینگ لە پێگە و شکۆی ئابووریی وڵاتان بە دراوە فەرمییەکەیان گرێ دراوە، بەرزی و نزمیی نرخەکەی بەرامبەر بە دراوی دەرەکی بەتایبەتی دۆلار و یۆرۆ، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ژیان و بژێوی و ئاستی گوزەرانی دانیشتووانی وڵاتەکە هەیە. جێگیری یان بەرزبوونی بەهای دراوی فەرمی بناغەیەکی پتەو و پاڵپشتییەکی گەرمە بۆ ئابووری وڵاتەکە و گەشەی ئابووریش لە ڕوانگەی زۆربەی ئابووریناسانی کۆن و سەردەم پاڵنەر و فاکتەرێکی بەهێزە بۆ گەشەسەندنی وڵاتەکە لە سەرجەم بوارەکان.

ماوەیەکە بەهای تمەن خێراتر لە جاران ڕووی لە لێژی کردووە و هیچ ڕۆژێک نییە دراوەکە ژمارەی پێوانەیی لە مێژوودا نەشکێنێت و نرخەکەی وەک گەڵای پاییز هەڵنەوەرێت، تەواوی ئەو ڕێکارانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرزکردنەوەی بەهای دراو و دۆزینەوەی چارەسەریی ئەو قەیرانە ئابوورییەی بەربینگی وڵاتی گرتووە خستویانەتەڕوو شکستیان هێناوە و هۆکارە هەرە سەرەکییەکەش ئەوەیە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە بە خواری هێنراوە و بەو سیستەمە ڕاست ناکرێتەوە.

کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا ترووسکەیەکی هیوا هەبوو بەڵکوو دۆخی ئابووری باشتر ببێت و خەڵک ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکرێت، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی دید و ڕوانگەی ڕێژیمەکە بۆ ئابووری و گەشەسەندن و بنەماکانی پێشکەوتن و تیۆرییەکەی خومەینی سەبارەت بە ئابووری، هەر زوو ئاسۆیەکەشی بەدیار کەوت. کاتێک لە ئێران شۆڕش کرا دۆلارێک بە حەوت تمەن بوو و هەر لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕش بەهاکەی گەیشتە ١٠ تمەن و تمەن بە ڕێژەی ٣٠٪ بێبەها بوو و بەمەش هەر زوو نیشانەکانی پاشەکشە دەرکەوتن و سەلمێنرا ئەوانەی لەسەر تەختی نوێی دەسەڵات دانیشتوون چەندە ناکارامە و ناشارەزان، ئایدۆلۆژیی مەزهەبییان بەسەر هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی پێوەندیدار بە گەشەسەندن زاڵ کرد.

لە دەیەی ٧٠ی هەتاوییەوە بەهای تمەن خێراتر لە جاران دابەزی و گەیشتە ٣٠٠ تمەن و بەراورد بە سەرەتای شۆڕش نرخی دۆلار ٣٠ هێندە بەرامبەر دراوی ئێرانی گەشەی کرد. لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ی هەتاوی گەیشتە هەزار تمەن و لە نێوەڕاستی دەیەی ٩٠ی هەتاوی/٢٠١٥ی زایینی نرخی هەر دۆلارێک گەیشتە سێ هەزار تمەن و ئێستاش لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بە ١٢٠ هەزار تمەن دەفرۆشرێت. تەنیا لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا تمەن بەرامبەر دۆلار ٤٠ هێندە بێبەها بووە و ئەگەر جیاوازییەکە بە سەرەتای شۆڕش لێک بدەینەوە دەگاتە ١٢ هەزار هێندە.

با زۆر دوور نەڕۆین و سەیری گۆڕانکارییەکانی نرخ تەنیا لە یەک ساڵی ڕابردوو بکەین کە نرخی دۆلار بە ٦٠ هەزار تمەن بوو، کەچی ئێستا دوای ساڵێک ڕێک بەهاکەی بۆ نیوە دابەزیوە. هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی دەبێت داهاتی ئەمساڵی لەچاو ساڵی ڕابردوو ١٠٠٪ یان دوو هێندە زیادی کردبێت ئەوجا وەک پارساڵ دەژیت، بەڵام هەمووان دەزانن داهاتی خێزان لەچاو ساڵی ڕابردوو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

بەگوێرەی نوێترین ئاماری فەرمانگەی ئاماری ئێران، ڕێژەی هەڵاوسان لەو وڵاتەدا بۆ مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە چاو هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو گەیشتە ٥٠٪. ئەو ئامارە نوێیە بەو واتایە دێت هەر خێزانێکی ئێرانی لەم مانگەدا، بە ڕێژەی ٥٠٪ زیاتر لە ساڵی ڕابردووی بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان خەرج کردووە. هەڵاوسانی مانگەکە بەراورد بە مانگێک پێشتر بریتی بووە لە ٣.٤٪ و خێزانە ئێرانییەکان دەبێت بە هەمان ڕێژە زیاتر خەرج بکەن بۆ ئەوەی هەمان پێداویستی مانگێک پێشتریان دەست بکەوێت. یەکێک لە چارەسەرییە هەرە سەرەکییەکانی حکوومەتی ئێران کە دەستی بۆ بردووە و کورتهێنانی بودجەی پێ پڕ کردۆتەوە و مانگانە مووچەی کارمەندانی پێ دابین کردووە بریتی بووە لە چاپکردنی دراوی زیاتر و گەورەترکردنی قەبارەی نەختینەیی.

بەپێی ئامارەکانی ئێران تەنیا لە ساڵی ١٣٩٧ تا ساڵی ١٤٠١ قەبارەی نەختینەیی سێ هێندە زیاد کراوە و لەم ساڵانەی دواییشدا قەبارەکە چەندین هێندەی دیکە بەرز کراوەتەوە. ماوەی ڕابردوو بانکی ناوەندیی ئێران قەبارەی نەختینەیی تا کۆتایی ساڵی ١٤٠٣ی بە ١٠ هەزار و ١٦٥ تریلیۆن تمەن ڕاگەیاند کە لەچاو ساڵی ١٤٠٢ سەرووی ٢٩٪ زیادی کردبوو.

دابەزاندنی بەهای تمەن بێبەزەییانەترین باجە کە حکوومەت سوودی لێ وەرگرتووە و ڕاستەوخۆ لە گیرفانی خەڵک دەریدەهێنێت و سفرەی خەڵکی پێ بچووک دەکاتەوە بۆ ئەوەی کورتهێنانی پێ پڕ بکاتەوە. کاتێک تمەن دادەبەزێت خەرجییەکانی هاوردە و پێداویستییە سەرەکییەکان بەرز دەبنەوە و دەبنە هۆی هەڵاوسانی زیاتر. جگە لە هاووڵاتیی ئاسایی، بەرهەمهێنەریش سەری لێشێواوە نازانێت تەنانەت پلانی بەرهەمهێنان بۆ ماوەی کورتخایەن دابڕێژێت. نازانێت ئەو کەرەستە خاوەی بەدەستی دەگات، سبەی چی بەسەر دێت و بە چ نرخێکی بەرزتر دابینی بکات و ئەوەش وای لێ دەکات لە وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان سارد ببێتەوە و هەوڵی ڕاکێشانی سەرمایەکەی بدات و لە ترسی فەوتان بیگوازێتەوە دەرەوەی وڵات یان لە ناوخۆ بە کاڵایەکی دیکەی بگۆڕێت.

جگە لەمە سێبەری جەنگ، بێمتمانەیی بە دەسەڵات، کورتهێنانی بودجە و نەبوونی متمانەی بازاڕ، کێشانەوەی پارە لە بانکەکان لەلایەن هاووڵاتییان، بردنەدەرەوەی سەرمایە، نەبوونی دۆلاری پێویست لای بانکی ناوەندی بۆ مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕ و زاڵبوونی حکوومەت بەسەر سیاسەتە داراییەکان، لەپاڵ ناکارامەیی و نوقمبوونی دەسەڵات لە کێشەی نێوخۆیی و ناکۆکی و سەرلێشێواوی بەڕێوەبەران، سزا نێودەوڵەتییەکان و داخرانی پێوەندیی ئابوریی لەگەڵ وڵاتان هۆکارگەلێکن کاریگەریی نەرێنییان لەسەر سەرجەم پێنوێنەکانی ئابووری و ژیان بەتایبەتی بەهای تمەن هەبووە.

ئابووریی ئێران بە تەواوی داتەپیوە، ئاتاری بەسەر پاتاریەوە نەماوە و هیچ ڕێکارێک، بڕیارێک، هەوڵدانێک و تەنانەت ڕێگەچارەی حەکیمانە ناتوانێت لە چوارچێوەی سیستەمی گەنیودا فریای بکەوێت و لەم قەیرانە ڕزگاری بکات. قەیرانەکە تا ئەم ساتە کە قسەی لەسەر دەکەین لێلێیە و هێشتا لۆلۆی ماوە، هەمووی دوو مانگە سزا نێودەوڵەتییەکان گەڕێندراونەتەوە و کۆماری ئیسلامی لە ڕووی سیاسی، پێگەی جەماوەری، دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، پێوەندییە دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەکان، بەرهەمهێنان، هەناردە لە خراپترین دۆخی مێژوویی خۆیدایە و ئاستەمە بتوانێت هەنگاوێک بۆ باشترکردنی دۆخەکە بنێت.

دۆخەکە وەک ئەوە وایە کەسێک لە یەک کاتدا نەخۆشییەکانی دڵ، هەناسە، جەرگ و گورچیلەی بەیەکەوە هەبێت و پێشتریش پزیشکان هەبوونی تۆمۆرێکی شێرپەنجەییان لە نزیک مێشک پێ وتبێت. چارەسەری لەم کاتەدا جگە لە مەرگ هیچ شتێکی دیکە نییە و هیچ پزیشک و حەکیمێک ناتوانێت ئەو هەمووە نەخۆشییە بەیەکەوە چارەسەر بکات.